IX ٩نیشانەکان زنجیرەی دە هەنگاوی سەرەتا

Believe. What Should I Know?
by Mike McKinley



# باوەڕ

## پێویستە چی بزانم؟

مایک ماکنیلی

سەرنوسەری زنجیرە کتێب: مێز ماکونیل

وەرگێڕانی
چیاکۆ قادر

# باوەڕ

## پێویستە چی بزانم؟

نووسینی:

مایک ماکنیلی

سەرنووسەری زنجیرە کتێب:

مێز ماکونیل

وەرگێڕانی:

چیاکۆ قادر

Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, PanckCity 16

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە:
Originally published in English under the title:
Believe.
What Should I Know?
All rights reserved.
9Marks ISBN: 978-1-958168-50-9
© 2019 by Mike McKinley.

Kurdish Edition Copyright 2021 by Hand of Help, all rights reserved. Without prior permission of the publisher, no portion of this book may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means-electronic, mechanical, photocopy, recording, or any other - except for brief quotations in printed reviews.

هەمــوو مافەکانــی وەرگێڕانــی چاپــی کوردیــی ٢٠٢١ی ئــەم بەرهەمــە لــە لایــەن ڕێکخــراوی "هانــد ئــۆف هێڵــپ"ەوە پارێــزراوە. هیــچ بەشــێکی ئــەم بڵاوکراوەیــە بەبــێ ئاگادارکردنــەوەی پێشــوەختی نووســەر ناکرێــت چــاپ بکرێــت، یــان بــە شــێوەی ئەلیکترۆنــی، فۆتۆکۆپــی، تۆمــاری دەنگــی ببەخشرێــت، مەگــەر ئــەوەی کــە تەنهــا دەقــی کورتــی لــێ وەربگیردرێــت و ئامــاژە بــە نــاوی بەرهــەم و نووســەر بکرێــت.

- ناوی کتێب: باوەڕ. پێویستە چی بزانم؟
- نووسەر: مایک ماکنیلی
- وەرگێڕانی: چیاکۆ قادر
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٢
- چاپخانە:
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمــارەی ســپاردن: لــە بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی کتێبخانــە گشــتییەکان ژمــارەی ســپاردنی (٨٠٦)ی ســاڵی ٢٠٢٢ی پێــدراوە.

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

# ناوەڕۆک

لاپەڕە

پێشەکی ............................................................................... ١
پێشەکی زنجیرە کتێب.................................................................. ٢
ڕێنمایی بەکارهێنەر ................................................................. ٣
ساموئێل بناسە ..................................................................... ٥
١- خودا کێیە؟ ........................................................................ ٧
٢- خودای کوڕ کێیە؟ ............................................................... ١٥
٣- خودای ڕۆحی پیرۆز کێیە؟ ................................................... ٢٤
٤- جیهانی ڕۆح: فریشتە و ڕۆحە پیسەکان .................................. ٣٣
٥- بەدیهێنان و کەوتن ............................................................... ٤٣
٦- کەفارەت و بژاردە ............................................................... ٥٢
٧- پیرۆزکردن و خۆڕاگری ........................................................ ٦١
٨- ئاسمان و دۆزەخ .................................................................. ٧٠
٩- گەڕانەوەی عیسا ................................................................. ٨٠

# پێشەکی

لە ڕاستیدا هەتا تەمەنم نەگەیشتبووە نزیکەی دە ساڵی زۆر ن چوبوومە کڵێسا، دایک و باوکم لە تەمەنی هەرزەکارییاندا خێزانەکامانیان دروستکردبوو، دەبووا زۆر ماندووبن بۆ ئەوەی وامان لێ بکەن لە ئاستێکی ژیانی مام ناوەندی چینی کرێکاری جێگیر بین. بەڵام ئێمە لە شوێنێکدا دەژیاین زۆربەی خەڵکەکەی ئەوێ دەوڵەمەند بوون. هەموو ئەوانەی کڵێسا سەرکەوتوو دیاربوون، وا دیاربوو ژیانێکی تەواویان هەیە، هەرچەندە (ئێستا دەزانم ئەمە تەنها ڕووکەش بووە، وە دەوڵەمەندەکانیش کێشەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوکات ئەمەم نەدەزانی). بەڵام وەک منداڵێک لەلام ڕوون نەبوو کەوا ئایا ئەو خەڵکانەی دەوڵەمەند نین دەکرێت شوێنی عیسا بکەون یان نا. کڵێسا چی هەیە بەو کەسانەی بڵێت کەوا تێدەکۆشن بۆ ئەوەی پێداویستی ڕۆژانەیان دابین بکەن؟

لە کاتی گەنجییێتی بووم بە باوەڕدار، وە ئێستا وەک شوانی کڵێسا خزمەت دەکەم. ئەو گەڕەکەی ئێستا لێی دەژیم پڕە لە کەسانی هەژار -زۆریان بە شێوەیەکی نایاسایی لەم وڵاتەدان و بە زەحمەت پێویستییەکانیان دابین دەکەن. ئەو خەڵکانە پێویستی زۆریان هەیە، بەڵام سەرباری پێویستیان بۆ خواردن و چاودێری تەندروستی و فێربوون، پێویستان بەوەیە خودا بناسن –خودا ئەو کێیە و چی گوتووە لە بارەی ئەوان و ژیانیان. نوێژم بۆ ئەوەیە ئەم کتێبە بچووکە یارمەتییان بدات (وە یارمەتی تۆش بدات) بۆ ناسینی خودا بە شێوەیەکی باشتر.

**مایک ماکنیلی**

**شوانی کڵێسای ستیرلنج بارکی لەئاوهەڵکێشی**

# پێشەکی زنجیرە کتێب

زنجیـرەی دە هەنـگاوی سـەرەتا یارمـەتی ئامادەکـردنی ئەوانـە دەدات کـە لـە پێشـینەیی ئایینـی دیکـەوە هاتـوون و لـە منداڵییـەوە لـە کڵێسـا ئامـادە نەبـوون بـۆ ئـەوەی یەکەمیـن هەنگاویـان بنێـن لـە شـوێنکەوتنی عیسـا. ئەمـە ناودەنێیـن بـە (ڕێـگا بـەرەو خزمـەت)، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە باوەڕمـان وایـە کـە هەمـوو باوەڕدارێـک دەبێـت ئامادەبکرێـت بـۆ ئـەوەی ببێتـە خزمەتکاری عیسا و کڵێساکەی سەرەرای پێشینە و ئەزموونی ڕابردووی لە ژیان.

ئەگـەر ڕابـەر بیـت لـە کڵێسـا و لـە شـوێنێکی سـەختدا خزمـەت دەکەیـت، ئـەم کتێبـە وەک ئامرازێـک بەکاربهێنـە بـۆ ئـەوەی یارمەتیـت بـدات لـە گەشـەپێدانی ئەوانـەی ئاشـنانین بـە فێرکردنەکانـی عیسـا بـۆ ئـەوەی بیانکەیـت بـە قوتابـی نـوێ. ئـەم کتێبـە ئامادەیان دەکات بۆ ئەوەی گەشە بکەن لە کەسایەتی و زانین و کار.

یـان ئەگـەر تـۆ خـۆت نوێیـت لـە بـاوەڕ بـە مەسـیح، وە هێشـتا تێدەکۆشـیت بـۆ ئەوەی لـە واتـای ئـەوە تێبگەیـت کـە کەسـێک بـاوەڕدار بێـت بـە مەسـیح، یـان بەڕاسـتی کتێبـی پیـرۆز چـی دەڵێـت، ئـەوا ئەمـە بەڵگەیەکـی ئاسـانی تێگەیشـتنە بـۆ تـۆ کاتێـک وەک شوێنکەوتەیەکی عیسا یەکەمین هەنگاوەکانت دەنێیت.

زۆر ڕێگا هەیە کە دەتوانیت ئەم کتێبەی تێدا بەکاربهێنیت:

- دەتوانرێـت بەکاربهێندرێـت لەلایـەن یـەک کەسـەوە کـە بـە ئاسـانی ناوەڕۆکەکـەی دەخوێنێتـەوە و بـە تەنهـا وەڵامـی پرسـیارەکان دەداتـەوە.
- دەتوانرێـت بەکاربهێنرێـت لـە شـێوەی چاوپێکەوتنـی دوو کـەس، کـە هەردوکیـان بابەتـە نوسراوەکـە دەخوێننـەوە پێـش ئـەوەی چاویـان بـە یەکـتر بکەوێـت و ئینجـا پێکـەوە گفتوگـۆ بکـەن سـەبارەت بـە پرسـیارەکان.
- هەروەهـا دەتوانرێـت بـەکار بهێنرێـت بـە شـێوازی گـروپ کـە ڕابـەر بابەتەکـە لـە شـێوەی قسـەکردن یـان ئامـۆژگاری پێشـکەش دەکات، وە لـە خاڵـی دیاریکـراودا ڕادەوەسـتێت بـۆ ئـەوەی لەنـاو گروپەکـەدا گفتوگـۆ بکرێـت.

ئامادەکاریت باشترین ڕێگا دیاری دەکات بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێنوێنییە.

# ڕێنمایی بەکارهێنەر

لە کاتێکدا ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە تووشی ئەم هێمایانەی خوارەوە دەبیت...



**سامۆئێل**- لە خاڵی دیاریکراودا لە هەر بەشێکدا تووشی سامۆئێل دەبیت و شتێک لەبارەی چیرۆک و سەرگوزەشتەیەکی ژیانی ئەو دەبیستیت. دەمانەوێت ئەوەی لە کتێبی پیرۆزەوە فێردەبیت ببیەیت و ئەو جیاوازییە دەربخەیت کە ڕەنگە دروستی بکات لەوەی لە ژیانی سامۆئێل فێری بوویت. لەبەر ئەوە هەرکاتێک ئەم ئاماژەیە دەبینیت زیاترت گوێ لێ دەبێت لە چیرۆکی ئەو.



**ڕوونکردنەوە**- لە ڕێگای نموونە و سیناریۆی وەرگیراو لە ژیانی ڕاستەقینەوە، ئەم بڕگانە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە خاڵی داواکراو و سەلماندن و ڕوونکردنەوەی.

**ڕاوەستە**- کاتێک دەگەینە خاڵێکی گرنگ یان قورس داوات لێ دەکەین ڕابوەستیت و هەندێک کات بەسەرببەیت لە بیرکردنەوە یان قسەکردن لەسەر ئەوەی لەو کاتەدا فێریبووین. ڕەنگە ئەمە وەڵامی هەندێک پرسیار بداتەوە، یان ڕەنگە ئەمە بمانبات بەرەو گوێگرتنی زیاتر لە چیرۆکی سامۆئێل.



**ئایەتی کلیل** – کتێبی پیرۆز وشەی خودایە بۆ ئێمە، وە پاشان وشەی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئێمە لە هەموو شتێکدا و لەوەی پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت و پێویستە لەسەرمان چی بکەین. وە پاشان دەمانەوێت سەرەتا کتێبی پیرۆز بخوێنینەوە، وە دەمانەوێت بە وردییەوە بیخوێنینەوە. لەبەر ئەوە هەرکات ئەم هێمایەت بینی پێویستە سێ جار گوێ لەم بڕگەیەی کتێبی پیرۆز بگریت یان بیخوێنیتەوە. ئەگەر ئەو کەسەی کتێبی پیرۆزی لەگەڵ دەخوێنیتەوە هەستی بە ئارامی کرد، وای لێبکە بەلانی کەم جارێکی دیکە ئەم بڕگەیە بخوێنێتەوە.

**ئایەت بۆ ئەزبەرکردن** - لە کۆتایی هەر بەشێکدا پێشنیار دەکەین بۆ ئەزبەرکردنی ئایەتێکی کتێبی پیرۆز. بۆمان دەرکەوتووە کەوا لە ژینگەکەماندا ئەزبەرکردنی ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز بەڕاستی شتێکی کاریگەرە. ئایەتەکە (یان ئایەتەکان) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو بابەتانەی لەم بەشەدا باسمان کردووە.

**پوختە** - هەروەها لە کۆتایی هەر بەشێکدا پوختەیەکی کورتمان داناوە بۆ پێکهاتەکانی ئەم بەشە. ئەگەر لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کتێبەکە دەخوێنیت، ڕەنگە سوودبەخش بێت بگەڕێیتەوە سەر ئەم پوختەیە لەو کاتەی چاوخشاندنەوەیەک دەکەیت بە بابەتەکانی هەفتەی ڕابردوو.

# ساموئێل بناسە

ساموئێل لە جیهانێکی پڕ لە توندوتیژی لەدایک بووە. لە شەقامەکانی ئەو گەڕەکەی کە تێیدا دەژی لە سان سلفادور، تەنها بەهێزترین کەس ڕزگاری دەبێت بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی پێگەیشتن. هەرگیز باوکی نەناسیوە، هەروەها نزیکەی هەموو ئەو گەنجانەی دەیناسین هەریەکەی چوبووە ناو یەکێک لە گروپە چەتەکانەوە تاوەکو پاراستن و هەستکردنی هەبێت بە هاوسۆزی. لە قۆناغی هەرزەکاری، مادەی هۆشبەری دەفرۆشت و هەڕەشەی لە بازرگانە ناوخۆییەکان دەکرد. وە لە چوارچێوەی کارەکەیدا، ژمارەیەک کەسی کوشتووە، بەڵکو جارێکیان خۆشی فیشەکێکی بەرکەوتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، وە سەرباری هەموو شتێک، ژیانی چەتەگەری شتێکی گونجاو و باش نەبوو لەلای ساموئێل. وە ڕقی لەو هەستە دەبۆوە کە لەپاش خواردنی مادەی بێهۆشکەر هەستی پێی دەکرد. وە کاتێک دەخەوت ڕوخساری ئەو کەسانەی کوشتبونی دەهاتنە بەرچاوی. دەیزانی خودا حوکمی دەدات لەسەر ئەو شتانەی کردوونی، بەڵام جگە لەو کارەی دەیکات نەیدەزانی چی دیکە بکات.

کاتێک پوری ناردی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکێک لە مامەکانی بژییێت، ساموئێل ویستی سەرەتایەکی نوێی هەبێت. هێندەی نەخایاند هەتا یەکێک لە مامۆستاکانی بانگهێشتی کرد بۆ ئەوەی بچێتە ناو کۆمەڵێکی گەنجان بۆ خوێندنی کتێبی پیرۆز لە کڵێساکەی. بە دڵنیاییەوە ڕازی بوو، وە لەوێ هەواڵی خۆشی ئەوەی بیست کە عیسا مرد بۆ ئەوەی گوناە و سزای هەرکەسێک لابدات کە پشتی پێ دەبەستێت. زەحمەت بوو کە ئەندێشەی ئەوە بکات دەکرێت خودا لەو شتە سامناکانەی خۆشبێت کە کردوویەتی، بەڵام لەدوای نزیکەی ساڵێک بوو بە شوێنکەوتەی عیسا.

# مەبەست چییە؟

## خودا لەوە زیاتر پیرۆز و خۆشەویستە
## کە ئەندێشەی دەکەین

# ١- خودا کێیه؟

## ساموئێل

ساموئێل ئێستا لە دەرەوەی قوتابخانە هەوڵ دەدات کارێکی «ڕێک» بکات. هەوڵ دەدات وەک کەسێکی باوەڕدار بە مەسیح گەشە بکات. لە هەمان کاتدا چەتەکانی گروپە کۆنەکەی کە وازی لێ هێنابوون بەردەوام لەلای بوون، لەنێوان کۆچبەرانی سلفادوری نیشتمانەکەی. هەندێکیان هاتنە لای بۆ ئەوەی بۆی ڕوون بکەنەوە کە دڵخۆش نین بە وازهێنانی لێیان. لە بارودۆخی سروشتیدا، تەنها ڕێگا بۆ دەرچوون لە گروپی چەتەکان مردنە، کەس ناچێتە دەرەوەی. هاوڕێ کۆنەکانی گاڵتەیان پێ دەکرد بە هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی پارە بە کارێکی سەرڕاستانە. هەندێک لە سەرکردەی چەتەکان هەڕەشەی قایلکەریان لێ دەکرد، وە ساموئێل دەستی کرد بە پرسیارکردن لەوەی داخوا کارەکە شایستەی ئەم هەمووەیە، بەڵکو هەروەها بیری لە خۆکوشتن کردەوە تەنها بۆ ئەوەی ئەم هەموو شتانە نەمێنن.

**ڕاوەستە**

بە ڕای تۆ چی وادەکات هەڵوێستی ساموئێل باشتر بێت؟ بۆچی دەکرێت گەڕانەوەی بۆ شێوازی ژیانی کۆنی فریودانێکی بەهێز بێت؟

## ڕونکردنەوە

کاتێک هەرزەکار بووم، کاتێک تێپەڕی کە گەنجێکی بەگێچەڵ لە گەڕەکەکەمان هەبوو و ژیانمی زەحمەت کردبوو. گەنجەکە قەبارەیەکی گەورە و سەخت بوو، نەمدەزانی چی بکەم لەبارەیەوە. بەڵام لەو کاتەدا برا گەورەکەم لە سوپا مۆڵەتی وەرگرت و هاتەوە ماڵەوە. ڕاهێنرابوو بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە یەکەی هێزی تایبەت. تەنها بە تەماشاکردن دەکرا مەزندەی ئەوە بکەیت کە ئەو لەو کەسانە نییە لەگەڵی تێبکەویت. کاتێک ئەو گەنجە بە گێچەڵە یەک جار تەماشای براکەمی کرد، جارێکی دیکە بێزاری نەکردمەوە. هیچ شتێک نەما نیگەرانم بکات، لەبەر ئەوەی بەهێزترین پیاو کە ناسیومە لەگەڵمە.

بەهەمان شێواز، ئەوەی ساموئێل پێویستە بیزانێت ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی ئەندامانی ئەم چەتانە بەهێز و توند دیارن، **بەڵام لە کۆتاییدا خودا بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێت.**

## تاکە پەروەردگار

**یەزدان ئەمە دەفەرموێت، بەدیهێنەری ئاسمان، ئەو خودایە، شێوەکێشی زەوی و دروستکەری،** (ئەو دایمەزراند. بەخۆڕایی بەدی نەهێنا، بەڵام بۆ نیشتەجێبوون شێوەی کێشا،) **دەفەرموێت: من یەزدانم و یەکێکی دیکە نییە.** (ئیشایا ٤٥: ١٨)

**خودامان لە ئاسمانە، هەرچی حەز بکات، دەیکات.** (زەبوورەکان ١١٥: ٣)

لەم دوو ئایەتەدا هەندێک شتی زۆر گرنگ دەبینین سەبارەت بە خودا:

- خودا قسە دەکات «لەبەر ئەوەی خودا دەفەرموێت». بە دەربڕینێکی دیکە، دەتوانین خودا بناسین. لەسەرمان نییە کە مەزەندەی بکەین ئەو چۆنە یان چی لێمان دەوێت. لە ڕاستیدا گرنگ نییە هەست بە چی دەکەین یان دەمانەوێت شێوەی خودا چۆن بێت؛ گرنگ ئەوەیە کە ئەو دەربارەی خۆی چی دەڵێت.
- ئەو بەدیهێنەرە. لە بەشی داهاتوو لەبارەی ئەمەوە زیاتر دەبینین، بەڵام لە ئێستادا پێویستە ئەوە ببینین کە خودا بەدیهێنەری ئاسمان و زەوی و هەموو ئەوانەیە کە تێیدا دەژین. بەوپێیەی بەدیهێنەرە، دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی بە هەر یەکێک و هەر شتێک بڵێت چۆن هەڵسوکەوت بکات.
- ئەو تاکە پەروەردگارە. خودا لەنێو کۆمەڵە ڕکابەردا باشترینە؛ بەڵکو ئەو خودایە و یەکێکی دیکەی جگە لەو نییە. لەسەرمان نییە لە هیچ خوداوەندێک بگەڕێین و داوای یارمەتی لێ بکەین، تەنها یەک بژاردەی ڕاست و دروست هەیە.
- ئەو زاڵە. ئەو هەر شتێک دەکات کە دەیەوێت بیکات و هیچ کەسێک ناتوانێت بیوەستێنێت. هەر کەسێک بەرهەڵستی و بێهیوایی ئەزموون دەکات، بەڵام خودا ئاوا نییە. ئەو توانای جێبەجێکردنی هەموو ئارەزووەکانی خۆی هەیە.

## ڕونکردنەوە

کاتێـک کەسـێک خێزانەکەمـان بانگهێشـت دەکات بـۆ ماڵەکـەی بـۆ خـوانی ئێـوارە، کاتێـک ئێمـە لـە ماڵـی هاوڕێکەمانیـن، هەمیشـە لەسـەرمانە کـە بیـری مناڵەکانمـان بخینەوە پێویسـتە پابەنـدی یاسـاکان بـن: پێڵاوەکانتـان لـەلای دەرگا دابکەنـن، هەڵـدانی تـۆپ لـە ناومـاڵ قەدەغەیـە، ئاگـر بەرمەدەنـە هیـچ شـتێک. تـەواوی ئـەم جیهانـە «ماڵـی» خودایـە، هەمـووی بـە تـەواوی موڵکـی ئـەوە! وە لـە ئەنجامـی ئـەوەدا، هەمووමـان ناچاریـن بەپێـی یاساکانی ئەو بژین.

## ڕاوەستە

لەبـارەی سـاموئێلەوە، وا دیـارە ئـەو کێشـەیەی لـە ژیانیـدا هەیـە زۆر گەورەیـە. ئەگـەر لـەوە تێگەیشـت کـە خـودا بەسـەر هەمـوو شـتێک و هەمـوو کەسـێکدا زاڵـە چـۆن دەتوانێـت هەسـت بـە جیـاوازی بـکات.

## خودا دادوەرێکی دادپەروەرە

**«مـن یەزدانـی پەروەردگارتانـم، خۆتـان تەرخـان بکـەن و پیـرۆز بـن، چونکـە مـن پیـرۆزم. خۆتـان بـە خشـۆکێک کـە لەسـەر زەوی دەخشـێت گڵاو مەکـەن»** (لێڤیـەکان ١١: ٤٤)

کاتێـک پـەروەردگار قسـە بـۆ گەلەکـەی دەکات، ئـەو بیریـان دەخاتـەوە کـە ئـەو پەروەردگاریانـە. هەروەهـا پێیـان ڕادەگەیەنێـت کـە خۆیـان بـە گەلێکـی جیـا و جیـاواز لـە نەتـەوەکانی دەوروپشـتیان دابنێـن (ئـەم بیرۆکەیەیـە لەپشـت وشـەی **پیـرۆز بـن**). بـەڵام ئـەوانی دیکـە بـا ئـەوە بکـەن کـە لەلایـان وادیـارە ڕاسـتە، بـەڵام گـەلی خـودا پێویسـتە لەسەریان پیرۆز بن. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خودا خۆی پیرۆزە.

کاتێـک دەڵێیـن خودا «پیـرۆزە»، ئەوا مەبەسـتمان ئەوەیە کـەوا لەڕووی هەڵسوکەوتەوە پاکـە. ڕەنگـە مـن و تـۆ مەیلـی کـردنی کاری هەڵـە بکەیـن، بـەڵام خـودا نایـکات. ئـەو ڕقـی لـە خراپـە و گونـاه و لادانـە. ئـەم پاکـە و هەمیشـە لـە هەمـوو هەڵوێسـتێکدا کاری ڕاسـت دەکات. لـە ئەنجامـی ئـەوەدا، پێویسـتە گەلـی خـودا لـەو بچـن. ڕێـک هـەروەک منداڵ لـە

دایـک و باوکیـان دەچـن، بـەم شـێوەیە دەبێـت لـەو باوکەمـان بچیـن کـە لـە ئاسـمانە. ئـەو پیـرۆزە، وە دەبێـت منداڵەکانیشـی وابـن (ئێمـەش!) پیرۆزیـن؛ بەهـۆی لێکچـونی نێـوان ئەندامـانی خێـزان. دەبێـت گونـاە سروشـتی بێـت بـۆ ئـەم جیهانـەی دەوروپشـتمان، بـەڵام نامۆیـە بـۆ گەلـی خـودا. لەبـارەی کەسـێک لـە دۆخـی سـاموئێل، ئەمـە واتـا ئـەو ناتوانێـت بگەڕێتەوە سەر شێوازی ژیانی کۆنی.

بەڵکـو ئەمـە شـیدەکاتەوە کـە بۆچـی هـاوڕێ کۆنـەکانی کـە چەتـە بـوون لـەم کاتـە قورسەدا ئەم شتانەیان دەکرد. لە نامەی یەکەمی پەترۆس دەخوێنینەوە:

> **«ئیـتر ئـەو کاتـەی لـە ئەنجامدانـی خواسـتی بێبـاوەڕان بەسـەرتان بـرد بەسـە، لـە بەڕەڵایـی، هەوەسـبازی، سەرخۆشـی، ڕابـواردن، ئاهەنگـی شـەرابخواردنەوە، بتپەرسـتیی قێـزەون. لەمـە سەرسـام دەبـن کـە لەگەڵیـان ڕاناکـەن بـۆ لافاوی هەمـان بەدڕەوشـتی و جنێوتـان پێدەدەن. بـەڵام ئەوانـە حیسـابی خۆیـان دەدەن بـەوەی کـە ئامادەیـە مـردووان و زینـدووان حوکـم بـدات»** (یەکـەم پەتـرۆس ٤: ٣ -٥).

دەتوانیـت ئـەو بارودۆخـە ببینیـت کـە پەتـرۆس ڕووبـەڕوی دەبـووەوە. بـاوەڕدارە نوێیەکان لەگـەڵ هـاوڕێ کۆنەکانیـان و شـێوازی ژیـانی کۆنیـان تێدەکۆشـن. لەوکاتـەدا، پێـش ئـەوەی ببنـە شـوێنکەوتووی عیسـا، هەمـوو ژیـان بریتـی بـوو لـە ئاهەنگـی خواردنـەوە و بەڕەڵایـی. بـەڵام پەتـرۆس دەڵێـت کـە ئـەو کاتـەی ئەمەیـان دەکـرد کۆتایـی هاتـووە. وە ئێسـتا ئـەوان گەلی خودان، پێویستە لەسەریان پیرۆزبن، نەگەڕێنەوە بۆ ئەم شێوازەی ژیان.

لـە ئەنجامـی ئەمـەدا، هاوڕێکانیـان دەبوونـە هـۆکاری کاتێکـی قـورس بۆیـان. ئایـا سـەیر نییـە کـە ببینیـن لـە مـاوەی ئـەو ٢٠٠٠ سـاڵەی کـە پەتـرۆس ئـەو قسـەیەی نووسـیوە زۆر نەگـۆڕاوە؟ لەنێـو قەرەباڵغیـدا هەسـتی ئارامـی هەیـە. کاتێـک هەمـووان مەسـت دەبـن و لـە هەرشـوێنێک بێـت دەخـەون، ئەمـە وادەکات ئـەم هەڵسـوکەوتە پەسـند دیاربێـت، بەڵکـو سروشـتیش بێـت. وە هێنـدەی کـەس هیـچ نەڵێـت، خەڵکـی ئـەوە دەکـەن کـە دەیانەوێـت بەبـێ ئـەوەی هەسـت بـە تـاوان بکـەن یـان ویژدانیـان بجوڵێـت. بـەڵام ئێسـتا ئـەم بـاوەڕدارە نوێیانـە ڕەتـی دەکەنـەوە ئـەو شـتانە بکـەن کـەوا پێشـتر لـە ئەنجامدانـی ڕاهاتبـوون، وە لـە ئەنجامـی ئەمەدا هاوڕێ کۆنەکانیان ڕەخنەیان لێ دەگرن (پەترۆس وشەی «جنێو»ی بەکار هێناوە).

تێبینی ئەوە بکە کە پەترۆس بەو باوەڕدارانەی دەڵێت. ئەو کارەی پێویستە لێی تێبگەن ئەوەیە هەموو کەسێک لە جیهان لە کۆتاییدا ئەژمێرێک دەداتە خودای پیرۆز لەسەر ئەو شێوازەی کە پێی ژیاوە. ئەو حوکمی زیندووان مردووان دەدات. ئایا بەم شێوەیە هەموو شتێک ڕێکناخرێتەوە؟



## ساموئێل

ڕەنگە وادیار بێت قبووڵکردنی عیسا لەلایەن ساموئێلەوە (ڕادەستکردنی ژیانی) بووەتە هۆی کێشە بۆی لە گروپەکەدا. بەڵام لە ڕاستیدا گەورەترین کێشە ئەوەیە کە ڕوبەڕوی هاوڕێ کۆنەکانی دەبۆوە. ئەوان ڕوبەڕوی خودای پیرۆزی تەواوی توانادار دەبنەوە کەوا دادوەریانە!

## ڕاوەستە

چۆن دەکرێت زانینی ئەوەی خودا دادوەری پیرۆزە یارمەتی ساموئێل بدات لە بەرەنگاربوونەوەی فریودانی گەڕانەوە بۆ شێوازی ژیانە کۆنەکەی؟ چۆن دەکرێت یارمەتی بدات کە بە هاوڕێ کۆنەکانی ڕابگەیەنێت بۆچی چیتر وەک ژیانی ئەوان ناژیێت.

## خودا خۆشەویستییە



**بەڵام ئەی پەروەردگار، تۆ خودایەکی میهرەبان و بەزەییداریت، پشوودرێژیت و پڕیت لە خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزیی.** (زەبووری ٨٦: ١٥)

ئایا خودا دادوەری پیرۆز و بەتوانایە، یان باوکێکی خۆشەویستە؟ بەپێی کتێبی پیرۆز وەڵامەکەی، هەردوکیانە. هەواڵی خۆش بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئەو خودایەی بەدیهێناوین و کەوا حوکممان دەدات هەر ئەویشە باش و خۆشەویستە لەلایەن گەلەکەیەوە. ئەگەر خودا تواناکەی وەکو گەنجە بە گێچەڵەکە بەکاربهێنایە، زەحمەت دەبوو ببینین چۆن کتێبی پیرۆز دەتوانێت بڵێت کەوا هەواڵی خۆشە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خودا هەمیشە بە خۆشەویستی و جوانییەوە توانای خۆی بۆ گەلەکەی پەیڕەو دەکات.

لـە زەبـووری ٨٦ زەبوورنووسـەکە شـتی سـەیرمان پـێ ڕادەگەیەنـێ لـە بـارەی کەسـێتی خوداوە:

- ئەو میهرەبانە، ئەو میهرەبانی دەردەخات بۆ ئەوانەی پێویستیان پێیەتی.
- ئـەو بەخشـندەیە، ئـەو دەبەخشـێت و بەرەکـەت دەدات بەوانـەی کـە شـایەنی چاودێـری ئـەو نیـن.
- ئـەو خـاوە لـە تووڕەیـی، خـودای پیـرۆزە، بـەڵام هەروەهـا ئارامگـرە. ئـەو تورەیـە لـە گونـاه و نادادپـەروەری، بـەڵام تورەییەکـەی لـە جڵەوگیـری دەرناچێـت یـان لـە پـڕ یـان تونـد نییـە. لەڕاسـتیدا، خـودا تورەییەکـەی ڕادەگرێـت بـۆ ئـەوەی ڕێگـە بـە خەڵکـی بـدات بـۆ تۆبەکـردن و داواکـردنی نیعمەتـی ئـەو.
- زۆر بـە بەزەییـە، خـودا لافاوێکـی خۆشەویسـتی بـۆ گەلەکـەی هەیە کـە نالەرزێت. خۆشەویسـتی خـودا زۆر مەزنـە هەتـا ئـەو ڕادەیـەی یۆحەنـای نێـردراو لـە یەکێـک لـە نامـەکانی دەڵێـت کە «خـودا خۆشەویسـتییە» (یەکـەم یۆحەنـا ٤: ١٦).
- ئـەو زۆر بـە وەفایـە، خـودا هەرگیـز شکسـت ناهێنێـت لـە هێنانـەدی بەڵێنـەکانی. خۆشەویسـتی بـۆ گەلەکـەی ناگۆڕێـت و شکسـت ناهێنێـت. ڕەنگـە کەسـانی دیکـە ناپاکیـمان لـێ بکـەن و لـە ژیانمـان ون بـن، بـەڵام خـودا هـەردەم سەرڕاسـتە.

ڕەنگـە ئەمـە نامۆبێـت بـە مێشـکی مۆدێرنمـان. بـەڵام وا دیـار نییـە کـە نووسـەرانی کتێبـی پیـرۆز زێدەڕەوییـان کردبـێ لـە بیرۆکـەی ئـەوەی خـودا بەهێـز و پیـرۆز و دادپـەروەرە. تووڕەیـی ڕاسـتی لـە گوناهـی مـرۆڤ کارێکی تـەواوە. بـەڵام ئەوەی سەرسـامی کـردوون خۆشەویسـتی خودایـە. بۆچـی کەسـێکی وا مـەزن و بێسـنور و پیـرۆز تەنـازول بـکات بـۆ ئـەوەی کەسـانێکی نـەزان و خراپـی وەک ئێمـەی خۆشـبووێت (بڕوانـە زەبـووری ٨: ٣-٤؛ ڕۆمـا ٣: ٢٣-٢٦)؟ دووبـارە و چەندبـارە، خـودا دووپـاتی دەکاتـەوە کـە خۆشەویسـتی بـۆ گەلەکـەی لـە شـتێکی جوانـدا نییـە پەیوەنـدی بەوانـەوە هەبێـت، بەڵکـو لـە کەسـایەتی خۆشەویسـتی خۆیەتـی (دواوتـار ٧: ٧-٨ ، یەرمیـا ٣١: ٣، هۆشـەع ١١: ١). خـودا ئـەو کەسانەی خۆشدەوێت کەوا خۆشەویست نین لەبەر ئەوەی خۆی خۆشەویستییە.

لـە بەشـەکانی داهاتـوودا زیاتـر خۆشەویسـتی خـودا بـۆ گەلەکـەی دەبینیـن، وە بـە تایبـەتی کـەوا لـە بەخشـینی کوڕەکـەی دەرەکەوێـت لەپێنـاو ئێمـە، بـەڵام سـەبارەت بـە ئێسـتا تێبینـی ئـەوە بکـە کـەوا ئـەو خودایـەی کـە لـە کتێبـی پیـرۆزدا هەیـە تەنانـەت

باشـترە لـە وێنەیەکـی خـودا کـەوا بتوانیـن بیـری لـێ بکەینـەوە یـان لە مێشـکماندا دروسـتی بکەیـن. ئـەو تێکەڵەیەکـی جوانـە لـە هەمـوو شـتێکی بـاش: پیـرۆزی و لێخۆشـبون، توانـا و بەزەیی، مەزنی و خۆشەویستی.

### ڕاوەستە

کاتێـک بیـر لـە خـودا دەکەینـەوە، ئـەو لایەنـە قورسـانەی کەسـایەتی چیـن لـەلای تـۆ کـە قورسـە قبوڵـی بکەیـت و بـاوەڕی پـێ بکەیـت؟ وە لایەنـە ئاسـانەکانی چیـن؟

### ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**«ئایـا نەتزانـی، یـان نەتبیسـت؟ یـەزدان خـودای هەتاهەتاییـە، بەدیهێنـەری ئەمسـەر و ئەوسـەری زەوی. نـە ماندوو و نـە شـەکەت دەبێـت، کـەس پـەی بـە تێگەیشـتنی ئـەو نابـات. توانـا بـە مانـدوو دەدات و بـۆ داهێزراویـش هێـز زۆر دەکات».** (ئیشـایا ٤٠: ٢٨ -٢٩)

### پوختە

ئـەوەی سـاموئێل لـە هـەر شـتێک زیاتـر پێویسـتی پێیـەتی ئەوەیـە کـە تێبـگات خـودا کێیـە. کێشـەکانی زۆر گـەورە دیـارن، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە بزانێـت کەسـێکی گەورەتـر هەیـە. پـەروەردگار تاکـە خودایـە، هەتاهەتاییـە و ناگـۆڕێـت. ئـەو هەرشـتێک پێی خۆشـبێت دەیـکات، بەوپێیـەی ئـەو کەسـەیە کـە هەمـوو شـتێکی بەدیهێنـاوە، ئـەو تاکـە دادوەری پیرۆزمانـە و مافـی ئـەوەی هەیـە بۆمـان دیـاری بـکات دەبێـت چـۆن بژیـن. ئـەوەش هەواڵـە خۆشـەکەیە: ئـەم پـەروەردگارە پیـرۆزە خۆشەویسـتە زیاتـرە لـەوەی بتوانیـن ئەندێشـەی بکەیـن. لەبـەر ئـەوە دەتوانیـن دڵنیابینـەوە لـەوەی هەمـوو کات لـە کاتی پێویستیاندا نەرمونیانی بۆ گەلەکەی دەردەخات.

# مەبەست چییە؟

## عیسا، کوڕی خودا،
## ئەو پێکەوە و لە هەمان کاتدا
## مرۆڤ و خودایە

# ٢- خودای کوڕ کێیە؟

لە بەشی ڕابردوو، دەستمان کرد بە قسەکردن لەبارەی خودا. هەموو جۆرە شتە گرنگ و ڕاستەکانی دەربارەی ئەومان دەرخست. بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە هەتا ئێستا دەربارەی خودا گوتوومانە ئەو شتانەن کە ڕەنگە کەسێکی موسوڵمان یان مۆڕمۆن یان جولەکە بتوانێت دووپاتی بکاتەوە. بەڵام هێشتا باسی گرنگترین شتمان نەکردووە کە دەتوانین لەبارەی خوداوە بیڵێین: ئەویش سێیانەییە (واتا، ئەو "سیانەیە لە یەکێکدا"). کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە ئەو تەنها خودایەی هەموو شتێکی بەدیهێناوە لە سێ تادا هەیە: باوک، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز.

ئێستا، ڕاستگۆ دەبم لەگەڵتان. کاتێک باسی سێیانەیی دەکەین (ناوێکە بۆ خودا چونکە ئەو سێیە لە یەکێکدا)، ئێمە لە لایەکی قووڵی مەلەوانگەکە مەلە دەکەین. هەندێک شتی دیاریکراو هەیە سەبارەت بە خودا قورسە بۆمان لێی تێبگەین، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە شتێکی ڕاست نین یان گرنگ نین. لەبەر ئەوە کاتێک لەبارەی سێیانەیی قسە دەکەین ئامانجمان ئەوەیە درک بەو شتانە بکەین کە دەتوانین درکیان پێ بکەین، وە بە سادەیی متمانە بە خودا بکەین سەبارەت بەو شتانەی دیکە کەوا درککردنی پێی زەحمەتە.

لێرەدا فێرکردنی کتێبی پیرۆز لەبارەی سێیانەیی پێشکەش دەکەین، لە سێ بیرۆکەدا پوختی دەکەینەوە:

- **خودا سێ تای جیاوازە:** باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز توانا یان وزە نین؛ ئەوان کەسن (تا). سەرەڕای ئەوەش، ئەوان کەسی جیاوازن: باوک کوڕ نییە، وە کوڕ ڕۆحی پیرۆز نییە، وە ڕۆحی پیرۆز باوک نییە، هتد.... لەمە تێگەیشتیت؟
- **هەریەک لە باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز بە تەواوی خودان.** هیچ یەکێک لەم سێ تایە لەوەی دیکە گەورەتر یان کەمتر نییە. ئەمە ڕاستییەکی گرنگە؛ هەریەکێکیان خودایە، بە تەواوی هێندەی ئەوانەی دیکە.
- **تەنها یەک خودا هەیە.** باوەڕداران بە مەسیح سێ خودای جیاواز ناپەرستن؛ ئێمە تەنها یەک خودا دەپەرستین. سێ تای سێینەیی هەمان سروشت و کرۆکن؛ هیچ کێبرکێ و ئیرەییەک لە نێوانیاندا نییە. هەرسێ تایەکە یەک خودان.

## ساموئێل

ساموئێل لە ناوچەیەک دەژیێت کە چەندەها کەلتوری تێدایە. لە قوتابخانە، لە جۆرەها ئاینی دیکەی جیاواز هاوڕێی هەبوو. گفتوگۆی زۆر هەبوو سەبارەت بەوەی هەمووان هەمان پەروەردگار دەپەرستن بەڵام بە شێوازی جیاواز. چۆن دەکرێت بیروباوەڕی سێیانەیی یارمەتی ساموئێل بدات لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم بیرۆکە باوە؟ ئەگەر دراوسێ موسڵمان و جولەکەکانی درک بەوە نەکەن کە تەنها یەک خودا هەیە لە سێ تا، ئایا بەڕاستی هەمووان هەمان پەروەردگار دەپەرستن؟

## ڕوونکردنەوە

ڕەنگە گوێت لە هەندێک کەس بووبێت کە هەوڵ دەدەن سێیانەیی بە بەکارهێنانی بیرکەی هێلکە ڕون بکەنەوە (توێکڵ و سپێنە و زەردێنە)،

یان ئاو (سەهۆڵ و شلی و هەڵم)،

یاخود ڕووەکی بیبەر (سێ پەڕە، بەڵام یەک ڕووەکە)،

بەڵام هەر لێکچواندنێک لە ڕاستیدا بە تەواوی شکست دەهێنێت. لەڕاستیدا، لە گەردووندا هیچ نمونەیەکی ڕوونکردنەوە نییە بە شێوەیەکی گونجاو و تەواو سێیانەیی بنوێنێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە بە زەحمەت لێی تێدەگەین ئەمە واتای ئەوە نییە کە مەحاڵە یان ناڕاستە.

**هەرکە عیسا لە ئاو هەڵکێشرا، لە ئاوەکە هاتە دەرەوە. لەو ساتەدا ئاسمان کرایەوە و ڕۆحی خودای بینی وەک کۆترێک هاتە خوارەوە و لەسەری نیشتەوە. دەنگێکیش لە ئاسمانەوە فەرمووی: «ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم.»** (مەتا ٣: ١٦-١٧)

لە کاتی لەئاوهەڵکێشانی عیسا، هەرسێ تای سێیانەیی دەبینین: خودای باوک قسەدەکات دەربارەی دڵخۆشی بە کوڕەکەی کەوا ڕۆحی پیرۆز هات بۆ ئەوەی تێیدا جێگیر بێت. پاشان، دەبینین چۆن هەریەک لە تای سێیانەیی ڕۆڵێکی زیندووی هەیە کە پێی هەڵدەستێت بۆ ڕزگاریمان: باوکەکە کوڕەکەی دەنێرێت بۆ ئەوەی لەبری

ئێمە بمرێت (یۆحەنا ٣: ١٦)، وە کوڕەکە لەسەر خاچ ژیانی دەکاتە قوربانی لەبری ئێمە (گەلاتیا ٢: ٢٠)، وە ڕۆحی پیرۆز ئەم ڕزگارییە وا لێدەکات بۆ هەموو گەلی خودا ببێت (یۆحەنا ٣: ٣-٧).

لە بەشی یەکەمدا وردبوینەوە لە سروشت و کەسایەتی خودای باوک (تەنانەت ئەگەر درکیشت بەوە نەکردبێت!). لەوێ بینیمان کەوا ئەو بەدیهێنەری هەموو شتێکە، وە ئەو دادوەرێکی پڕە لە توانا و باوکێکی پڕە لە خۆشەویستی. هێندەی لەم بەشەدا ماوە، دەڕوانینە چەند خاڵێکی کەم کە پێویستە دەربارەی خودای کوڕ بیزانین.

## عیسا مرۆڤە، بە واتای تەواوی وشەکە

ئەگەر چیرۆکی لەدایکبوونی عیسا بخوێنیتەوە، بۆ هەمووان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە سکپڕییەکی ئاسایی و منداڵێکی ئاسایی نییە. بە توانای ڕۆحی پیرۆز عیسا لە ڕەحمی مریەمی دایکیدا بوو، کە ئەو کاتە هێشتا کچ بوو (لۆقا ١: ٢٦-٣٨). کتێبی پیرۆز بە دیاریکراوی پێمان ناڵێت چۆن ڕوویدا؛ بەڵام تەنها پێمان دەڵێت کە ئەوە ڕوویدا. وە لەبەر ئەوەی عیسا بەم شێوە نائاساییە بە سک کەوت، توانرا وەکو مرۆڤ لەدایک بێت، بەڵام بەبێ گوناه (عیبرانیەکان ٤: ١٥؛ یەکەم یۆحەنا ٣: ٥). سەرەڕای ئەوەی سکپڕییەکەی بە عیسا بە شێوازی ئاسایی نەبوو، بەڵام کتێبی پیرۆز لە خاڵێکدا ڕوونە کەوا بە واتای تەواو و ڕاستی وشەکە مرۆڤە و سروشتێکی مرۆڤانەی ڕاستی هەیە.

لە ڕەحمی دایکیدا گەشەی کرد و وەکو منداڵێکی کۆرپەلە لەدایک بوو.

هەروەک لە قەبارە و پێگەیشتنی مێشکیدا وەکو منداڵی دیکە گەشەی کرد؛ وەکو منداڵێکی جادویی نەبوو لە توانای کە توانای ترسناکیان هەیە.

وەک هەر پیاوێکی دیکە ماندوو بوو و کۆششی کرد؛ لە توانایدا نەبوو کە شوت لە تۆپ هەڵبدا بە شێوەیەک دوورتر بڕوات لە شوت لێدانی من و تۆ.

تینوی بوو و برسی بوو؛ هاوڕێی هەبوو و چووە بۆ بۆنەکانی خوانی ئێوارە.

هەستی بە خەمباری و تووڕەیی و دڵخۆشی کردووە.

هیچ شتێک نییە ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە ئەگەر بیبینیت بە شەقامدا دەڕوات تێبینی دەکەیت شتێکی نامۆی تێدایە.

**ڕۆحی خودا بەمە دەناسنەوە: هەر ڕۆحێک دان بەوەدا بنێت کە عیسای مەسیح لە جەستەدا هاتووە، ئەوا ئەو ڕۆحە لە خوداوەیە، بەڵام هەر ڕۆحێکیش دان بە عیسادا نەنێت، ئەوا ئەو ڕۆحە لە خوداوە نییە. ئەو ڕۆحە دژە مەسیحە کە بیستووتانە دێت و ئێستا وا لە جیهاندایە.** (یەکەم یۆحەنا ٤: ٢ -٣)

لە سەردەمی سەرەتای یەکەم کڵێسای مەسیحی، هەندێک خەڵک دەستیان کرد بە فێرکردنی ئەوەی کوڕی خودا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە نەبوو بە مرۆڤ. بەڵام لەبری ئەوە فێرکردنی ئەوەیان هەبووە کە تەنها وەکو مرۆڤ دەرکەوتووە، بەڵام لە ڕاستیدا بوونەوەرێکی ڕۆحی بووە. ئەم فێرکردنەیان دەدا لەبەر ئەوەی پێیان وابوو هەموو شتە بەرجەستەکان لە نرخدا نزمترن لە شتە ڕۆحییەکان. چەلەحانێی ئەوەیان کردووە کە هەرگیز خودا ناتوانێت ببێتە مرۆڤێکی ڕاستەقینە.

بەڵام یۆحەنای نێردراو دەیەوێت کارەکە بە تەواوی لەلامان ڕوون بێت: ئەم جۆرە فێرکردنە لە خوداوە نایەت. ڕاستی ئەوەیە عیسا لە جەستەدا هات؛ مرۆڤێکی ڕاستەقینە بوو بە تەواوی واتای وشەکە.

## عیسا خودایە، بە واتای تەواوی وشەکە

### ساموئێل

خەڵکێکی زۆر لە ژیانی ساموئێل باوەڕیان بە شتێک هەیە لەلایەن عیساوە. مامی لە پشووەکانی کۆتایی هەفتە دەچێتە کڵێسا و لە ئۆتۆمبێلەکەیدا وێنەیەکی عیسای داناوە بۆ ئەوەی بەختی باشی بۆ بهێنێت. بەڵکو هەندێک لە پیاوانی چەتە خاچ لەمل دەکەن بۆ خۆپاراستن، هەروەک هەندێک پیرەژنی گەڕەکەکە نوێژ دەکەن و داوای چاکبوونەوە و بەرەکەت لە عیسا دەکەن. لەبەرئەوە ساموئێل زۆر کات سەرسام دەبوو و دەیپرسی: «ئایا عیسا زیاترە لەوەی تەنها پیاوێک بێت چارەسەربکات و فێربکات و بەرەکەت دابەش بکات؟»

بەگوێرەی کتێبی پیرۆز، عیسا زۆر لەوە مەزنترە؛ ئەو خودای کوڕە کە بوو بە مرۆڤ. ئەو مرۆڤە بە واتای تەواو و ڕاستی وشەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بە تەواوی خوداشە. نووسەرانی کتێبی پیرۆز بە ڕوونی ئەمە دەسەلمێنن بە دەرخستنی ئەو تایبەتمەندی و خاسییەتە جیاوازانەی عیسا کە تەنها تایبەتن بە خودا و پێشتر کتێبی پیرۆز دەریخستووە:

- ئەو تەواوی توانایە. کاتێک گەردەلولی وروژاو هێواش بووەوە، قوتابییەکان بە سەرسوڕمانەوە لە عیسایان پرسی: «باشە ئەمە کێیە؟ فەرمان بە با و ئاویش دەکات و گوێڕایەڵی دەبن» (لۆقا ٨: ٢٥). وە ئەو وەڵامەی کە کەس نەیگووتوە لێرەدا هەڵواسراوە: ئەو خودی خودایە! تەنها خودا دەتوانێت جڵەوگیری توانای سروشت بکات (زەبوور ١٣٥: ٦ -٧).
- ئەو هەتاهەتاییە. جارێکیان عیسا بە ڕکابەرەکانی گوت: «پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایک ببێت، من هەم» (یۆحەنا ٨: ٥٨). ئەمە سەیر دەردەکەوێت، بەڵام ئەوانەی کە گوێیان لێی بوو تێگەیشتن مەبەستی لە چییە. ئیبراهیم ٢٠٠٠ ساڵ پێش ئەوکاتە مردبوو، بەڵام عیسا دەیگوت ئەو پێش کاتی ئیبراهیم هەبووە.
- ئەو تەواوی زانینە. عیسا بیرکردنەوەی خەڵکی دەزانی (مەرقۆس ٢: ٨) و حاڵەتی دڵیان (یۆحەنا ٦: ٦٤). ئەو خەڵکانەی زۆربەی کاتەکانیان لەگەڵ عیسا بەسەردەبرد لەسەر ئەمە دەیانگوت: «ئێستا دڵنیاین کە تۆ هەموو شتێک دەزانیت» (یۆحەنا ١٦: ٣٠). ناتوانرێت ئەوە بگوترێت تەنها لەبارەی خوداوە نەبێت (زەبوورەکان ١٣٩: ١-٤).
- هەموو دەسەڵاتێکی هەیە. لە پەیمانی کۆندا، کاتێک پێغەمبەرانی خودا بە فەرمایشتەکانی خودا قسەیان دەکرد دەیانگوت: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت»، بەڵام عیسا ئاوا قسەی نەدەکرد، بەڵکو دەستەواژەی لەم جۆرەی بەکاردەهێنا: «ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم» (مەتا ٥: ٢٦). پەنای نەبرد بۆ دەسەڵاتێکی لەخۆی باڵاتر لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی لەسەرووی ئەوەوە نییە. عیسا وەک خودی خودا قسەی کرد.
- ئەو شایەنی پەرستنە. ئەگەر کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە، شتێکی دیکە نابینیت هێندەی ئەو گەلە حوکم درابێت کەوا شتێکی دیکەی جگە لە خودا

دەپەرستن. بەڵام کتێبی پیرۆز ڕوونە: پەرستنی عیسا بیرۆکەیەکی باشە (مەتا ٢٨: ٩ ، عیبرانییەکان ١: ٦؛ ئاشکراکردن ١٩: ١٠)! تاکە دەرئەنجامی لۆژیکی بۆ ئەوەی ئەمە پەسند بێت ئەوەیە کە خودی عیسا خودای ڕاستەقینەیە.

پەیمانی نوێ دوودڵ نییە لە قسەکردن لەبارەی ئەوەی عیسا خودایە. وە لێرەدا هەندێک نمونە دەخەینە ڕوو:

- **«باوکانیش هی ئەوانن و مەسیحیش بەگوێرەی جەستە لەوانەوە هاتووە، ئەوەی لە سەرووی هەمووانە، هەتاهەتایە خودایەکی پیرۆزە! ئامین».** (ڕۆما ٩: ٥)
- **«لە چاوەڕوانی ئەوای بەرەکەتدار، دەرکەوتنی شکۆی خودای گەورە و ڕزگارکەرمان، عیسای مەسیح».** (تیتۆس ٢: ١٣)
- **«بەڵام لەبارەی کوڕەکەوە دەفەرموێت: ﴿ئەی خودایە، تەختی تۆ بۆ هەتاهەتاییە، داردەستی شانشینیت داردەستی دادپەروەرییە».** (عیبرانییەکان ١: ٨)

## بۆچی هەردووکیان؟

فێرکردنی کتێبی پیرۆز دەڵێت کە عیسا بە تەواوی خودایە و بە تەواوی مرۆڤە. ئەو نیوە مرۆڤ و نیوە خودا نییە، هەروەک ڕۆحی خودا نییە جلەوگیری جەستەی مرۆڤ بکات، بەڵکو ئەو ١٠٠٪ خودایە و ١٠٠٪ مرۆڤە. وە هەردوو ئەو سروشتە جیاوازن؛ تێکەڵ نابن بۆ ئەوەی مرۆڤێکی ناوازەی لێ دربچێت. بەڵام ئەم دوو سروشتە هەردووکیان یەکیان گرت، عیسا کەسایەتییەکی دابەشبوو نییە کە سروشتی خودایەتی شتێک بکات و سروشتی مرۆڤانەی شتێکی دیکە بکات.

بۆ ئێمە گرنگە کە باوەڕمان بەمە هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر دۆخەکە ئاوا نەبووایە عیسا نەیدەتوانی گوناهباران ڕزگار بکات. **پێویست بوو عیسا بە تەواوی مرۆڤ بێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی ڕزگاربکات.** هەروەک لە بەشی دواتر دەبینین، عیسا ڕزگارمان دەکات لەڕێگەی گوێڕایەڵبوونی تەواوی بۆ خودا لەبری ئێمە، وە هەروەها ئەو سزایەی ئێمە لە ئەنجامی گوناهەکانمان شایەنی بووین خستییە سەر خۆی. عیسا سزاکەی ئێمەی برد و گوێڕایەڵی خۆی پێ بەخشین. ئەو تەنها بەوە دەتوانێت ئەمە بکات ئەگەر یەکێک بێت لە ئێمە. لەسەری بوو کە بە واتای تەواوی

وشـەکە مـرۆڤ بێـت بـۆ ئـەوەی سـزای مرۆڤایـەتی وەربگرێـت و ڕاستودروسـتییەکەی خـۆی بداتە مرۆڤایەتی.

**دەبووایـە عیسـا بـە تـەواوی خودابێـت بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ خـودا ئاشـتمان بکاتـەوە.** ئەگـەر عیسـا خـودا نەبووایـە، نەیدەتـوانی سـزای ئێمـە بباتـە سـەر خـۆی. تەنهـا کەسـێکی بـێ سـنور دەتوانێـت بەرگـەی تـاوان و گوناهـی بـێ کۆتایـی بگرێـت و لەگـەڵ ئـەوەش بـژی و بمێنێـت. پێویسـتمان بـە عیسـایە، کـوڕی خـودا لـە جەسـتەی مـرۆڤ، بـۆ ئـەوەی وەک پردێک ڕابوەستێت لەنێوان خودای هەتاهەتایی و مرۆڤایەتی گوناهبار.

عیسـا ئـەو پردەیـە؛ وە دەسـتەواژەی کتێبـی پیـرۆز بـۆ وەسـفکردنی ئـەم کارە «نێوەندگیر»ـە. ئەگـەر عیسـا خـودا نەبووایـە، نەیدەتـوانی بمانهێنێـت بـۆ لای خـودا. وە هیچ عیسـایەکی کەمـتر لـە خـودای تـەواو ناتوانێـت ڕزگارمـان بـکات. کەواتـە سـەیر نییـە کـە کتێبـی پیـرۆز هـەردەم بەبیرمـان بخاتـەوە ئێمـە ناتوانیـن خۆمـان ڕزگار بکەیـن؛ ڕزگاری تەنها لەلای خوداوە دێت.

## ساموئێل

لەبـەر ئـەوەی عیسـا بـە تـەواوی خودایـە و بـە تـەواوی مرۆڤـە، ئـەو بـە دیاریکـراوی ئـەو ڕزگارکەرەیـە کـە سـاموئێل پێویسـتیەتی. سـاموئێل تـەواو ئـەوەی دەزانی کـە کاری زۆر خراپـی کـردووە، لەبـەر ئـەوەی دەیـزانی کـەوا هیـچ کەسـێکی ئاسـایی ناتوانێـت کێشـەی گوناهـەکانی چارەسـەر بـکات. بـەڵام هەروەهـا حـەزی دەکـرد کـەوا کەسـێک بناسـێت توانـای هەبێـت لـە شـێوازی ژیـانی پێشـووی تێبـگات. بـەو پێیـەی عیسـا بەڕاسـتی مرۆڤـە، دەتوانێـت لەگـەڵ کێشـەکانی سـاموئێل هاوسـۆزبێت و لەبـەردەم خـودای بـاوک نوێنەرایـەتی بکات. وە بەوپێیەی بەڕاستی خودایە، دەتوانێت هەموو گوناهەکانی لێ دوربخاتەوە.

## ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**«چونکـە خـودا یەکـە و یـەک ئاشـتکەرەوە لەنێـوان خـودا و مرۆڤدایـە، ئەویـش عیسـای مەسـیحی مرۆڤـە، ئـەوەی خوێنـی خـۆی کـردە بەهـای ئـازادی بـۆ هەمـوان، شـایەتیدانیش لـە کاتـی گونجـاو بـوو.»** (یەکـەم تیموسـاوس ٢:٥-٦)

## پوخته

خەڵکی هەموو جۆرە بیرۆکەیەکی گەمژانەیان هەیە دەربارەی عیسا. بەڵام فێرکردنی کتێبی پیرۆز ڕوونە (تەنانەت ئەگەر هەندێک کاتیش تێگەیشتنی قورس بێت):

- عیسا دوو سروشتی هەیە، سروشتی خودایەتی و سروشتی مرۆڤانە.
- هەریەکێک لەم دوو سروشتە تەواوە. ئەو لە ١٠٠٪ خودایە و ١٠٠٪ مرۆڤە.
- ئەم دوو سروشتە جیاوازن، ئەو جۆرێک لە قەوارەیەکی تێکەڵ نییە کە تێکەڵەیەک بێت لە پەروەردگار و مرۆڤ. بەڵکو، ئەو خودایە بە تەواوی و مرۆڤە بە تەواوی.
- سەرەڕای ئەوەی دوو سروشتی هەیە، بەڵام عیسا یەک کەسە. وە هەموو ئەوانەی جێبەجێ دەبێت بەسەر سروشتی مرۆڤدا بەسەر عیسادا جێبەجێ دەبێت، وە هەرچی جێبەجێ دەبێت بەسەر سروشتی خودایەتی بەسەر عیسادا جێبەجێ دەبێت.

# مەبەست چییە؟

## ڕۆحی پیرۆز
## بە هەموو هێزێک کاردەکات
## بۆ بنیادنانی کڵێسا

# ٣- خودای ڕۆحی پیرۆز کێیە؟



## ساموئێل

لەو گەڕەکەی ساموئێل تێیدا دەژییێت ئۆتۆمبیلی کڵێسا هەیە بە هەموو لایەکی گەڕەکەکەدا دەڕوات بۆ ئەوەی خەڵکی هەڵبگرێت بۆ ئامادە بوون لە خزمەتەکانی کڵێسا و لە دوای خزمەت بیانگەیەنێتەوە شوێنەکانی خۆیان. هەموویان وا دەرەکەوێت کە ناوێکیان هەڵگرتووە ئاماژەیە بۆ ڕۆحی پیرۆز یان ڕۆژی پەنجاهەمین یان هەردووکیان؛ وە زۆریان بە زمانی ئیسپانی نووسراون. کاتێک ساموئێل سەردانی ئەو کڵێسایەی کرد کەوا مامی بۆی دەچێت، خەڵکەکە سەمایان دەکرد و هاواریان دەکرد و دەکەوتنە سەر زەوی، وە شتێکیان دەگوت کە باسی هاتنی ڕۆحی پیرۆزی دەکرد بۆ لایان. ساموئێل هەرگیز لە ژیانیدا ئەمەی ئەزموون نەکردووە، وە لە ڕاستیشدا ئەو ئەمەی ناوێت. ڕۆحی پیرۆز کێیە، وە نهێنی گرنگیەکەی چییە؟

## ڕۆحی پیرۆز کێیە؟

دەتوانین بەم شێوەیە باسی بکەین: ڕۆحی پیرۆز سێیەم تایە لە سێیانەدا. لەم ڕاگەیاندراوەدا دوو ڕاستی گرنگ هەیە:

- یەکەم، **ڕۆحی پیرۆز کەسە.** کاتێک گوێبیستی وشەی «ڕۆح» دەبین، هەندێک جار بە تارماییەک یان هێزێکی نەبینراو دێتە بەرچاومان. بەڵام ڕۆحی پیرۆز کەسە؛ وە ئێمە بە جێناوی «ئەو»[a] بۆ کەس ئاماژەی بۆ دەکەین، نەک شت «شت». کتێبی پیرۆز باس لە ڕۆحی پیرۆز دەکات وەک ئەوەی هەموو جۆرە شتێک دەکات کە پێمان وایە تەنها مرۆڤ دەیکات: زانین (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١١)، فێرکردن (یۆحەنا ١٤: ٢٦)، خەم (ئەفەسۆس ٤: ٣٠)، دڵنەوایی (کردار ٩: ٣١)، وە نوێژ لەجیاتی کەسانی دیکە (ڕۆما ٨: ٢٦ -٢٧).
- دووەم، **ڕۆحی پیرۆز خودایە.** وە ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە نووسەرانی پەیمانی نوێ دەربارەی «باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز» پێکەوە باسی دەکەن

---

a لە ئینگلیزیدا جێناوی (he) ئاماژەیە بۆ کەس و هەروەها جێناوی (it) بۆ بێگیانە -وەرگێڕ.

(بڕوانـە مەتـا ٢٨: ١٩ وەک نمونەیـەک لەسـەر ئەمـە). بـەو پێیـەی بـاوک و کـوڕ هەردووکیـان خـودان، زۆر سـەییر دەبێـت ئەگـەر ڕۆحـی پیـرۆز خـودا نەبێـت و لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا لـەم ڕستەیەدا هەیـە! لـە (کـردار ٥: ٣) پەتـرۆس پیاوێـک تۆمەتبـار دەکات بـە درۆکـردن لەگـەڵ ڕۆحـی پیـرۆز، ئینجا لـە ئایـەتی دواتـر بـەو پیـاوە ڕادەگەینێـت کـە درۆی لەگـەڵ خـودا کـردووە (کـردار ٥: ٤)، وە درۆکـردن لەگـەڵ ڕۆحـی پیـرۆز واتـا درۆکـردن لەگـەڵ خـودی خـودا.

پەیوەندییـە مرۆڤایەتییـەکان زۆر گـرژی و زەحمەتـی تێدایـە. تەنانـەت باشـترین خێزانـەکان و خۆشەویسـترین هاوسـەرەکان سـاتی گـرژی و ناکۆکـی تێدەکەوێـت. بـەڵام پەیوەندییەکانـی نێـوان بـاوک و کـوڕ و ڕۆحـی پیـرۆز ئـاوا نییـە. ڕۆحـی پیرۆز بە شـێوەیەکی توندونـۆڵ بەنـدە بـە ئەندامـەکانی دیکـەی سـێیانە بـە ڕادەیـەک هەندێـک جـار ناودەبرێـت بـە «**ڕۆحـی خـوا**» (ڕۆمـا ٨: ٩ کـە ئامـاژە دەکات بـۆ خـودای بـاوک) یـان «ڕۆحـی عیسـا» (کـردار ١٦: ٧). هـەروەک لـە بەشـی ڕابـردوا بینیـمان، ڕۆحـی پیـرۆز هـۆکار بـوو بـۆ بەسـککەوتنی عیسـا لـە ڕەحمـی دایکـی، وە بـە درێژایـی خزمەتـی عیسـا ڕۆحـی پیـرۆز ئامادەبـوو بـۆ ئـەوەی ڕێنوێنـی بـکات (لۆقـا ٤: ١)، وە بەهێـزی بـکات (لۆقـا ٤: ٤)، وە تەنانـەت لەنێـو مردووانیـش هەڵیبسـتێنێتەوە (ڕۆمـا ١: ٤). وە بـە هـۆی بـوونی یەکگرتنـی کرۆکیـی نێـوان هەرسـێ تاکـەی سـێیانەیی، هەریەکێکیـان ئـەوانی دیکـەی خۆشـدەوێت و پێیان دڵخۆش دەبێت و پێکەوە کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکەیان.

کاتێـک تەرخـان بکـە بـۆ خوێندنـەوەی ئـەم دوو ڕاگەیاندنـەی کـە عیسـا بـە کاتێکـی کەم پێش لەخاچدرانی بە قوتابییەکانی گوت:

**بـەڵام یارمەتیدەرەکـە، ڕۆحـی پیـرۆز، ئـەوەی بـاوک بـە نـاوی منـەوە دەینێرێـت، ئـەو هەمـوو شـتێکتان فێـردەکات و هەمـوو ئـەو شـتانەی پێـم گوتـوون بیرتـان دەخاتـەوە. (یۆحەنـا ١٤: ٢٦)**

**بـەڵام کاتێـک ئـەو دێـت، کـە ڕۆحـی ڕاستییە، ئـەو بـۆ ڕاسـتی تـەواو ڕێنماییتان دەکات، چونکـە لـە خۆیـەوە هیـچ ناڵێـت، بەڵکـو ئـەوەی گوێـی لـێ دەبێـت دەیڵێـت و ڕایدەگەیەنێـت چـی ڕوودەدات. ئـەو شـکۆدارم دەکات، چونکـە ئەوەتـان پـێ ڕادەگەیەنێـت کـە لـە منـەوە وەریدەگرێـت. هەمـوو ئـەوەی**

**کە هی باوکە، هی منیشە. لەبەر ئەوە گوتم، ڕۆحی پیرۆز لە هی من وەردەگرێت و پێتانی ڕادەگەیەنێت.** (یۆحەنا ١٦: ١٣ -١٥)

## ڕۆحی پیرۆز چی دەکات؟

هەندێک جار ڕۆحی پیرۆز ناودەبرێت بە «ئەندامی شەرمنی سێیانەیی» لەبەر ئەوەی لەبری ئەوەی خەڵکی ئاراستە بکات بۆ خۆی، کارەکەی ڕێزلێنان و ڕاگەیاندنە دەربارەی باوک و کوڕ، باوک (لۆقا ١١: ١٣) و کوڕ (یۆحەنا ١٦: ٧) ڕۆحی پیرۆز دەنێرن بۆ گەلی خودا بۆ جیبەجێکردنی مەبەستەکانیان و ڕاگەیاندنی ڕاستی تایبەت بەوان.

بەڵام ئەو مەبەستانە چین؟ وە ڕۆحی پیرۆز چی دەکات؟

## ڕونکردنەوە

لەبەرئەوەی ئاماژە بۆ شکۆی باوک و کوڕ دەکات، ڕەنگە پێمان وابێت بە جۆرێک ڕۆحی پیرۆز گرنگی یان توانای کەمترە لە دوو تاکەی دیکەی سێیانەیی. بەڵام ئەگەر بیر لەو کەسانە بکەیتەوە کە دەیانناسیت و خۆشەویستی بە تینیان هەیە، لەوانەیە ئەوان بەدوای گەورەیی خۆیانەوە نین. لەڕاستیدا، خەڵکانی برسی بۆ شکۆمەندی خودی خۆیان هەمیشە زۆر بێ توانان و هەست بە ئارامی ناکەن؛ ڕەنگە بە خێرایی کەسێکی وەک ئەمەت بیرکەوێتەوە. بەڵام گەورەیی ڕاستەقینە لە دڵخۆشی بە کەسانی دیکە و خۆشویستنیاندایە. پابەندبوونی ڕۆحی پیرۆز بە شکۆمەندکردنی باوک و کوڕ نیشانەی بێ توانایی نییە، بەڵکو ئەمە نیشانەی ئاماژەیە بە مەزنییەکەی!

مەحاڵە لستی تەواوی هەموو ئەو کارانەمان لەبیر بێت کە ڕۆحی پیرۆز دەیکات، بەڵام لێرەدا باسی چوار شت دەکەین کە سوودی هەیە بیزانین لە کاتێکدا هەوڵ دەدەین وەک باوەڕداری سەرڕاست بە مەسیح بژین:

## ١- ڕۆحی پیرۆز سروشی کتێبی پیرۆزی داوە.

**لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەمە بزانن، کە هیچ پێشبینییەک لە نووسراوە پیرۆزەکاندا بە لێکدانەوەی خودی پێغەمبەرەکە**

**نەنووسراوە، چونکە هەرگیز پێشبینی بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو ڕۆحی پیرۆز ڕابەرایەتی مرۆڤەکانی کردووە، بۆ ئەوەی پەیامی خودا ڕابگەیەنن. (دووەم پەترۆس ١: ٢٠ -٢١)**

کتێبی پیرۆز تەنها وشە و ئامۆژگاری و بیرەوەر و بۆچوونەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەو کەسانەی کە کتێبی پیرۆزیان نووسیوە لە ڕۆحی پیرۆزەوە فێربوون (یەکەم کۆرۆنسۆس ٢: ١٢-١٣)، و ڕۆحی پیرۆز سروشی پێداون (تیمۆساوس ١٦: ١٢ -١٣)، وە ڕۆحی پیرۆز ڕێنمایی کردوون (یۆحەنا ١٦: ١٢-١٣). لەبەر ئەم هۆیە، کاتێک کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە، دەبێت وەکو ئەوە وەریبگرین کە فەرمایشتی خودایە بۆمان. وە ئەمە واتا ئێمە ئازاد نین لەوەی بیپاڵێوین و ئەو بەشانە هەڵبژێرین کە بەدڵمانە و واز لەوە بهێنین کە بەدڵمان نییە، ئەمە ئەو وشانەن کە ڕۆحی پیرۆز پێمانی دەڵێت.

## ٢- ڕۆحی پیرۆز دەمانکاتە باوەڕدار.

بە سروشت، هەموو مرۆڤێک بە ڕۆح مردووە و دوژمنی خودایە (ئەفەسۆس ٢: ١ -٣). لەبەر ئەم هۆکاریە کە عیسا پێمان دەڵێت پێویستە سەرلەنوێ لەدایک ببینەوە؛ لەبەر ئەوەی پێویستە لە لایەنی ڕۆحییەوە زیندوو بین (یۆحەنا ٣: ٣). بەڵام کێشەکە لێرەدایە: ناتوانین لە خۆمانەوە ژیانی ڕۆحی بەدەست بهێنین. ناتوانین وا لە خۆمان **بکەین** سەرلەنوێ لەدایک ببینەوە بە تەواوی هەروەک چۆن لە یەکەم جاردا نەمانتوانیوە وا لەخۆمان **بکەین** لەدایک ببین -بە تەواوی هەروەک ئەوەی جەستەی مردوو ناتوانێت وا لە خۆی **بکات** هەستێت و بڕوات. چارەسەری ئەم کێشەیە لە ڕێگەی کاری ڕۆحی پیرۆزەوە دەبێت. بە هێزی ڕۆحی پیرۆز، مردووانی ڕۆحی دەکات بە زیندووانی ڕۆحی. بە هێزی ڕۆحی پیرۆز، مردووە ڕۆحییەکان لە خۆشەویستییان بۆ گوناە دەگۆڕێن و متمانە بە عیسا دەکەن.

**ڕۆحی پیرۆز ژیان دەدات، بەڵام جەستە بە کەڵک نایەت. ئەو قسانەی پێم گوتن ڕۆح و ژیانن. (یۆحەنا ٦: ٦٣)**

عیسا دەڵێت کە سروشتی مرۆڤانەمان و هێزی مرۆڤانەمان و دانایی مرۆڤانەمان ناتوانێت یارمەتیدەر بێت کاتێک کارەکە پەیوەندی هەبێت بە لەدایکبوونی ژیانی ڕۆحی. ئەمە تەنها کاری ڕۆحی پیرۆزە. کەس ناتوانێت ببێتە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی

مەسیح ئەگەر سەرەتا ڕۆحی پیرۆز جوڵە بە هێز نەکات بۆ ئەوەی بیبەخشێت یان ژیانی ڕۆحیمان پێ ببەخشێت.

## ساموئێل

ژیانی ساموئێل بە تەواوی ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە. ئەو دەزانێت کە هەرگیز ناتوانێت خۆی بگۆڕێت. لە جیهانێکی توندوتیژ و بێهیوا هاتووە. هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو بۆ ئەوەی تەنانەت کەوا دەتوانێت بە شێوازێکی جیاواز بژیێت. تەنها کاری بەهێزی ڕۆحی پیرۆز دەتوانێت وای لێ بکات ڕقی لە گوناه ببێتەوە و کاروباری خودای خۆشبوێت. ئایا ئەگەر ڕۆحی خودا نەهاتبا ناو دیمەنەکەوە دەتوانیت ئەو ئاراستەیە ببینیت کە ژیانت دەیگرتەبەر؟

## ٣- ڕۆحی پیرۆز لە باوەڕدارەکاندا دەژییێت و وامان لێ دەکات پیرۆزبین.

کاتێک دووبارە لەدایک دەبینەوە کاری ڕۆحی پیرۆز تەواو نابێت. ئەو تەنها هێرش ناکاتە سەرمان زیندوومان بکات و بە تەنها بەجێمان بهێڵێ بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین و بزانین چۆن دەژین. بەڵکو هەر لە ساتی ڕزگارییەوە ڕۆحی پیرۆز لە ناخی باوەڕداراندا دەژییێت. ئامادەبوونی لە ژیانماندا تایبەتمەندیمان پێ دەبەخشێت و جیامان دەکاتەوە وەک ئەوەی موڵکی تایبەتی خوداین (ڕۆما ٨: ٩)، وە دڵنیایی ئەوەمان پێدەدات کە بەڕاستی منداڵی خوداین (ڕۆما ٨: ١٦).

**بەڵام بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون. شەریعەت نییە لە دژی ئەمانە بێت.** (گەلاتیا ٥: ٢٢ – ٢٣)

کاتێک ڕۆحی پیرۆز لە ناخماندا دەژییێت، دەستدەکات بە بەرهەمهێنانی بەرهەمی باش لە ژیانماندا. ئامادەبوون و هێزی ئەو یارمەتیمان دەدات لە گەشەکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە خودا پێی خۆشە (شتەکانی وەک خۆشەویستی و دڵخۆشی و ئاشتی،... هتد).

بەڵام بەڕاستی گرنگە درک بەوە بکەین کە جیاوازی هەیە لە نێوان کاری ڕۆحی

پیـرۆز کـە وامـان لێـدەکات لـە لایەنـی ڕۆحییـەوە زینـدوو بیـن و کاری ڕۆحـی پیـرۆز کـە هەڵدەسـتێت بـە یارمەتیدانمـان بـۆ ئـەوەی لـە پیرۆزیـدا گەشـە بکەیـن. کاتێـک ڕۆحـی پیـرۆز وامـان لێـدەکات دووبـارە لەدایـک ببینـەوە، هیـچ شـتێک ناکەیـن جگـە لـەوەی ئـەم بەرەکەتـە بەدەسـت بهێنیـن و وەری بگریـن، بـەڵام گەشـەکردنمان لـە پیرۆزیـدا کارێکـی جیـاوەزە. لێـرەدا، ڕۆحـی پیـرۆز بـە بەهێـزی کاردەکات، بـەڵام لەسـەرمانە ئێمـەش لەگەڵیـدا کار بکەیـن. دەتوانیـن هەڵبژێریـن کـە شـوێنی ئـارەزووە هەڵـەکانی جەسـتەمان بکەویـن (گەلاتیـا ٥: ١٩ -٢١ لیسـتێک پێشـکەش دەکات کـە هەندێـک لـەو شـتانە لەخۆدەگرێـت)، یـان دەتوانیـن هەڵبژێریـن بـەو هێـزە بڕۆیـن کـە ڕۆحـی پیـرۆز دەمانداتـێ. ئەگـەر بمانەوێـت لـە پیرۆزیـدا گەشـەبکەین، پێویسـتە لەگـەڵ ڕۆحـی پیـرۆز هـاوکار بیـن، وە هەڵسـوکەوت و ئاراسـتەکانمان بپارێزیـن لـە گونجانـدن و کۆدەنگـی لەگـەڵ ئـەو شـێوازەی کە پێی بەڕێوەمان دەبات.

## ٤- ڕۆحی پیرۆز لە کڵێسا کاردەکات.

ڕۆحـی پیـرۆز بەهـرەی ڕۆحـی دەداتـە هـەر باوەڕدارێـک وەک تـاک. ئەمـە بریتییـە لـە توانـا یـان هێـزی تایبـەت کـە لـە هەمـوو باوەڕدارێـک داوانەکـراوە. بـەڵام دەیبەخشـێت بـۆ ئـەوەی یارمـەتی بـدات لـە بنیادنـانی کڵێسـا. هەمـووان هەمـان بەهرەیـان نییـە، هـەروەک هەمـوو بەهـرەکان وەک شـتێکی لـە سـەرووی سروشـتەوە نیـن، بـەڵام هەمـوو باوەڕدارێـک بـە مەسـیح بەهرەیەکـی دیاریکـراوی هەیـە لـە ڕۆحـی پیـرۆزەوە. پێویسـتە ئێمـە ئـارەزووی ئـەم بەهرانـە بکەیـن بـۆ ئـەوەی بتوانیـن یارمـەتی خوشـک و براکانمـان بدەیـن لـە کڵێسـا (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٤: ١)، بـەڵام ڕۆحـی پیـرۆز هەڵیدەبژێرێـت چـۆن ئـەم بەهرانـەی خودا دابەش بکرێت بەسەر گەلی خودادا (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١١).

لـە نێـوان باوەڕدارانـی یەکەمیـن ئـەم بەهرانـە هەندێـک سەرلێشـێواوی و ناکۆکـی دروسـتکردووە. هەندێکیـان لەوانـەی دیکـە سەرنجراکێشـتربووە، خەڵکانێـک بـە بێزراوییەوە تەماشـای کەسـانی دیکەیـان دەکـرد کـە بەهرەکانیـان کەمـتر نـاوازە بـووە. بـۆ وەڵامدانەوەی ئەمـە، پۆڵسـی نێـردراو باوەڕدارانـی ئـاگادار کـردەوە لـە بـە سـووک تەماشـاکردنی یەکـتر، بەڵکـو لەسـەریانە کـە بەهرەکانیـان بەکاربهێنـن بـۆ خزمەتکـردنی یەکـتر لەپێنـاو بەهێزکردنی کڵێسا.

**«بەهەرەی ڕۆحی پیرۆز بۆ هەرکەسێک لە پێناو سوودمەندی گشتیی دەدرێت. جا یەکێک لە ڕێگەی ڕۆحەکەوە قسەی دانایی پێدەدرێت، بۆ یەکێکی دیکەش قسەی زانین بەگوێرەی هەمان ڕۆح. بۆ یەکێکی دیکەش باوەڕ بە هەمان ڕۆح، بۆ یەکێکی دیکە بەهەرەی چاککردنەوە بە هەمان ڕۆح، یەکێکی دیکەش کاری پەرجوو، بۆ ئەوی دیکە ڕاگەیاندنی پەیامی خودا، بۆ ئەوی دیکە جیاکردنەوەی ڕۆحەکان، بۆ ئەوی دیکە جۆرەها زمانی ڕۆحی ، بۆ یەکێکی دیکەش لێکدانەوەی زمانەکان. ئەمانە هەمووی کاری یەک ڕۆح و هەمان ڕۆحە، بۆ هەر یەکێک بە تایبەت دابەشی دەکات، چۆن بیەوێت.» (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٧ -١٢)**

## ڕونکردنەوە

پۆڵسی نێردراو وێنەی جەستە بەکاردەهێنێت بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی بەهەرەکانی ڕۆحی پیرۆز لە کڵێسا (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١٤ -٢٧). هەندێک لە ئەندامانی جەستە گرنگتر و جادوورییانەتر دەردەکەون، بەڵام جەستە وەک هەمووی پێویستی بە هەربەشێک لە بەشەکانی هەیە، چاو و دەست و قاچەکان. هیچ ئەندامێک ناتوانێت وا بیربکاتەوە کە لەوانی دیکە باشترە لەبەر ئەوەی هەموویان ئەندامن لەو یەکەدا.

کڵێسا بە هەمان شێواز کاردەکات. هەموو کڵێسایەکی ناوخۆیی بریتییە لە بوونەوەرێکی زیندوو پێکهاتووە لە کۆمەڵێک تاک هەریەکێکیان ڕۆڵێکی هەیە کە پێی هەڵدەستێت. ئەو بەهرەیە چییە کە ڕەنگە ڕۆحی پیرۆز پێی بەخشیویت بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە بنیادنان و خزمەتی کڵێسادا؟

## ساموئێل

تێڕوانینەکانی ساموئێل لە ڕۆحی پیرۆزەوە لەو ڕێگەیە خەسڵەتی گرتووە کە پێیدا تێپەڕیوە و لەو کەسانەی لەگەڵیان ژیاوە. لەنێو بازنەی باوەڕداران چەلەحانێیەک هەیە دەربارەی ئەوەی کە هەندێک کەس بەهرەکانیان سەرسورهێنەرترە مەبەستی لەوە

تەنها کێشەی کڵێسای یەکەمە یان نا، بەڵام ڕوونە کەوا ڕۆحی پیرۆز نابێتە هۆکاری ئاژاوە و ناڕێکی، بەڵکو هۆکاری ئاشتییە (یەکەم کۆرنسۆس ١٤: ٣٣). هەرگیز مەبەستی ئەوە نییە کە ئەم بەهرانە خەڵکی تووشی شۆک بکات یاخود بیان وروژێنێت، بەڵکو مەبەست لێی ئەوە بووە یارمەتی کڵێسا بدات لە گەشەکردنی خۆشەویستی خواناسی. ڕەنگە هەندێک خەڵکی لە کڵێسا ساموئێل بەوەی تاقی بکەنەوە کە وای لێبکەن هەست بکات ئەو باوەڕدارێکی پلە دووە لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی دراماتیکی ئەزموونی ڕۆحی پیرۆزی نەکردووە. بەڵام ئەوەی بەڕاستی پێویستە ساموئێل پەرۆشی بێت و لە پێناوی نوێژ بکات کاری ڕۆحی پیرۆزە کە وای لێبکات زیاتر بچێتەوە سەر عیسا.

## ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**بەڵام بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون. شەریعەت نییە لە دژی ئەمانە بێت. (گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣)**

## پوختە

ڕۆحی پیرۆز سێیەم تای سێانەیە، وە ئەو بە تەواوی خودایە بە تەواوی مافی خۆیەوە. وە ئەو خەڵکی بەرەو شکۆمەندی باوک و کوڕ ئاراستە دەکات، هەرچی پێویستیە بە گەلی خودای دەبەخشێت بۆ ئەوەی دڵسۆزبن و لە پیرۆزیدا بژین. پێویستە باوەڕداران بە مەسیح شانازی بکەن بە ئامادەبوونی ڕۆحی پیرۆز و تێبکۆشن بۆ ئەوەی بە پیرۆزی بژین. هەروەها پێویستە ئەو بەهرانەی ڕۆحی پیرۆز پێی بەخشیون بەکاری بهێنن بۆ خزمەتی کەسانی دیکەی ناو کڵێسا.

## مەبەست چییە؟

**عیسایە کەوا قسەی کۆتایی لەلایە،**
**نەک خراپە یان ڕۆحە پیسەکان.**

# ٤- جیهانی ڕۆح: فریشتە و ڕۆحە پیسەکان

## پوختەی ئەوەی فێریبووین

هەتا ئێستا ئەو ڕاستییەمان بینیوە کە تاکە خودای ڕاستی لە ئەزەلەوە لە سێ تادا هەیە: باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز. بینیمان چۆن خودای کوڕ کە لە ئەزەلەوە هەیە هاتە ناو جیهانەکەمان، بەوەی جەستەی مرۆڤی وەرگرت بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات. وە بینیمان چۆن خودای ڕۆحی پیرۆز، کەوا بە تەواوەتی تایەکی خوداییە، تێماندا کار دەکات بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات و باوک و کوڕ شکۆمەند بکات.

ئێستا دەچینە سەر بابەتی فریشتە و ڕۆحە پیسەکان.



## ساموئێل

کاتێک ساموئێل هەرزەکار بوو، جارێکیان بەڕێکەوت خۆی بینەوە لە چوارچێوەی باندێکی ڕکابەر. وە لە کاتێکدا ئەو خۆی لادەدات بۆ سوچێکی شەقامەکە، بینی کۆمەڵێک گەنج لێی نزیک دەبنەوە، وە دڵنیابوو لەوەی خەریکە دەکەوێتە کێشەیەکی گەورەوە. بەڵام لەپڕ، باندە ڕکابەرەکە سورڕنەوە و ساموئێل توانی ڕێگەکەی ببڕێت بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگاتە ماڵەوە. کاتێک ئەوەی ڕوویدا بۆ دایکی باسی کرد، دڵنیابوو لەوەی کە «فریشتەی پاسەوانی ساموئێل» چاودێری کردووە.

ئایا ئەمە ئەو کارەیە فریشتەکان دەیکەن؟

ڕەنگە ئاسانترین ڕێگا بۆ باسکردنی ئەم بابەتە ئەوە بێت کە هەندێک پرسیاری سەرەکی بکەین و وەڵامی بدەینەوە.

## فریشتەکان چین؟

فریشتەکان بریتین لە بوونەوەری ڕۆحی کەوا خودا دروست کردوون، ئەوان «بوونەوەری ڕۆحین» (عیبرانیەکان ١: ١٤)، ئەمە واتای ئەوەیە کە جەستەیان نییە. لەبەر ئەمەیە کە ئێمە بە سروشتی نایانبینین. سەرەڕای ئەوەی هەندێک جار خودا

بڕیـار دەدات ئامادەبوونیـان ڕابگەیەنێـت (بڕوانـە دووەم پاشـایان ٦: ١١ -١٦ بـۆ زانیـاری لەبـارەی چیرۆکێکـی مـەزن لەبـارەی کەسـێک کـە توانـای پێـدراوە بـۆ بینینـی فریشـتەکانی خودا کە لە دەروپشتی بوون).

لەڕوانگـەی ئەمـەوە، دەبینیـن فریشـتەکان بوونـەوەری ئەزەلـی نیـن. لـە ڕابـردوودا خـودا لەپێنـاو مەبەسـتە تایبەتـەکانی خـۆی بەدیهێنـاون. وا دیـارە کتێبـی پیـرۆز ئامـاژە دەکات بـە بـوونی چەندیـن جـۆری جیـاواز لـە فریشـتە و بوونـەوەرە ئاسـمانییەکان، هەندێکیـان ناوەدەبرێـن بـە «سـیرافیم» و «کەڕوبیـم»، وە هەندێکیـان پلەیەکـی بەرزتریـان هەیـە لـەوانی دیکـە (فریشـتەیەک هەیـە بـە نـاوی «میخائیـل» ئامـاژە دەکرێـت بـەوەی «سـەرۆکی فریشـتەکانە»). بـەڵام وردەکاری زۆرمـان ناداتـێ لەسـەر جـۆری فریشـتەکە و جیاوازی فریشتەکان لە یەکتر.

## فریشتەکان چی دەکەن؟

**فریشـتە وەکـو خزمەتـکاری بەهێـزی خـودا کاردەکات. لـە کتێبـی پیـرۆزدا، فریشـتە پەیـام بـۆ خەڵکـی دەبـات** (لۆقـا ١: ٢٦ – ٣٨)،

**لـە هەڵوێسـتی دیاریکـراودا حوکمدانـی خـودا دەهێنێـت** (دووەم سـاموئێل ٢٤: ١٦ -١٧؛ کـردار ١٢:٢٣)،

**وەک جەنگاوەر لە سوپای ئاسمانی کاردەکات (ئاشکراکردن ١٢: ٧ -٨)،**

**ستایشی خودا ڕادەگەیەنێت** (ئەیوب ٣٨: ٧؛ زەبوور ١٠٣: ٢٠)،

**دڵخـۆش دەبێـت بـەوەی دەیـکات بـۆ ڕزگارکردنـی مـرۆڤ** (لۆقـا ١٥: ١٠؛ ئاشـکراکردن ٥: ١١ -١٢)

**«لەبـەر ئـەوەی سـەبارەت بـە تـۆ فەرمـان بـە فریشـتەکانی دەدات، بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو هەنگاوێکـت بتپارێـزن، لەسـەر دەسـتیان هەڵتدەگرن، تاکـو پێـت بـەر بەردێـک نەکەوێـت.»** (زەبـوورەکان ٩١: ١١ – ١٢)

لـەم زەبـوورەدا، دەبینیـن یەکێـک لـەو ڕێگایانـەی کـە خـودا بایـەخ دەدات بـە گەلەکەی لەڕێگـەی ناردنـی فریشـتەیە کـە نابینرێـت (ئێمـە نابینیـن!) بـۆ ئـەوەی پاسـەوانییان بکات.

ڕەنگە دایکی ساموئێل ڕاست بوو‌بێت سەبارەت بەوەی کە فریشتە یارمەتی داوە بۆ ئەوەی لەم دۆخە مەترسیدارە دەربچێت. ڕەنگە بە دۆخی وادا تێپەڕیبیت وادیاربووبێت کە لەلایەن کەسێکی دیاریکراوی نادیارەوە یارمەتی درابیت. ڕەنگە ئەمە هەموو ئەوەبێت کە ڕوویداوە، بەڵام چەند شتێک هەیە لە کتێبی پیرۆز وامان لێ بکات وا هەست بکەین کە هەموومان فریشتەیەکی تایبەتمان هەیە وەک «فریشتەی پاسەوان». بەڵام لەبری ئەمە، پێویستە پشت بە خودا ببەستین بە شەونخونی بۆمان و لەوەی کە خزمەتەکانی دەنێرێت بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیمان یارمەتیمان بدەن.

## دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ فریشتەکان بکەین؟

کتێبی پیرۆز پێمان ڕادەگەینێت کە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەمان ڕەنگە هەندێک جار ڕوبەڕوی فریشتە دەبینەوە کەوا شێوەی خۆیان گۆڕیوە: «میوانداری نامۆکان لەیاد مەکەن، چونکە بەمە کەسانێک بێ ئەوەی بزانن میوانداری فریشتەکانیان کردووە» (عیبرانیەکان ١٣: ٢؛ بۆ نموونە بڕوانە پەیدابوون ١٨: ١-١٥). لە کاتێکدا پێویستە ئەمە وامان لێ بکات ڕژد بین لە بایەخدان بە کەسانی نامۆ، بەڵام کتێبی پیرۆز هیچ هاندانێکمان پێ نابەخشێت لە بەسەربردنی کات بۆ گەڕان بەدوای ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ فریشتەکان.

ڕاستە کەوا فریشتەکان ڕاستەقینەن و لە جیهانەکەماندا کار دەکەن، بەڵام کاتێک لە کتێبی پیرۆز بۆ مرۆڤ دەردەکەون، هەموو کات ئەمە لەسەر فەرمانی خودا دەبێت، نەک لەبەر ئەوەی خەڵکی داوای کردوون.

ئێمە نوێژ دەکەین بۆ خودای باوکمان، هەرگیز نوێژ بۆ فریشتە ناکەین.

**ئێمە خودا دەپەرستین نەک فریشتە** (کۆلۆسی ٢: ١٨؛ ئاشکراکردن ١٩: ١٠).

دەبێت سوپاسگوزاری خودا بین لەپێناو شێوازەکانی ناردنی فریشتەکان بۆ ئەوەی بایەخمان پێ بدەن، بەڵام پێویستە خولیایان نەبین هەتا ئەو ڕادەیەی کە ئەرکەکانمان پشتگوێ بخەین لە خۆشەویستن و گوێڕایەڵی خودی خودا.

## ڕۆحە پیسەکان کێن؟ وە ئیبلیس کێیە؟

عیسا لە چوارچێوەی خزمەتەکەیدا زۆر ڕوبەڕوی ڕۆحە پیسەکان بووەوە (بۆ نمونە، بڕوانە لۆقا ٨: ٢٦ – ٣٧). بەڵام لەڕاستیدا، نووسەرانی ئینجیل گرنگی ئەمەیان شی نەکردۆتەوە. دیارە ئەوان وای دادەنێن ئێمە ئەو شتە دەزانین. سوپاس بۆ خودا، هەندێک زانیاریمان هەیە لە پەیمانی نوێ کە یارمەتیمان دەدات بۆ داخستنی هەندێک کەلێن و بۆشایی لە زانیارییەکانمان. لە دووەم نامەی پەتروس، پەترۆسی نێردراو لە باسی ئەو فریشتانە دەنووسێت کە گوناهیان کرد:

> «**خودا بەزەیی بەو فریشتانەدا نەهاتەوە کە گوناهیان کرد، بەڵکو فڕێیدانە دۆزەخ و لەنێو تاریکیدا بەندی کردن و بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە هەڵیگرتن**». (دووەم پەترۆس ٢: ٤)

وە لە نامەی یەهوزا نووسراوە:

> «**هەروەها ئەو فریشتانەی کە پلە و پایەکانی خۆیان نەپاراست، بەڵکو شوێنی خۆیان بەجێهێشت، بە کۆتی هەتاهەتایی بۆ سزای ڕۆژی گەورە لەژێر تاریکیدا هەڵگیران**». (یەهوزا ٦)

لەم دوو ئایەتەوە، دەتوانین بڵێین کەوا ڕۆحە پیسەکان بریتین لەو فریشتانەی ڕۆژانێک لە ئاسمان بوون «نشینگەیان لە ئاسمان بووە»، بەڵام هەڵەیان کرد سەبارەت بە خودا، لەبەرئەوەی «پلە و پایەکانی خۆیان نەپاراست». کتێبی پیرۆز بە دیاریکراوی واتای ئەمەمان پێ ناڵێت، بەڵام دیارە کە ڕۆحە پیسەکان یاخی بوون لەو پێگەیەی خودا پێی بەخشیبوون. وە لە ئەنجامی ئەوە، ئەم کۆمەڵەیە خرانە دۆزەخەوە، کە چاوەڕێی حوکمدانی کۆتایی خودا دەکەن.

ئیبلیس تەنها فریشتەیەکی کەوتووە، سەرکردەی ڕۆحە پیسەکانە. ناوەکەی واتا «ڕکابەر»، وە ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ بەرهەڵستیکردنی خودا و گەلەکەی بە بەردەوامی.

ئیبلیس و ڕۆحە پیسەکان بوونەوەری بەهێزن، بەڵام بێ سنوور نین، هەندێک کات بە کۆمەڵ ئەشکەنجەی خەڵکی دەدەن (بۆ نمونە بڕوانە لۆقا ٨: ٢). وە ئەوەی زۆر

گرنـگ نەبێـت توانـای ئەوانـە. لەڕاسـتیدا، وادیـارە هەندێـک لـەو ڕۆحـە پیسـانە زیاتـر یـا کەمـتر شـەڕانگێزتر یـان وێرانکارتـر بـن لەوانـی دیکـە (مەتـا ١٢: ٤٥). ڕۆحـە پیسـەکان ناتوانـن لـە هەمـوو کاتێـکدا لـە هەمـوو شـوێنێک بـن، بـەڵام ئـەوان بوونەوەرێکـن دەبێـت بێـن و بـڕۆن (بڕوانـە یاقـوب ٤: ٧؛ لۆقـا ٤: ١٣). ڕۆحـە پیسـەکان هەمـوو شـتێک نازانـن، لەبـەر ئـەوەی تەنهـا خـودا دەزانێـت لـە داهاتـوودا چـی ڕوودەدات (ئیشـایا ٤٦: ٩ -١٠) وە دڵ و مێشکەکان دەپشکنێت (ئاشکراکردن ٢: ٢٣).

## ڕۆحە پیسەکان چی دەکەن؟

کتێبـی پیـرۆز نیشـانمان دەدات کـە ئیبلیـس و ڕۆحـە پیسـەکانی دیکـە لـە کارەکانیـان لـە جیهان تێدەکۆشن. وە بە شێوەیەکی تایبەت هەوڵ دەدەن بۆ دروستکردن و هاندان بۆ:

- **ئـازار و کێشـەی جەسـتەیی** -زۆر جـار ڕۆحـە پیسـەکان دەبنە هـۆکاری کەموکورتی و ئەشـکەنجەی جەسـتەیی بـۆ مـرۆڤ. وادیـارە ئـەوان بەمـە دڵخۆشـن (بـۆ نمونـە: مەتـا ١٢: ٢٢).
- **سەرلێشـیواوی و ناتـەواوی مێشـک** -کاتێـک ڕۆحـە پیسـەکان چـالاک دەبـن، هەندێـک جـار خەڵکـی توانایـان بەسـەر هەڵسـوکەوتیان بـە شـێوەیەکی ئاقڵانـە و جڵەوگیـر لەدەسـت دەدەن (بـۆ نمونـە: مەرقـۆس ٥: ١ -١٣).
- **پەرسـتنی سـاختە** -بـت و خواوەنـدە درۆیینـەکان کـە گـەلی کەنعـان دەیانپەرسـت لـە ڕاسـتیدا ڕۆحـی پیـس بـوون (بڕوانـە دواوتـار ٣٢: ١٧). کاتێـک خەڵکـی پەرسـتیان، لەڕاسـتیدا ئیبلیـس و ڕۆحـە پیسـەکانییان دەپەرسـت.
- **گونـاه لـە گەلـی خـودا** -دەبینیـن ئیبلیـس گـەلی خـودا تاقـی دەکاتـەوە کـە لـە خـودا یاخـی بـن (بڕوانـە یەکـەم پوختـەی مێـژوو ٢١: ١؛ لۆقـا ٢٢: ٣١). هەروەهـا شـەیتان لـە دژیـان تەڵـە دادەنێـت (ئەفسـۆس ٦: ١١) بـۆ ئـەوەی لـە لایەنـی ڕۆحییـەوە لەناویـان ببـات.

وە بـۆ ئـەوەی ئـەم ئامانجانـە بەدەسـت بهێنـن، دەبینیـن ڕۆحـە پیسـەکان ئـەم ستراتیژییانەی خوارەوە جێبەجێ دەکەن:

- **هێـرش** -کتێبـی پـیرۆز کەسـانێکمان پیشـان دەدات کـە بـە شـێوەیەکی تایبـەت کاریگەربـوون بـە توانـا و کاریگـەری ڕۆحـە پیسـەکان (دەتوانیـن بڵێیـن ئـەوان

«ڕۆحی پیسیان تێدایە» یان «ڕۆحی پیس دەستی لێ وەشاندوون»). بەڵکو (ئەفەسۆس ٦: ١٦) باسی ئەوە دەکات «**تیرە گڕدارەکانی شەیتان**»، وە دیارە ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە باوەڕداران پێشبینی تاقیکردنەوەی هێرشی بەردەوامی ڕۆحیی بکەن لەلایەن هێزە شەیتانییەکان.

- **هەڵخەڵەتاندن** -عیسای پەروەردگار لەبارەی شەیتانەوە گوتی «**کاتێک درۆ دەکات، بە زمانی خۆی قسە دەکات، چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە**» (یۆحەنا ٨: ٤٤). هێزە شەیتانییەکان خەڵکی فریو دەدەن بۆ ئەوەی باوەڕ بە خودا نەکەن، وە بێ باوەڕان کوێر بکەن لەئاست جوانی و ڕاستی ڕزگاری خودایی لە عیسادا (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤). ئەگەر ئیبلیس لە بارەی نیازەکانییەوە ڕاستگۆبووایە، ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی دوای دەکەوتن. بەڵام ئەو لەبری ئەمە، وا پیشان دەدات ئەو فریشتەی ڕووناکییە بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر هەڵبخەڵەتێنێ (کۆرنسۆس ١١: ١٣ -١٥).
- **فریودان** -ئیبلیس خەڵکی فریودەدات بۆ ئەوەی بکەونە ناو گوناهەوە بە هاندانیان بۆ هەڵسوکەوتێک کەوا بەندە بە بیرۆکە گەمژەییەکانیانەوە (پەیدابوون ٣: ٤ -٦)، وە بە ئارەزوە لە ڕادە بەدەرەکانیان (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٥)، و مەیلە هەڵەکانیان (کردار ٥: ٣).



### ساموئێل

بەم دواییانە، ساموئێل بەدەست خەمۆکییەوە دەیناڵاند، هەتا ئەو ڕادەیەی بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە. پوری پێی گوت ڕەنگە شوورایەکی شەیتانی هەبێت لە ژیانیدا کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی لە زۆربەی کاتەکان ئەو بێزار و خەمبارە. ئایا کێشەکانی ساموئێل لە ئەنجامی گوناهەکانییەتی، یان دەکرێت لۆمەی چالاکی ڕۆحە پیسەکان بکرێت؟ چۆن ئەوە دەزانرێت؟ بەهەرحاڵ، دەبێت چی بکات لەم بارەیەوە؟

## ئایا ڕۆحە پیسەکان بەرپرسیارن لە هەڵسوکەوتەکانم؟

کتێبی پیرۆز هێندە باسی ئەوە ناکات کەوا چالاکییە شەیتانییەکان پەیوەندی بە گوناهەکانمانەوە هەبێت. بەڵام دەبینین کەوا

**سەرچاوەی هەڵسوکەوتە خراپەکانمان زۆرجار دڵی خۆمانە** (مەتا ١٥: ١٩)،

**کە لەوێوە قسەکانمان هەڵدەقوڵێت** (یاقوب ٣: ٥ -٦)،

**وە هەڵسوکەوتمانە** (گەلاتیا ٥: ١٩ – ٢١).

بە شێوەیەکی بنچینەیی، ئێمە نایابین لە کاری خراپە؛ بە ڕادەیەک کە زۆر پێویستمان بە کاریگەری شەیتانی نییە بۆ ئەوەی گوناە بکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە وریابین کاتێک بیردەکەینەوە لەو ڕێگایەی کە ڕۆحی پیس پێی کاردەکات لە ژیانماندا. مەترسییەکی گەورە هەیە لەوەی کە بە تەواوی ئاگادارنەبین لەو توانا شاراوەی هەوڵی زیان پێگەیاندنمان دەدات بە زیانێکی ڕۆحی توند. پێویستە بەرهەڵستی شەیتان بکەین (یاقوب ٤: ٧)، وە بە توندی نوێژ بکەین لە دژی کاریگەری لەسەر ژیانمان و جیهانی دەوروپشتمان (مەتا ٦: ١٣). پەترۆسی نێردراو باوەڕداران ئاگادار دەکاتەوە:

**«چاوکراوە بن و ئێشک بگرن، شەیتانی دوژمنتان وەک شێرێکی بە نەڕەنەڕ دەسووڕێتەوە، بەدوای یەکێکدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی بیخوات.»** (یەکەم پەترۆس ٥: ٨)

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، پێویستە بەدوای ئەوەدا نەگەڕێین و وای دانەنێین کە لە پشت هەموو کێشەیەک یان دۆخێک کە تێیدا تووشی ئازار دەبین ڕۆحێکی پیس هەیە، کتێبی پیرۆز وای دانانێت کە هەموو تاقیکردنەوەیەکی نەخۆشی، ئالودەبوون، و شکست لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی چالاکی شەیتانی بێت. هەندێک جار، ئێمە خۆمان دەبینە کێشە، کە هەڵدەستین بە چەند شتێک کەوا دەزانین هەڵەیە، وە خۆمان دەدەینە دەست ئارەزووە هەڵەکانمان، وە بژاردەی گەمژانە هەڵدەبژێرین.

لەبەر ئەم هۆکارەیە کەوا وشەی خودا ئەو خەڵکە ئاگادار ناکاتەوە کەوا تووشی تەڵەی گوناە بوونەتەوە بگەڕێن و ئەو ڕۆحە پیسانە دەربکەن کەوا بوونەتە هۆی کێشە، بەڵکو دەڵێت شتی زۆر لە (بێزاربوون) زیاتر بکەن، وەک ڕاکردن لە ئارەزووە گەنجانەکان (دووەم تیمۆساوس ٢: ٢٢)، وە بەرهەڵستی شەیتان (یەکەم پەترۆس ٥: ٩)، دانانن بە گوناهەکانیان لەلای یەکتر (یاقوب ٥: ١٦).

**«ئێوەش کە بەهۆی گوناه و خەتەنە نەکردنی جەستەتان مردبوون، خودا لەگەڵ مەسیحدا زیندووی کردنەوە. لە هەموو گوناهەکانمان خۆشبوو. ئەو تۆمارە یاساییەی سڕییەوە کە ئێمەی پێ گوناهبار بووین و لە دژمان بوو، هەڵیگرت و بە خاچەوە بزمارکوتی کرد. سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارانی چەککرد و بە ئاشکرا کردنییە پەند و لە خاچدا بەسەریاندا زاڵبوو».** (کۆلۆسی ٢: ١٣ -١٥)

لە کۆتاییدا، گرنگترین شت کە پێویستە دەربارەی ئیبلیس و ڕۆحی پیس بیزانین ئەوەیە کە عیسا بە ژیان و مردن و هەستانەوەی بەسەریاندا سەرکەوت! ئێستا، کاتێک لەم بڕگەیەدا پۆڵس قسەی کرد لە بارەی «سەرۆکەکان و دەسەڵاتداران»، ئاماژە دەکات بە شەیتان و ڕۆحە پیسەکانی (بڕوانە ئەفەسۆس ٦: ١٢ بۆ زانیاری لەسەر دەربڕینی هاوشێوە). کاتێک عیسا لەسەر خاچ مرد، سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی بەدەستهێنا بەسەر ئەو هێزانەی کە بەرهەڵستی خودا و گەلەکەیان دەکرد. وە ئەم هێزانە چەککران لەبەرئەوەی عیسا هەموو ئەو شتانەی لێ داماڵین کە دەیانتوانی لە دژمان بەکاری بهێنن.

کاتێک ئیبلیس گەلی خودا تاوانبار دەکات بە گوناه، دەبینێت کەوا گوناه و هەڵەکانمان بەڕاستی نرخەکەی دراوە؛ وە بە بزمار لە خاچی عیسا دراوە.

کەواتە، لە کۆتاییدا، هیچ هێزێک نییە لە جیهان بتوانێت یەکێک لە منداڵەکانی خودا لە خۆشەویستییەکەی جیا بکاتەوە -هەرچەندە بەهێزبێت، وە هەرچەند خراپ بێت. (ڕۆما ٨: ٣٨ – ٣٩).

## ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**«ڕۆڵە خۆشەویستەکان، ئێوە لە خوداوەن و بەسەر ئەو پێغەمبەرە درۆزنانەدا زاڵ بوون، چونکە ڕۆحی خودا ئەوەی لە ئێوەدایە گەورەترە لە ڕۆحی شەیتان ئەوەی لە جیهاندایە.»** (یەکەم یۆحەنا ٤:٤)

## پوختە

فریشتە و ڕۆحە پیسەکان بوونەوەری ڕۆحیی ڕاستەقینەن لە جیهانی دەوروپشتمان کاردەکەن. پێویستە سوپاسگوزاری خودا بین لەپێناو ئەو شێوازانەی کە فریشتە بەکاری دەهێنێ بۆ بایەخدان پێمان، وە هەروەها ئاگاداری ئەو شێوازانە بین کە ڕۆحە پیسەکان پێی هەوڵ دەدەن ئازاری ڕۆحیمان بدەن. بەڵام، کتێبی پیرۆز هانمان نادات کە لەم شتانە وردبینەوە و تێیدا نقووم ببین و بە بێکۆتایی مەزەندەی بکەین. بەڵکو پێویستە تواناکانمان چڕبکەینەوە لە خزمەتکردنی خودا و هەروەها لە ڕۆشنایی ئەوەدا بژین کە عیسا لە ڕێگەی مردن و هەستانەوەی لە پێناوی ئێمە کردی.



# مەبەست چییە؟

**کتێبی پیرۆز یارمەتیمان دەدات**
**بۆ ئەوەی تێبگەین لەوەی**
**ئەو هەڵەیە چی بوو**
**کە لە جیهان ڕوویدا.**

# ٥- بەدیهێنان و کەوتن

## پوختەی ئەوەی فێری بووین

هەتا ئێستا سەرنجمان لەو شتانە دا کە هەتا ڕادەیەکی زۆر بە چاوەکانمان نایبینین: سێیانەیی، فریشتە، وە ڕۆحی پیس. ئەم شتانە ناتوانین دەستمان بەربکەوێت یان تامیان بکەین یان بیانبینین، بەڵام ئەوانە زۆر ڕاستەقینەن و کاریگەری ڕاستەقینەیان هەیە لەسەر جیهانەکەمان.

## ساموئێل

ئەگەر تەماشای چیرۆکی ژیانی ساموئێل بکەین، بە زەحمەت لێی تێدەگەین. لە بنەڕەتدا چۆن دەبێت کەسێکی باش و بەخشندە و چاودێریکەری کەسانی دیکە بێت... لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت کاری سامناک بکات، بە تایبەتی لە ڕابردوویدا؟ ساموئێل هەتا ماوەیەکی دورودرێژ سەری لە هاوڕێ چەتەکانی سورمابوو. لە زۆربەی بارودۆخەکاندا، وەفادار و خۆشەویست بوون، بەڵام هەروەها کاری سامناکیشیان لەگەڵ خەڵک دەکرد. بە ڕادەی جیاواز، ئەم دەرکەوتنە ڕەوشتییە لەسەر هەمووان جێبەجێ دەبێت. هەموومان وا دەردەکەوین کە لە تێکەڵەیەکی چاکە و خراپە دروست بووین، باشی و خۆپەرستی. تەنانەت باشترین خەڵکیش هەڵەیان هەیە؛ وە تەناتەت خراپترین کەسەکانیش زۆر کات هەندێک تایبەتمەندیی جوانیان هەیە. چۆن دەتوانین لێکدانەوە بۆ ئەم ڕاستییە بکەین؟

## کێ هەموو ئەمانەی دروست کرد؟

ئەگەر بمانەوێت لەم جیهانەی تێیدا دەژین تێبگەین، باشترە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین. بەم شێوەیە مایەی سەرسورمان نییە کە دەبینین یەکەم شت کە کتێبی پیرۆز چارەسەری کردووە ئەو پرسیارە تایبەتییەیە لە کوێوە هاتووین.

**«لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا.» (پەیدابوون ١: ١)**

ڕەنگە ئەمە وەک لێدوانێکی سادە دەربکەوێت، بەڵام زانیاری گرنگ لەناو ئەم لێدوانەدا کەڵەکە کراوە:

- دەبینین کەوا **جیهان سەرەتای هەیە.** ئەمەش واتای ئەوەیە لە ئەزەلەوە نەبووە. کاتێک هەبووە ئاسمان و زەوی بوونیان نەبووە.
- بەڵام هەروەها دەبینین پێش سەرەتا، بەڕاستی خودا بوونی هەبووە. **خودا سەرەتای نییە؛ بەڵکو ئەو هەمیشە هەیە و لە ئەزەلەوە هەبووە.**
- لە کۆتاییدا، دەبینین کە **خودا زەوی و ئاسمانی بەدیهێناوە.** ئەم شتانە لەڕێگەی هێزێکی تایبەتی سروشتەوە نەهاتوونەتە بوون، هیچ شتێک «تەنها ڕووداوێک» نییە. خودا هەموو گەردوونی بەدیهێناوە بە سادەیی فەرمانی هەر هەرشتێکی کردووە بەدیهاتووە. (پەیدابوون ١: ٣) پێمان دەڵێت «خودا فەرمووی: **«با ڕووناکی ببێت.» ئینجا ڕووناکی بوو».**

ئەگەر جیهانی ئێمە بەرهەمی «ڕێکەوت» بێت، ئەگەر لەڕێگەی تەقینەوەیەکی گەورە یان پەرەسەندنێکی هێواش بە درێژایی کات خۆی بەدیهێنابێ، ئەوکاتە قورس دەبوو ببینین کە هیچ واتایەک یان مەبەستێکی تێدا هەیە.

**واتای چییە کە بڵێین «ڕاست» یان «هەڵە» هەیە ئەگەر هەموو شتێک بە ڕێکەوت هاتبێتە بوون؟**

**چۆن دەتوانین بڵێین کە شتێک «باشە» یان «خراپە» ئەگەر زیاتر نەبین لە ئەنجامی کارلێکێکی کیمایی و وزە؟**

بەڵام ئەمە ئەو جیهانە نییە کە تێیدا دەژین. خودا کە ئەم جیهانەی دروست کردووە کەسێکە؛ وە ئەو دەماناسێت و دەکرێت ئێمەش بیناسین. لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی بەدیهێناوە (لەوانەش ئێمە!) ئەوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە (لەوانەش ئێمە!)، وە مافی ئەوەی هەیە دیاری بکات چی ڕاستە و چی هەڵەیە. «دەسەڵات» مافی بڕیاردانی لە یاساکان هەیە، وە خودای بەدیهێنەر ئەو بڕیار لە یاساکان دەدات بۆ ئەو گەردونەی کە موڵکی خۆیەتی. ئەو پێمان دەڵێت چۆن بژین، وە ئەو پێمان دەڵێت چی باشە و چی خراپە، وە پێویستی بە ئامۆژگاری و یارمەتی ئێمە نییە. سەرەڕای ئەوەش، مافی ئەوەمان نییە کە گفتوگۆی ئەو بڕیارانە بکەین کە

خـودا دەیـدات و مشـتومڕی لەگـەڵ بکەیـن لەبـارەی هەڵسـوکەوتەکانیەوە. بـۆ نمونـە، بڕوانـە ئـەو سەرزەنشـتەی ئەیـوب کـەوا کـرا، لـە (ئەیـوب ٣٨ -٤١) کاتێـک هەوڵـی دا داوا لە خودا بکات هەڵوێست و هۆکاری هەڵسوکەوتی لەگەڵی بۆ ڕوون بکاتەوە!

هەروەهـا ڕاسـتی ئـەوەی خـودا جیهـانی بەدیهێنـاوە واتـا هەمـوو ئـەو شـتانە شـتی گرنگـمان پـێ دەڵێـن دەربـارەی ئـەو کەسـەی بەدیهێنـاوە. بـە تـەواوی وەک ئـەو تابلـۆ یـان پارچـە هەڵکۆڵـراوەی شـتێک لـە داهێنـان و تێروانینـی ئـەو هونەرمەندەمـان پـێ ڕادەگەینێ کـە دروسـتی کـردووە، بـەم شـێوەیە ئـەم جیهانـەی خـودا دروسـتی کـردووە شـتێک لـە کەسـایەتی ئەومـان پیشـان دەدات. پۆڵسـی نێـردراو پێـمان ڕادەگەیەنـێ کـە هەمـوو مرۆڤێـک دەزانێـت خـودا بـوونی هەیـە، لەبەرئـەوەی ئـەو لـەو شـتانەوە خـۆی پیشـاندایـن کە بەدیهێناوە:

**«چونکـە ئـەوەی کـە دەبێـت لەبـارەی خـوداوە بزانرێـت، لـەلای ئـەوان ئاشـکرایە، لەبـەر ئـەوەی خـودا بـۆی دەرخسـتوون. لەبـەر ئـەوەی سـیفەتە نەبینراوەکانـی خـودا، توانـا هەتاهەتایـی و خودایەتییەکـەی، لـە بەدیهێنانـی جیهانـەوە بەهـۆی دروسـتکراوان درکیـان پـێ کـراوە و بـە ڕوونـی بیـنراون، بۆیـە بـێ بیانـوون.»** (ڕۆمـا ١: ١٩ -٢٠)

داودی پاشا لە زەبووردا دەنووسێت و دەڵێت:

**«ئاسـمان باسـی شـکۆی خـودا دەکات، گـەردوون کارەکانـی دەسـتی ڕادەگەیەنێـت.»** (زەبـووری ١: ١٩)

تەنهـا بـە تەماشـاکردنی ئـەو جیهانـەی کـە خـودا بەدیهێنـاوە، دەتوانیـن لـە جۆرەهـا شتی تایبەت بە «سروشتی خودایەتی» تێبگەین. وە

شکۆمەندی،

و توانای،

و جوانی،

و داهێنانی،

و دادپەروەری،

و توانای،

هەمووی لە بەدیهێنراوانی دیارە.

**ڕاوەستە**

ئایا ئەو ڕاستییەی کە خودا هەموو شتێکی دروستکردووە واتای ئەوەیە مەبەستێک هەیە لەپشت دروستکردنی جیهان؟ ئەگەر هەموو شتێک لەخۆیەوە دەستی بەبوون کردبێت، ئایا دەتوانرا جیهان واتا و مەبەستێکی کۆتایی هەبێت؟

## •لە وێنەکەدا

سیپارەی پەیدابوون پێمان ڕادەگەیەنێت کە خودا جیهانی بە ماوەی شەش ڕۆژ بەدیهێناوە (وە لە ڕۆژی حەوتەم لە کاری بەدیهێنان حەسایەوە). لە هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی بەدیهێنان، خودا شتێکی نوێی دروستکرد. بۆ نمونە، لە ڕۆژی سێیەمدا هەموو جۆرە ڕووەک و درەختێکی دروستکرد، وە لە ڕۆژی شەشەمدا خودا یەکەم بوونەوەری مرۆڤی دروستکرد: ئادم (یەکەم پیاو)، وە حەوا (یەکەم ژن). پێکەوە، نیشانەی ترۆپکی کاری خودا بوون.

> **«ئینجا خودا فەرمووی: «با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێت. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن.» خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان. خودا بەرەکەتداری کردن و پێی فەرموون: «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە».** (پەیدابوون ١: ٢٦ -٢٨)

تێبینی بکە لەم ئایەتانەوە چی فێردەبین لەبارەی مرۆڤەوە:

- مرۆڤ بە نێر و مێ بەدیهێنراوە، لە سەرەتاوە ڕەگەز بیرۆکەی خودا بووە.
- «دەسەڵاتی» بەسەر جیهاندا بە مرۆڤ بەخشی. بە واتایەکی دیکە، پێویست بوو وەکو بریکاری خودا کار بکەن لەسەر زەوی. وە ئەوان ئەوە دەکەن لە

کاتێکـدا زەوی پـڕ دەکـەن لـە مرۆڤـی زیاتـر، وە پێویسـتە هەموویـان گرنگـی بـدەن بـە ئـاژەڵ و ڕووەک و بەدیهێنراوانـی دیکـە و بەسـەریاندا زاڵ بـن.

- مرۆڤـی لـە شـێوەی خـودا بەدیهێنـا. زیاتـر لـە هەمـوو بەشـەکانی دیکـەی بەدیهێـنراوان، ژنـان و پیـاوانی وا دیزایـن کـرد بـۆ ئـەوەی بـە ڕوونی دەربکەوێـت خـودا چۆنـە. خەڵکـی توانایـان هەیـە کـە ئاقلانـە بیـر بکەنـەوە، وە پەیوەنـدی کەسیی دروسـت بکـەن، وە داهێنـان بکـەن لـە کاری جـوان، وە بڕیـاری ڕەوشـتی بـدەن. بـەم ڕێگایانـە (وە هیتریـش)، دەبنـە ڕەنگدانـەوەی شـتێک لـە چاکیـی خـودا و کەسـایەتییەکەی.

## ڕاوەستە

هـەر مرۆڤێـک کـە چـاوت پێـی کەوتـووە یـان ڕۆژێـک چـاوت پێـی دەکەوێـت لـە شـێوەی خـودا دروسـتکراوە. ئـەم شـێوازەی کـە بیـری لـێ دەکەیتـەوە دەربـارەی بەهـای ژیـانی مرۆڤایـەتی چـۆن دروسـت دەبێـت؟ چـۆن ئەمـە ئـەو شـێوازە دەگۆڕێـت کـە لـە ژیـانی ڕۆژانـە لەگـەڵ کەسـانی دیکـە مامەڵـەی پـێ دەکەیـت؟

**«بـەڵام کـەس ناتوانێـت زمـان دەسـتەمۆ بـکات. خراپەیەکـە ناگیرێـت، پـڕە لـە ژەهـری کوشـندە. بـە زمـان ستایشـی یـەزدان و خـودای بـاوک دەکەیـن، هـەر بـە هەمـان زمانیـش نەفـرەت لـەو خەڵکـە دەکەیـن کـە لـە شـێوەی خـودا دروسـتکراون».** (یاقـوب ٣: ٨-٩)

## کەوتنی وێرانکەر

لـەدوای بەدیهێنانـی ئـادەم و حـەوا، خـودا ڕایگەیانـد کـە هەمـوو ئەوانـەی کردوویـەتی «زۆر باشـە» (پەیدابـوون ١: ٣١). بـەڵام کاتێکـی زۆر نەخایانـد هەتـا ئـەوەی کارەکان لـە باشـەوە بـەرەو خـراپ گـۆڕان. کـەوا دەبینیـن خـودا بـە ئـادەم و حـەوای ڕاگەیانـد ئـەوان ئـازادن لـە خـواردنی هـەر شـتێک لـەو جیهانـەی خـودا دروسـتی کـردووە -جگـە لـە تەنها یەک شـت. پێویسـت بـوو لەسـەریان لـە درەختـی زانینـی باشـە و خراپـە نەخـۆن. هەتـا ئـەوەی گوێڕایەڵـی ڕاسـپاردەکەی خـودا بوونـا، بـۆ هەتاهەتایـە لـە خۆشـی تـەواودا دەژیـان، بـەڵام ئەگەر لە خودا یاخی بوون و لەو درەختەیان خوارد، بە مردن دەمرن (پەیدابوون ٢:٧).

ڕەنگە بزانیت تەواوکەری چیرۆکەکە چۆن دەبێت. شەیتان لە بەهەشت لە شێوەی مار دەرکەوت، وە حەوای هەڵخەڵەتاند. ئەنجامەکەی کارەسات بوو:

**«مار لە هەموو ئاژەڵی کێوی سەر زەوی، ئەوانەی یەزدانی پەروەردگار دروستی کردبوون زۆرزانتر و تەڵەکەبازتر بوو. بە ئافرەتەکەی گوت: «ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: "بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟"» ئافرەتەکەش بە مارەکەی گوت: «بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی: "بۆتان نییە لە بەری ئەو درەختە بخۆن، کە لە ناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن."» مارەکە بە ئافرەتەکەی گوت: «نا بەڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێدێت و چاکە و خراپە دەزانن». کاتێک ئافرەتەکە بینی بەری درەختەکە بۆ خواردن باشە، چاو ئارەزووی دەکات و وای لێ دەکات دانا بێت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی.» (پەیدابوون ٣: ١ - ٦)**

ئایا تێبینیت کرد چی لە کرۆکی تاقیکردنەوەکەی شەیتاندایە؟ گومانی دروستکرد لەوەی داخوا پێویستە ئادەم و حەوا باوەڕ بە قسەکانی خودا بکەن و گوێ ڕایەڵی بن. وە ئەو پێشنیاری ئەوەی کرد کەوا خودا مەبەستی ئەوە نەبووە کە گوتوویەتی، وە ئەگەر مەبەستیشی بووبێت، پێویستە باوەڕی پێ نەکەن. حەوا بڕیاری دا (لەدوای ئەویش ئادەم) کە باوەڕ نەکات و گوێ ڕایەلی خودا نەبێت، وە بەم شێوەیە گوناه هاتە جیهانەوە. هەندێک جار، باوەڕداران بە مەسیح لەژێر ناوی (کەوتن) ئاماژە بەمە دەکەن لەبەر ئەوەی کاتێک ئادەم و حەوا هەڵەیان کرد، ڕەگەزی مرۆڤایەتی تووشی (کەوتن) بوو لە باری تەواوەوە بۆ باری گوناه.

## ساموئێل

وا دەردەکەوێت کە ملیۆنان دەنگ لە گوێی ساموئێل دەزرنگێتەوە. کەسانی دەوروپشتی بۆچونیان هەیە لەبارەی ئەو شێوازەی کە پێویستە پێی بژێت. هاوڕێ کۆنەکانی دڵخۆش

دیارن بە ژیانی پڕ لە خواردنەوە و مادەی هۆشبەر و گەڕان لە هەموو شوێنێک، لە کاتێکدا وادیارە خێزانەکەی تەنها خەریکی دابینکردنی پێویستییە مادییەکانیانن. ئینجا دەبینێت کە وشەی خودا تێڕوانینی تەواو جیاوازی هەیە لەو شێوازەی پێویستە پێی بژیێت. چۆن بزانین دەبێت متمانە بە «دەنگی» کێ بکەین؟ هەروەک دەبینین، هەموو کێشەکانمان ئەو کاتە دەستی پێکرد کەسێک گوێی لە دەنگێک گرت جگە لە دەنگی خودا.

## ئەنجامەکان

گوناهەکەی ئادەم و حەوا ئەنجامی سامناکی هەبوو، نەک هەر لەسەر خۆیان، بەڵکو لەسەر هەموو مرۆڤایەتی کە لەدوای ئەوانەوە هاتن. ئەمەی خوارەوە کەمێک لەو دەرەنجامانەیە:

- **گوناه** - هەر نەوەیەکی ئادەم لەدایک دەبێت (واتا من و تۆ و هەموو مرۆڤەکانی دیکە) بە سروشتێکی گوناهباری بۆماوەیی لەدایک دەبین. ئێمە هەموومان گوناه دەکەین لەبەرئەوەی هەموومان گوناهبارین؛ ئەو کارە خراپانەی کە دەیکەین لە دڵی خراپمانەوە سەرهەڵدەدات.
- **مردن** - خودا بەڵێنی دا کە یاخیبوون مردن دەهێنێت، وە هەر ڕێک ئەمە ڕوویدا. کاتێک ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، مردنی جەستەیی هاتە جیهانەوە. بەڵام لەمەش زیاتر، ئەوەیە کە هەروەها «مردنی ڕۆحی»یش بوو بە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. ئێمە لە لایەنی ڕۆحییەوە مردووین (ئەفەسۆس ٢: ١) وە شایانی سزای هەتاهەتایین لەسەر یاخیبوونمان لە خودا.
- **نەفرەت** - بەهۆی گوناهەوە، هەموو بەدیهێنراوان کەوتنە ژێر نەفرەتەوە (پەیدابوون ٣: ١٦ -١٩؛ ڕۆما ٨: ٢٠ – ٢٢). ئیتر جیهان بەو شێوازە کار ناکات کە پێویستە کاری پێ بکات. کارەساتە سروشتییەکان و برسییەتی و بێکاری و ئازار و کێشەکان هەمووی لە ئەنجامی گوناهن.

## ڕوونکردنەوە

ئایا پێشترماڵی ئاوێنەت بینیوە؟ ئەگەر تەماشای یەکێک لەو ئاوێنانەت کرد کە چەماوەتەوە بۆ ناوەوە، وێنەی خۆت دەبینیت، بەڵام بە شێوەیەکی پێکەنیناوی کورتتر

و قەڵەوتر دەردەکەویت. وە ئەگەر تەماشای ئاوێنەیەکی قۆقز بکەیت، وێنەی خۆت دەبینیت، بەڵام بە شێوەیەکی پێکەنیناوی درێژتر و باریکتر دەردەکەوت. ڕەنگە ئەم ڕێگایە سوودبەخش بێت بۆ یارمەتیدانت لە بیرکردنەوە لە واتای ئەوەی مرۆڤەکان «کەوتوون» و لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە شێوەی خودا بەدیهاتووین. هێشتا ڕەنگدانەوەی وێنەی خودا دەکەین، بەڵام لەبری ئەوەی وێنەیەکی ڕوون و ساف بێت دەبینین بە شێوەیەکی خراپ شێواوە. ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی هەمان کەس دەکرێت توانای هەبێت بۆ خۆشەویستی و ڕق، یان بۆ نەرمونیانی و دڵرەقی.

## ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**«لەبەر ئەوەی هەمووان گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا دووركەوتنەوە».** (ڕۆما ٣: ٢٣)

## پوختە

خودا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، ئیتر ئەو دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر جیهان و هەموو ئەوانەی تێیدا دەژین. ئادەم و حەوای بەدیهێنا بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی وێنەی ئەو بن و بایەخ بدەن بە جیهان، بەڵام ئەوان ڕەزامەند نەبوون بەوەی باوەڕ بە قسەکانی بکەن و گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی بن. بەم شێوەیە باوەڕیان بە خودا نەکرد و لێی یاخی بوون. لە ئەنجامی ئەمەدا، هەموو خەڵکی بوونە گوناهبار و دووركەوتنەوە لە خودا و کەوتنە ژێر حوکمدانی ڕاستودروستی.

# مەبەست چییە؟

## مردنی عیسا لەسەر خاچ
## بەخششێکی سەرسوڕهێنەرە

# ٦- کەفارەت و بژاردە

## پوختەی ئەوەی فێری بووین

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە خودا هەموو مرۆڤێکی لە وێنەی خۆی بەدیهێناوە. وە لە ئەنجامی ئەمە، هەموو خەڵکێک شکۆمەندی و توانای خۆشەویستی و جوانی و داهێنانیان هەیە. بەڵام بەهۆی گوناهەوە، ئێمە هەموو لە خودا دابڕاوین و بە ڕۆح مردووین. چۆن دەتوانین خۆمان ئاشت بکەینەوە لەگەڵ خودا کەوا خۆمان کردۆتە دوژمنی خودا؟ چۆن دەکرێت کەسانی بە ڕۆح مردوو بگەڕێنەوە بۆ ژیان؟

## ساموئێل

بە درێژایی ژیانی، ساموئێل دەورەدرابوو بە وێنەی خاچی عیسا. هەروەها خاچی داری گەورە بەسەر سەریەوە بوو لەسەر لوتکەی کڵێساکانی نیشتمانەکەی. وە ئەو خاچانەی وێنەی عیسای لەسەر بوو بە ملی قەشەکانەوە هەڵواسرابوو. وە ئەندامانی گروپە چەتەکە تاتۆ لەسەر پشتیان دەکێشن کە بریتییە لە خاچی گەورە. هەروەها هەر کاتێک شتێکی گرنگ ڕووی دەدا ژنە بەتەمەنەکان بە دەستیان نیشانەی خاچیان دەکێشا. بەڵام هەرگیز ئەو لە واتای خاچ تێنەگەیشت وە یان بۆچی پێویست بوو عیسا بەم شێوازە بمرێت.

## مردنی عیسا چۆن ڕزگارمان دەکات

ناتوانین باری گوناهەکەمان چاک بکەین لەبەرئەوەی خۆمان کێشەکەین، وە چارەسەر نییە! ئەگەر بمانەوێت کارەکە چاک بکەینەوە، دەبێت خودا خۆی هەستێت بەو چاککردنەوەیە. سوپاس بۆخوا، بە ناردنی کوڕەکەی لەپێناوی ئێمە ڕێک ئەمەی کرد.

**«لەبەر ئەوەی هەمووان گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا دوورکەوتنەوە و بەخۆڕایی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان کران، بەو کڕینەوەیەی] کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە هەیە. خودا مەسیحی وەک کەفارەتپێشکەش کرد، ئەگەر باوەڕ بە خوێنی**

**ئـەو بهێنیـن. ئەمـەی بـۆ دەرخسـتنی دادپەروەرییەکـەی خـۆی کـرد، بـۆ چاوپۆشـیکردن لـە گوناهەکانـی ڕابـردوو، بـە پشـوودرێژیی خـودا، هەروەهـا بـۆ دەرخسـتنی دادپەروەرییەکـەی لـە کاتـی ئێسـتادا، تاکـو دادپـەروەر بێـت و ئەوانـە بێتـاوان بـکات کـە باوەڕیـان بـە عیسـایە».**
(ڕۆمـا ٣: ٢٣ -٢٦)

ڕەنگـە ئـەم برگەیـەی نووسـینەکانی پۆڵـسی نێـردراو لـە یەکـەم سـاتدا وا دەربکەوێـت تێگەیشـتنی قـورس بێـت. بەهەرحـاڵ، ئـەم بڕگەیـە پـڕە لـەو وشـانەی زۆر بەکاریـان ناهێنیـن. بـەڵام ئەگـەر لـە دەقەکـە دەری بهێنیـن، دەبینیـن بـە تـەواوی پێـمان ڕادەگەینـێ چۆن مردنی عیسا ڕزگارمان دەکات:

- پۆڵـس بەبیرمـان دەخاتـەوە کـە ئێمـە هەموومـان گوناهـمان کـرد. لـە بەشـی پێشـوو سـەرنجمان خسـتە سـەر ئەمـە. بـۆ ئـەم کێشـەیە پێویسـتمان بەوەیـە کـە خـودا لەپێناومـان چارەسـەری بـکات.
- سـەرەرای ئـەوەی گوناهـمان کـرد، بـەڵام دەکرێـت لێـی بێبـەری بیـن. لێـی بێبـەری بیـن واتـا وەک کەسـانی ڕاستودروسـت قبـوڵ بکرێیـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا کارەکـە لـەوە گەورەتـرە تەنهـا «بـێ گونـاه» بیـن؛ ئـەوە ڕاگەیانـدنی ئەوەیـە ئێمـە باشـین و لـە بارێکـی باشـداین.
- تاکـە ڕێـگا کـە پێـی بێتـاوان دەبیـن بەخششـی بەرەکـەتی خودایـە. ئێمـە ناتوانیـن خۆمـان بێتـاوان بکەیـن لەبـەر ئـەوەی تەنانـەت ئەگـەر ئێسـتاش واز لـە گونـاه بهێنیـن (کـە ئەمـەش ڕوونـادات!)، بـەڵام هێشـتا تاوانباریـن بـە زۆرێـک لـە گونـاه کـە لـە ڕابـردوودا کردوومانـە. پێویسـتمان بەوەیـە خـودا لەگەڵـمان میهرەبـان بێت، وە بارێکـی ڕاسـت بـە گوناهبـاران ببەخشـێت لەبەردەمـی وەک بەخشـندەییەک بێـت کـەوا شـایانی نیـن.
- ئـەم بەخششـە لەڕێـی ئـەو قوربانییـەی عیسـای مەسـیحەوە بۆمـان هـات. وە ئەمـەش واتـا، تەنهـا لـە ڕێگـەی عیسـاوە خـودا ڕزگارمـان دەکات لـە کێشـەی گوناهەکەمـان.
- ئـەو ڕێگەیـەی کـە خـودا ئەمـەی پـێ دەکات بـە پێشکەشـکردنی عیسـا وەک ڕازیکـردن و کەفـارەت لەپێناومـان. ئەمـە ڕێگەیەکـی ئاڵـۆزە (بـەڵام گرنگـە) پێـی

دەڵێـن کـەوا «شـتێکە تورەیـی ڕازی دەکات». خـودا لـە گوناهەکانمـان تـووڕە بـوو، وە هەمـوو مافێکـی ئـەوەی هەبـوو، بـەڵام عیسـا ئـەم ڕازکردنـەی دروسـتکرد بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ خـودا ئاشـتمان بکاتـەوە. ئێسـتا، وە بەهـۆی ئـەو قوربانییـە تـەواوەی عیسـا، خـودا پێـمان دڵخـۆش بـوو.

- وە عیسـا بـە خوێنـی خـۆی ئەمـەی کرد. لێرەدا، پۆڵـس باسـی مردنی عیسـا دەکات لەسـەر خـاچ. لەسـەر خـاچ، عیسـا تورەیـی خـودای ڕازی کـرد لەپێنـاوی گوناهـی هەمـوو ئەوانـەی بـاوەڕی پـێ دەهێنـن. خـودا دادپەروەریـی ڕاستودروسـتی خـۆی بەسـەر عیسـادا ڕژانـد، لەبەرئـەوە ئێسـتا هیـچ نەماوەتـەوە بۆمـان جگـە لـە خۆشەویسـتی و بەرەکـەت.
- وە ئێمـە بـە بـاوەڕ ئـەم دیارییـە سەرسـورهێنەرە بەدەسـت دەهێنیـن. ڕوونـە کـەوا ناتوانیـن هیـچ زیـاد بکەیـن لەسـەرئەوەی عیسـا کردوویەتـی. هەمـوو ئـەوەی دەتوانیـن بیکەیـن ڕازیبوونـە بـە بەخششـی خـودا بـە پشتبەسـتن بـە عیسـا لەپێنـاو ڕزگاریـمان.
- بـەم ڕێگایـە، خـودا دەری دەخـات کـە دادپـەروەرە و ئەوانـە بێتـاوان دەکات کـە باوەڕیـان بـە عیسـایە. ئـەو ڕاستودروسـت و دادپـەروەرە لەبەرئـەوەی تەنهـا گۆچـانی جادوویـی ڕانەوەشـاند و وای دەربخـات کـە گوناهەکانمـان نەمـان. ئەگـەر خـودا ئـەوەی بکردبـا، ئـەوا خودایەکـی ڕاستودروسـت و دادپـەروەر نەدەبـوو؛ چ دادوەرێـک واز لـە تاوانبـاران دەهێنێـت بـڕۆن و ئازادبـن؟ بـۆ ئـەوەی ئازادمـان بـکات، پێویسـتبوو شـتێک بـکات دەربـارەی تاوانەکەمـان. وە بـەم شـێوەیە، لەبـری ئـەوەی تەنهـا گوناهەکەمـان پشـتگوێ بخـات، خـودا کوڕەکـەی خـۆی نـارد بـۆ ئـەوەی بـە مـردنی لەسـەر خـاچ داواکاری دادپـەروەری ڕازی بـکات لـە دژی گوناهەکانمـان. بـە سـزادانی عیسـا لەسـەر گوناهەکانمـان، خـودا دەیسـەلمێنێت کـە دادپـەروەرە. وە هەروەهـا، ئـەو بێتاوانمـان دەکات لەبـەر ئـەوەی ئـەو خـۆی ئـەم پلانـەی دانـاوە بـۆ ئـەوەی گرنگـی بـدات بـە بابەتـی لێخۆشـبوونی گوناهەکانمـان و گەڕانەوەمـان بـۆی لەڕێگـەی عیسـاوە.

مـردنی عیسـا لەسـەر خـاچ بـە سـادەیی ئاماژەیەکـی نایـاب نەبـوو کـە خۆشەویسـتی دەرببڕێـت. هـەروەک ئـەوەی تەنهـا ڕێگەیـەک نەبـوو تاوەکـو بۆمـان دەربخـات چـۆن

پێویستە قوربانی بدەین لەپێناو یەکتر. کاتێک عیسا لەسەر خاچ مرد، شتێکی لە ڕاستیدا جێبەجێ کرد. کەفارەتی بۆ گوناهەکەمان کرد (قەرەبووی بۆ کردەوە) بەوەی جێگەی ئێمەی گرتەوە، سزاکەی ئێمەی برد، ئینجا بە سەرکەوتوویی لە مردن هەستایەوە.

## ڕاوەستە

زۆر کەس وادەزانێت کە ئایینە جیاوازەکانی جیهان ڕێگەی ڕاست و شەرعی پێشکەش دەکەن لەسەر یەکسانی بۆ ئەوەی خەڵکی لەبارێکی باشدابن لەگەڵ خودا. ئایا مردنی عیسا ئەو شێوازی بیرکردنەوەیە دەگۆڕێت؟ ئەگەر شێوازی دیکە هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی لە گوناهەکانیان پێی ڕزگار بن. بۆچی عیسا هەڵیبژارد ئاوا بمرێت؟ ئەگەر ڕێگەی دیکە هەبێت بۆ ئەوەی پێی مرۆڤ ڕزگاربێت؟ ئایا لە بنەڕەتەوە عیسا دەمرد؟

## گۆڕینەوەی مەزن

**«خودایە ئەوەی ئێمەی بە تایبەت بۆ ئەمە دروستکردووە، ئەویش وەک پێشەکی ڕۆحی پیرۆزی پێمان داوە بۆ دەستەبەری ئەوەی دێت.»** (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١)

پەیوەندی ڕاست لەگەڵ خودا پێویستە نەک تەنها بێ گوناه بین، بەڵکو پێویستە هەروەها ڕاستودروستیش بین. بە سادەیی، تەنها بەس نییە تەنها «خراپ نەبین»؛ هەروەها پێویستە باشیش بین. لە ئەنجامی ئەمەدا، گوناهباران دوو کێشەی سەرکییان هەیە: **کێشەی گوناه و کێشەی ڕاستودروستی.**

- کێشەی گوناهەکانمان ئەوەیە ئێمە گوناهبارین بە کردار و بە بیرکردنەوە و لە خۆشەویستیدا و لە هەموو ئەوەی خراپە.
- کێشەی ڕاستودروستیمان ئەوەیە باشی ڕەوشتمیان کەمە؛ کەوا ئێمە ژیانێکی پیرۆز و بێ لۆمەکردن نەژیاوین.

عیسا هیچ یەکێک لەم دوو کێشەیەی نەبوو، وە ئەمەش واتای ئەوەیە دەتوانێت ڕزگارمان بکات. وە لەبەرئەوەی عیسا خودی خۆی هیچ گوناهێکی نەبوو ئەوا شایانی

ئـەوە نەبـوو بمرێـت. وە کاتێـک لەسـەر خـارچ ژیـانی بەخشـی، تووڕەیـی خـودای لەسـەر گوناهـەکانی خـۆی ئەزمـوون نەکـرد (لەبـەر ئـەوەی هیـچ گوناهێکـی نەبـوو)، بەڵکـو، تـوانی گوناهەکانـی ئێمـە بخاتـە سـەرخۆی. هـەروەک ئـەوەی پۆڵـس لـە (دووەم کۆرنسـۆس ٥: ٢١) دەڵێـت، عیسـا لەپێنـاو ئێمـە بـووە (گوناهبـار). وە لەبەرئـەوەی بـە تـەواوی گوێڕایـەڵ بـوو بۆ باوکی ئاسمانیی، دەتوانێت ڕاستودروستیی خۆیمان وەک بەخشش پێ ببەخشێت.

بـا بەپێـی توانـا بـە ئاسـانی دەریببـڕم: چ کاتێـک بـە بـاوەڕ هاتیتـە لای عیسـا، خـودا پیـرۆزی عیسـات بـۆ هەژمـار دەکات. ڕاستودروسـتی ئـەوت بـۆ هەژمـار دەکات وەک ئـەوەی هـی تـۆ بێـت. بـەم شـێوازە، دەبیـن بـە «ڕاستودروسـتی خـودا»، بـەڵام تەنهـا بەهۆی عیساوە.

## ڕوونکردنەوە

ئەندێشـەی ئـەوە بکـە کـە لـە قوتابخانـە تاقیکردنەوەیەکـی گرنـگ دەکەیـت، بـەڵام قوتابییەکـی زۆر بـاش نیـت. هەروەهـا دەزانیـت کـە بڕینـی تاقیکردنەوەکـە زیاتـرە لـەوەی تەنهـا هەڵـە نەکـەی لـە پرسـیارەکان، تـۆ پێویسـتت بەوەیـە کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت وەڵامـی پرسـیارەکان بدەیتـەوە! لـە بەدبەختـی، کاتێـک ئەنجامـەکان هـات، بینیـت کـەوا نزیکەی لە هەموو پرسیارەکان هەڵەت کردووە.

بـەڵام پەلـە مەکـە: ئەندێشـەی ئـەوە بکـە ئێسـتا زیرەکتریـن کـەس لـە پۆلەکـەت پێشـنیاری ئەمـە دەخاتـە بەردەمـت کـە نمـرە خراپەکـەی تـۆ بۆ خـۆی ببـات (و ئەنجامەکەی لەسـەری دانـراوە) وە مامۆسـتاکە ڕازی بـوو بـەوەی نمـرەی تـەواوت بداتـێ. ئەمـە بەراوردێکـی نمونەیـی نییـە، بـەڵام ئەمـە ئەوەمـان پـێ دەبەخشـێت کـە درک بـە شـتێک بکەیـن لـەوەی عیسـا لەپێناومـان کـردی. سـەرەڕای شکسـتمان، خـودا تـەواوەتی عیسـامان بۆ هەژماردەکات لەڕێگەی باوەڕمان پێی.

## هەڵبژێردراون لە خۆشەویستیدا

- لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەی کـە هەتـا ئێسـتا بینیومانـە، هەندێـک پرسـیار هەیـە پێویسـتە بیکەیـن:
- هەمـوو خەڵکـی یەکسـانن لەبـارەی ئـەوەی هەموویـان بـە ڕۆح مـردوون لـە

گوناهەکانیـان، کەواتـە بۆچـی هەندێـک خەڵکـی دەبنـە شـوێنکەوتەی عیسـا لـە کاتێکـدا زۆربــەی خەڵکـی نابـن؟

- بۆچـی کەسـێکی وەک ساموئێل ڕزگاری و دەربازبـوون دەدۆزێتـەوە لـە ژیانـی لـە گوناهـدا، لەکاتێکـدا زۆرریـک لـە هاوڕێیـانی و خێزانەکـەی نایدۆزنـەوە؟
- ئایا شتێکی تایبەت لە خودی ساموئێلدا هەیە؟
- ئایا لە کەسانی دیکە کەمتر لە لایەنی ڕۆحییەوە مردووە؟
- ئایا زیرەکتر بوو یان لە لایەنی ڕۆحیدا هەستەوەرتر بوو؟
- کتێبـی پیـرۆز وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە دەداتـەوە. کـەوا شـیدەکاتەوە بۆچـی هەندێـک خەڵکـی دەبنـە شـوێنکەوتەی عیسـا، وە ئەمـە هیـچ پەیوەندییەکـی نییـە بـە هیـچ شـتێکی بـاش تیامانـدا.

> **«سـتایش بـۆ خـودا، باوکـی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان، کـە ئێمـەی بـە یەکبـوون لەگـەڵ مەسـیحدابە هەمـوو بەرەکەتێکـی ڕۆحـی لـە شـوێنەکانی ئاسـماندابەرەکەتدار کـردووە، وەک پێـش دامەزراندنـی جیهـان بـە یەکبوونمـان لەگـەڵ مەسـیحدا هەڵیبژاردین، تاکـو لەبەردەمی پیـرۆز و بـێ کەموکـوڕی بیـن. پێشـتر بـە خۆشەویسـتی ئێمـەی دیـاری کـرد، تاکـو لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە بەگوێـرەی خواسـتی خۆشـحاڵانەی، وەکـو منداڵـی خـۆی لـە خۆیـمان بگرێتـەوە... خـودا پێشـوەخت بـە یەکبـوون لەگـەڵ مەسـیحدا ئێمـەی هەڵبـژارد تاکـو بەگوێـرەی پلانەکـەی بـۆ ئـەو بیـن. خـودا هەمـوو شـتێک بەگوێـرەی مەبەسـت و ویسـتی خـۆی بەڕێـوە دەبـات».** (ئەفسـۆس ١: ٣-٥، ١١)

لـەم ئایەتانـەدا پۆڵـس پێـمان ڕادەگەیەنێـت کـە «پێـش دامەزرانـدنی جیهـان» خـودا هەریەکێکـی لـە گەلەکـەی هەڵبـژاردووە بـۆ ئـەوە ڕزگاری ببێـت. بـە وشـەی «هەڵبـژاردن» ئامـاژە بـەو هەڵبژاردنـە دەدات کـە خـودا کـردی سـەبارەت بـەوەی کـێ ڕزگار دەکرێـت. لـە هەڵبـژاردنی گەلەکـەی، خـودا خۆشەویسـتییان ئاراسـتە دەکات و ڕایاندەکێشـێت بـۆ بـاوەڕ بە عیسا تاوەکو ڕزگاریان ببێت (یۆحەنا ٦: ٤٤).

وە بـەم شـێوەیە، کاتێـک دەپرسـین بۆچـی هەندێـک کـەس بـاوەڕ بـە عیسـا دەکـەن لـە کاتێکـدا کەسـانی دیکـە نایکـەن، گرنگتریـن وەڵام ئەوەیـە کـە تەنهـا ڕێگـەک بـۆ ئـەوەی

خەڵکی پێی بتوانن باوەڕ بە عیسا بهێنن ئەوەیە ئەگەر خودای باوک بەڕاستی هەڵیان بژێرێت بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن.

- کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە هەڵبژاردنی خودا هەڵبژاردنێکی بێ مەرجە. بە وتەیەکی دیکە، خودا خەڵکی هەڵنابژێرێت لەسەر بنەمای هیچ شتێکی باش کە پێشتر تێیاندا بینیبێتی. گرنگە لەم شتە تێبگەین، وە پۆڵس گرنگییەکی گەورەی پێدەدات لە (ڕۆما ٩: ١٠ -١٣)، لەبەر ئەوەی واتا ڕزگاریمان پشت بە میهرەبانی خودا دەبەستێت نەک ئەوەی خۆمان شایانی بین.
- هەروەها هەڵبژاردنی خودا بێ بەرامبەرە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردن تەنها مافی خۆیەتی. خودا بە موسای ڕاگەیاند کە ئەو ئازادە لە دەرخستنی بەزەیی و میهرەبانییەکەی بۆ هەرکەسێک بیەوێت (دەرچوون ٣٣: ١٩). بە هەمان شێوە، پۆڵس پێمان ڕادەگەیەنێت کە خودا ئازادە لەوەی دڵی هەرکەسێک ڕەق بکات کە دەیەوێت (ڕۆما ٩: ١٨). کەس وای لە خودا نەکردووە هیچ کەسێک هەڵبژێرێت بۆ ڕزگارکردن، وە لە ڕاستیدا پۆڵس پێمان ڕادەگەیەنێت کە خودا لەبەر هۆکاری تایبەت بە خۆی ئەوەی کردووە («بەپێی خواستی خۆی») وە لەپێناو شکۆمەندی خۆی (ڕۆما ٩: ٢٣).
- هەروەها هەڵبژاردن واتا **ناکرێت ئێمە ڕزگاریمان لەدەست بدەین.** ئەگەر خودا هەڵیبژاردین (نەک ئێمە هەڵمان بژاردبێت)، کێ دەتوانێت هەڵبژاردنەکەی پووچەڵ بکاتەوە (بڕوانە یۆحەنا ١٠: ٢٧-٢٩)؟ هەرکەسێک شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی عیسا بێت بەڕاستی پارێزراو دەبێت بە هۆی خۆشەویستی ناوازەی بێکۆتایی خودا.

ڕەنگە وا بیر بکەینەوە کە ئەم هەڵبژاردنە دادپەروەرانە نییە. چۆن دەکرێت خودا لێپرسینەوە لە خەڵکی بکات لەسەر ڕاستی ئەوەی ئەو هەڵی نەبژاردوون؟ بەڵام پێویستە لەبیرمان بێت ئێمە هەموومان بە ئازادی خۆمان یاخی بووین لە خودا و حوکمی خۆمان وەرگرتووە. کەس نییە پەرۆشی ئەوە بێت کە باوەڕ بە عیسا بهێنێت و بیەوێت لەگەڵ خودا ئاشت ببێتەوە لەوانەی کە ڕێگەیان لێ گیراوە ئەمە بکەن. جا ئەگەر ڕزگاری خودا ڕەت بکەینەوە یان بە خۆشحاڵییەوە ڕزگارییەکەی لە ڕێگای عیساوە قبوڵ بکەین، ئێمە هەموومان ئەو شتانە دەکەین کە بەڕاستی دەمانەوێت

بیکەیـن. کاتێـک پۆڵـس وەڵامـی ئـەم ڕەخنەیـە دەداتـەوە، بەبیرمـان دەخاتـەوە کـە لـە کۆتاییـدا مافی ئەوەمـان نییـە ڕەخنـە بگریـن لـە شـێوازەکانی خـودا و گومـانی لـێ بکەیـن (ڕۆما ٩: ١٩ – ٢٤).

ڕاسـتییە بنەڕەتییـە گەورەکـە لێـرەدا ئەوەیـە کـە خـودا بـە ئـازادی خـۆی کۆمەڵێـک خەڵکـی هەڵبـژاردووە بـۆ ئـەوەی سـوودمەند بـن لـە خۆشەویسـتییە ڕزگاریبەخشـە تایبەتەکـەی. ئـەم خەڵکانـە میهرەبانـی مەزنـی خـودا لـە ڕێگـەی عیساوە قبـوڵ دەکـەن. ناتوانیـن لـەوە تێبگەیـن بۆچـی خـودا هەندێـک خەڵـگ هەڵدەبژێرێـت و ئـەوانی دیکـە هەڵنابژێرێـت؛ بـەڵام تەنهـا دەتوانیـن دڵنیابیـن لـەوەی کـە خـودا چاکـە و هەمیشـە لەسـەر حەقە لە هەموو شتێک کە دەیکات.

## ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**«ئیـتر چـی بەمانـە بڵێیـن؟ ئەگـەر خـودا لەگەڵـمان بێـت، کـێ دژمانـە؟ ئـەوەی دەسـتی بـە کوڕەکـەی خۆیـەوە نەگـرت، بەڵکـو لـە پێنـاوی هەموومـان پێشکەشـی کـرد، ئیـتر چـۆن لەگـەڵ ئـەو هەمـوو شـتێکمان بەخۆڕایـی ناداتـێ؟ کـێ سـکاڵا لـە هەڵبژێردراوانـی خـودا دەکات؟ خودایـە ئـەوەی بێتـاوان دەکات.»** (ڕۆمـا ٨: ٣١ – ٣٣)

## پوختە

بـە خۆشەویسـتییەکەی، خـودا هەندێـک گوناهبـارانی هەڵبـژارد کـە هیـچ هیوایەکیـان نەبـوو بـۆ ئـەوەی خۆشەویسـتییە مەزنەکـەی وەربگـرن. عیسـا کاتێـک لەسـەر خـاچ هەڵـواسرا گونـاه و حوکمـی هەمـوو ئـەو خەڵکانـەی خسـتە سـەرخۆی؛ وە کاتێـک عیسـا لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە سـەرکەوتنی عیسـا ڕوون بـوو. ئێسـتا، هـەر کەسـێک پشـت بـە عیسـا ببەسـتێت ڕاستودروسـتییەکەی ئـەو وەک بەخشـشـێکی بەخۆڕایـی وەردەگرێـت و خودای باوک بە تەواوی بە ڕاستودروستی دادەنێت.



# مەبەست چییە؟

## بە یارمەتی خودا،
## پێویستە هەڵسوکەوت بکەین
## لەگەڵ گوناهەکانمان

# ٧- پیرۆزکردن و خۆڕاگری

## پوختەی ئەوەی فێری بووین

لـە بەشـی ڕابـردوو، ئەوەمـان زانی کـە خـودا لـە مەسـیحدا لـە پێنـاوی ئێمـە کـردی. کاتێـک هێشـتا لەنـاو تەڵـەی گونـاه و تاوانەکانمانـدا کەوتبوویـن، خـودا کوڕەکـەی نـارد بـۆ ئـەوەی ڕزگارمـان بـکات. عیسـا بـە گوێڕایەڵییەکـی تـەواو بـۆ باوکـی ئاسـمانیی ژیـا، وە لەسـەر خـاچ سزاکەی ئێمـەی وەرگـرت، وە بـە سـەرکەوتوویی بەسـەر گونـاه و مردنـدا لـە مـردن هەسـتایەوە. ڕۆحـی پیـرۆز ژیانێکـی ڕۆحـی نـوێ دەبەخشـێتە هەمـوو ئەوانـەی باوک هەڵیبژاردوون، بەخششی تۆبەکردن و باوەڕ بە عیسامان پێ دەبەخشێت.

بـە سـادەیی، ناکرێـت کارەکـە لەمـە ڕوونـتر بێـت، ڕزگارکـردن کاری خودایـە و کاری ئێمـە نییـە. بـەڵام ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە هیـچ لەسـەر ئێمـە نییـە بیکەیـن لـە کاتێکـدا وەک باوەڕدارێک بە مەسیح دەژین.



## ساموئێل

هەرکـە سـاموئێل پشـتی بـە مەسـیح بەسـت، تێبینـی هەندێـک گۆڕانـکاری دەسـتبەجێی کـرد لـە ژیـانی. خـۆی بینییـەوە بیردەکاتـەوە لـە چۆنیەتـی ڕازیکـردنی عیسـا لـە ژیانیـدا. زۆر تـوورە نەدەبـوو، وە لەگـەڵ خێزانەکـەی ئارامـی زیاتـری دەردەبـڕی. وە کاتێـک کەسـێکی هـەژاری دەبینـی، لـە ناخیـدا هەسـتی بـە ئارەزووێکـی نـوێ دەکـرد بـۆ ئـەوەی دەسـتی یارمـەتی بـۆ درێژبـکات. بـەڵام هەروەهـا هەندێـک شـت هەبـوو هەوڵـی دەدا بیگۆڕێـت کـە وا دەردەکـەوت بـە خێرایـی ناگۆڕێـت. هـەروەک هەسـتی بـە تـاوان دەکـرد بـە هـۆی زۆری درۆکردنیـەوە بۆ ئـەوەی ئـەو کارە هەڵانـەی کردبوونی بیشـارێتەوە. بـەڵام وازهێنـان لـە درۆ قـورس بـوو. هەروەهـا هەندێـک کات بەڕاسـتی لـەلای قـورس بـوو دەرفەتـی بینینـی کچـان ڕەت بکاتـەوە. ئەگـەر سەرڕاسـت بـووا، ئـەو بێهیـوا بـوو لەبـەر ئـەوەی خـودا لەگـەڵ گوناهـەکانی هەندێـک لـەو ناکۆکییانـەی لـێ دوور نەخستەوە.

## پێویستە پیرۆز بیت

پێویسـتە بـاوەڕداران بـە مەسـیح پیرۆزبـن. پێویسـتە تێبکۆشـن بـۆ ئـەوەی خـودا دڵخـۆش بکـەن بە بیرۆکەکانیان، ئاراستەکانیان، هەست و سۆزەکانیان، وە هەڵسوکەوتیان. ئێسـتا، ڕەنگـە وشـەی «پیـرۆز» هەندێـک کـۆن دەربکەوێـت، بـەڵام پیـرۆزی بابەتێکـی **زۆر ڕاستەقینەیە، وە زۆر کرداریە، وە زۆر گرنگە** لەلایەن ئەوانەی شوێنی عیسا دەکەون.

**«کۆشـش بکـەن تاوەکـو لەگـەڵ هەمـوو کەسـێک بـە ئاشـتی بژیـن، هەروەهـا پیـرۆز بـن. بـێ پیـرۆزی کـەس مەسـیحی خـاوەن شـکۆ نابینێـت».** (عیبرانیـەکان ١٢:١٤)

نووسـەری نامـەی عبرانییـەکان ڕوونـە کـە دەڵێـت: بەبـێ پیـرۆزی، هیوامـان نییـە بـۆ ئـەوەی لـە ئاسـمان خـودا ببینیـن. پیـرۆزی جیـاوازی کەسـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح دەردەخـات لەگـەڵ ئەوانـەی هێشـتا سـەر بـە شـەیتانن و ئەوانـەی کـە لەڕێـی عیسـاوە لەلایەن خێزانی خوداوە وەرگیراون (یەکەم یۆحەنا ٣: ١٠).

## بوویتە چاک

ئێسـتا، ئەمـە بۆتـۆ ترسـناک دەردەکەوێـت. بـە هەرحـاڵ، تـەواو بـە ڕوونـی بینیـمان کـە هیـچ یەکێـک لـە ئێمـە ناتوانێـت هێنـدە بـاش بێـت کـەوا خـودا دڵخـۆش بـکات. ڕەنگـە بتوانیـن کـە هەڵسوکەوتی دەرەکیـمان لـە جڵەوگیریـدا بهێڵینـەوە. بـەڵام هیـچ یەکێـک لـە ئێمە ناتوانێت بڵێت کە ئاراستە و بیرۆکە و سۆزی پیرۆزی هەیە.

**کەواتـە، ئەگـەر پێویسـت بێـت پیرۆزیـمان هەبێـت بـۆ ئـەوەی خـودا ببینیـن، ئایـا ئێمـە هەمووـمـان بێهیوایـن؟**

هەرگیـز! وەک بینیـمان، کاتێـک دێیـن بـۆ لای عیسـا ڕاستودروسـتی ئەو وەک بەخشـشێکی بـێ بەرامبـەر بەدەسـت دەهێنیـن. کەواتـە، هەرکەسـێک لـە مەسـیحدا هەمـوو ئـەو پیرۆزییە وەردەگرێـت کـە پێویسـتیەتی بـۆ ئـەوەی ڕێگـەی پێبدرێـت بچێتـە ئاسـمان. لەبـەر ئـەم هۆکارەیـە کـەوا نووسـەرانی پەیـمانی نـوێ بـۆ بـاوەڕدارە ئاسـاییەکانی نووسـیوە و پێیـان گوتـوون «پیرۆزکـراوان» (وشـەکە واتـا «پیـرۆزان»). بـۆ نمونـە، لـە سـەرەتای یەکـەم نامـەی بـۆ خەڵکی کۆرنسۆس، پۆڵس سڵاو لە باوەڕدارانی ئەوێ دەکات بە گوتنی:

**«بۆ کڵێسای خودا لە شاری کۆرنسۆس، ئەوانەی بە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیح پیرۆزکراون و بانگکراون بۆ پیرۆزبوون، لەگەڵ ئەوانەی لە هەموو شوێنێکدا بە ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە نزا دەکەن، کە گەورەی ئێمە و ئەوانیشە».** (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٢)

ئێستا، وەک ئەوەی تەواوی نامەکە ڕوونی دەکاتەوە، ئەو باوەڕدارانە کێشەی ترسناکیان هەبووە. لەگەڵ یەکتری شەڕیان دەکرد، یەکتریان دەبردە گۆڕەپانەکانی دادگا، لە ئێوارەخوانی پەروەردگار[b] مەست دەبوون، وە چاوپۆشییان دەکرد لە هەندێک کاری خراپی بەدڕەوشتی سێکسی. تەواو و کامڵ نەبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بە باوەڕ لەگەڵ مەسیح یەکیان گرتبوو، هەروەها تۆش، بە پیرۆزی تەواو بۆیان هەژماردکرابوو. «لە عیسای مەسیحدا پیرۆز کرابوون». بەهۆی کاری عیساوە هەموو باوەڕداران بە مەسیح لەبەردەم خودا پیرۆزن.

## ئێستا، چاک بە

وە بەم شێوەیە هەموو باوەڕداران بە مەسیح لە مەسیحدا بێتاوانن. بەڵام ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە. عیسا تەنها بۆ ئەوە نەمرد بۆ ئەوەی لە گوناهەکانمان خۆش بێت؛ بەڵکو هەروەها مرد بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لە دەسەڵاتی گوناه لەسەر ژیانمان. کارەکە وەک ئەوەیە خودا بە گەلەکەی بڵێت: «لە عیسادا، پیرۆز بوون. ئێستا، بڕۆن بۆ جیهان و وەک ئەوەبن کە وام لێکردن!».

پێویستە پیرۆزی عیسا زیاتر دەربکەوێت لە هەڵسوکەوتماندا، ئاراستەکانمان، قسەمان، بڕیارەکانمان و بیرکردنەوەمان. پێویستە هەرگیز وا نەزانین کە گەشەکردنمان لە کاری چاکەدا وا لە خودا دەکات خۆشی بوێین. بەڵکو، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین خودا بەڕاستی ئێمەی خۆشدەوێت، کەواتە پێویستە پێشبینی گەشەی ڕاستەقینە بکەین لە خواناسی لە کاتێکدا بەردەوامین لە ڕۆیشتن لەگەڵ مەسیح.

**«خواستی خودا ئەوەیە کە پیرۆزکراو بن، واتا واز لە داوێنپیسی بهێنن و هەریەکەتان فێری ئەوە بێت کە چۆن جەستەی خۆی پاک و پیرۆز**

---

b ئێوارەخوانی پەروەردگار، نانلەتکردن، یادکردنەوەی دوایین ئێوارەخوانی عیسا لەگەڵ قوتابییەکانی -وەرگێڕ.

**بپارێزێـت، نـەک بـە ئـارەزووی هەوەسبازی وەک ئـەو نەتەوانـەی خـودا ناناسـن؛ خـودا بانگـی نەکردوویـن بـۆ گڵاوی، بەڵکـو بانگـی کردوویـن تاکو بـە پاک و پیـرۆزی بژیـن.» (یەکـەم سالۆنیکی ٤: ٣ - ٥ ، ٧)**

ڕەنگـە پرسیار بکەیـت لـە پـلانی خـودا بـۆ ژیانـت. باشـە، بەپێـی نامـەی پۆڵسـی نێردراو بـۆ خەڵکـی سالۆنیکی، ئەمـە زۆر پەیوەسـت نییـە بـە شـوێنی ژیانـت و جـۆری ئەو ئیشـەی دەیکەیـت، بـەڵام زۆر پەیوەسـتە بـە «پیرۆزکردنـت». ڕوونـە، کـە هەرگیـز هیـچ یەکێـک لـە ئێمـە نابێـت بـە کەسـێکی تـەواو و کامـڵ هەتـا لـە ئاسـمان لەگـەڵ عیسـا نەبیـن. هەمیشـە کاتێـک هەڵـە دەکەیـن پێویسـتمان بەوەیـە پشـت ببەسـتین بـە لێخۆشـبونی خـودا (یەکـەم یۆحەنـا ١: ٨ – ١٠)، بـەڵام پێویسـتە ژیانمـان لێکچـونی زیاتـری هەبێـت بە عیسـا و ڕزگاربوون لە گوناه.

## ڕوونکردنەوە

پیـرۆزی ڕەنگـە وا دەربکەوێـت «هەواڵێکـی خراپـی باوەڕدارانـە بـە مەسـیح». بەڵـێ، شـتێکی مەزنـە ئەگـەر هەلـی چـوون بـۆ ئاسـمان بەدەسـت بهێنیـت، بـەڵام پێویسـتە واز لـە هەمـوو ئـەو شـتانە بهێنێـت کـە وا دەکـەن بەڕاسـتی ژیـان بـە چێـژ و خـۆش بێـت. کاتێـک خـودا گەلەکـەی بانگهێشـت دەکات بـۆ ئـەوەی پیرۆزبـن، وەک ئـەوە وایـە کـە پاکەتێـک لە کێکی بەتام لە بەرزترین ڕەفە دابنێ، دوور لەبەردەست.

بـەڵام لـە ڕاسـتیدا بـە هەڵـە لـە سـامناکی گونـاە تێدەگەیـن. گونـاه ڕێگەمـان لـێ دەگرێـت لـەوەی لـە ئاسـمان لەگـەڵ خودابیـن، بـەڵام هەروەهـا وا دەکات ژیـان لـەم جیهانـەدا سـامناک بێـت. بێگومـان هەندێـک خۆشـی ماوەکـورت لەگـەڵ گوناهـدا هەیـە، بـەڵام دەبینیـت بـۆ مـاوەی دورودرێـژ تێچوونێکـی ترسـناک و گـەورەی هەیـە، ئاڵودەبـوون، لەدەسـتدانی واتـا، خێزانـە تێکشـکاوەکان، لەدەسـتدانی هیـوا، توندوتیـژی، نـادادی، وە چەنـدان خراپـەی دیکـە. **گونـاه وەکـو دەنکۆڵـەی ژەهراوییـە کـە بـە شـەکر داپۆشراوە؛ لـە سەرەتادا تامی خۆشە، بەڵام پاشان دەتکوژێت.**

کاتێـک خـودا پێـمان دەڵێـت پیرۆزبیـن، ئـەو لـە کێکەکـە بێبەشـمان نـاکات. بەڵکـو دورمان دەخاتەوە لە ژەهرەکە.

**ڕاوەستە**

چـی دێتـە مێشـکت ئەگـەر کەسـێک پێـی گوتـی ئـەو شـوێنکەوتەی عیسـایە، بـەڵام هەوڵـی نـەداوە لـە ژیانیـدا تەنانـەت لـە کاری هەڵـەش دوربکەوێتـەوە؟

## کاری خودا و کاری ئێمە

ئەگـەر پیـرۆزی هێنـدە گرنـگ بێـت، چـۆن بەدەسـتی دەهێنیـن؟ باشـە، گەشـەکردنمان لـە پیرۆزیمانـدا جیـاوازە لـە بێتوانکردنمـان (چۆن لەڕێگـەی عیسـاوە هەڵوێسـتمان لەبەردەم خـودا بـاش دەبێـت). ئێمـە بـە هیـچ شـتێک بەشـداری لـە بێتاوانکردنەکەمـان ناکەیـن؛ لـە سـەرەتاوە هەتـا کۆتایـی، بێتاوانکـردن بـە تـەواوی کاری خودایـە. ئـەو هەڵیبژاردیـن، وە کوڕەکـەی نـارد، وە بـە ڕۆحـی پیـرۆزی ژیانێکـی نوێـی پـێ بەخشـین، وە بـاوەڕی پێداویـن وەک بەخشـشێکی بـێ بەرامبـەر. بـۆ ئـەم کـرداره هیچـمان نەهێنـا تەنهـا گونـاه نەبێـت کـە بووه هۆی حوکمدانمان.

بەڵام گەشەکردنمان لە پیرۆزیدا کارێکی جیاوازە. سەرنج لەم ئایەتانە بدە:



**«بۆیـە خۆشەویسـتانم، هـەروەک چـۆن کاتێـک لەلاتـان بـووم هەمیشـە گوێڕایەڵـی ڕێنماییەکانـم بـوون، ئێسـتاش کـە لەلاتـان نیـم زۆر گرنگـترە کـە گوێڕایەڵـم بـن. بـە تـرس و لـەرزەوە کۆشـش بکـەن بـۆ تەواوکردنـی ڕزگاریتـان، چونکـە خـودا خـۆی لـە ئێـوەدا کار دەکات تاکـو بتانەوێـت و کار بکـەن بـۆ ڕەزامەنـدی ئـەو.»** (فلیپـس ٢: ١٢ -١٣)

ئـەم بڕگـە پێـمان ڕادەگەیەنێـت کـە خـودا لـە ژیانمانـدا کاردەکات، کـە یارمەتیـمان دەدات بـۆ ئـەوەی پیرۆزبیـن. بەهـۆی چاکـەی خـوداوە، حەزدەکەیـن پیرۆزبیـن «دەمانەوێـت» هـەروەک بەڕاسـتی کۆشـش دەکەیـن و هـەوڵ دەدەیـن ئـەوە بکەیـن کـە دڵخۆشـی دەکات «لەپێنـاو دڵخۆشـی ئـەودا کاردەکەیـن». بـەڵام ئـەو ڕێگایانـەی کـە خـودا لـە ژیانمانـدا کاری پێـدەکات واتـای ئـەوە نییـە لەسـەرمان نییـە هیـچ بکەیـن. لەسـەرمانە «ڕزگارکردنەکەمـان تـەواو بکەیـن» بـە سـادەیی و ڕێـزەوە؛ وە پێویسـتە لـە ژیانمـان ئـەو ڕزگارییـە بەرجەسـتە بکەیـن کـە عیسـا پێمانـی بەخشـیوە. لەبـەر ئـەوەی خـودا لـە ژیانماندا کاردەکات بـۆ ئـەوەی بمانگۆڕێـت، وە ئێمـە تێدەکۆشـین بـۆ ئـەوەی ئـەو کارانـە بکەیـن کـە

خـودا داوامـان لـێ دەکات بیکەیـن و دوور بکەوینـەوە لـەو کارانـەی کـە قەدەغـەی کردووە.

شـێوازێکی جادوویـی نییـە بـۆ کـردنی ئەمـە، بەڵکـو بـە هـاوکاری ڕۆحـی پیـرۆز دەتوانین هەندێک لەم کارانەی خوارەوە بکەین:

- **نوێـژ بکەیـن** – یەکێـک لـە باشـترین ئـەو کارانـەی دەتوانیـن بیکەیـن ئەوەیـە بچیـن بـۆ لای خـودا و داوای لـێ بکەیـن یارمەتیـمان بـدات کـە پێویسـتمانە بـە گەشـەکردنە لـە پیرۆزیـدا. ئـەم نوێـژە هەمیشـە دڵخـۆش دەکات بـەوەی کـە وەڵامـی دەدرێتـەوە.
- **کتێبـی پـیـرۆز بخوێنینــەوە** – وشــەی خــودا خۆراکــە بــۆ ڕۆحــمان. ئەگــەر مانەوێـت بەرگـەی ئـەم جەنگـە بگریـن پێویسـتمانە «ژەمێـک» بخۆیـن.
- **دان بنێیـن بـە گونـاە** – گونـاە لـە تاریکیـدا پەرەدەسـتێنێت. کاتێـک بـۆ باوەڕدارانی دیکـە دەکرێینـەوە لەبـارەی ململانێکانمـان، ئێمـە تیشـکێکی دەرەوشـاوە دەخەینـە سـەر گوناهەکانمـان و ڕوبـەڕو لەگەڵـی دەجەنگێیـن.
- **لـە هاوبەشـیدا بیـن** –پێویسـت نـاکات بـە تەنهـا شـوێن عیسـا بکەویـن. لـە کڵێسـا خـودا بـاوەڕداری دیکـەی پێـمان داوە بـۆ ئـەوەی فێرمـان بکـەن، یارمەتیـمان بـدەن تاوەکـو بـە گونـاە بڵێیـن نـا، وە بـۆ ئـەوەی دەرفەتمـان پێبـدەن خزمـەت بکەیـن و خۆشەویسـتیمان هەبێت.
- **ڕاکـردن لـە تاقیکردنـەوە** – هەتـا ئـەوەی لـە ژیانـدا بیـن، پێویسـتە لەسـەرمان بجەنگێیـن لـەدژی ئـەو ئـارەزووە هەلانـەی لـە ناخمانـدا هەیـە. ئـەم جەنگـە ئاسـانتر دەبێـت ئەگـەر فێربیـن دوربکەوینـەوە لـەو خەڵـک و هەڵوێسـتانەی کـە بۆمـان دەبێتـە تاقیکردنـەوە.
- **بـەدوای پیـرۆزی بکەویـن** - ئێمـە نامانەوێـت بکەوینـە تەڵـەوە تەنهـا بـۆ هەوڵـی دورکەوتنـەوە لـە چالاکـی هەڵـە. هەروەهـا دەمانەوێـت گەشـە بکەیـن لـەو کارانـەی پـەروەردگار دڵخـۆش دەکات، شـتی وەک خۆشەویسـتی و خزمـەت و خۆڕاگـری و سـادەیی.

## بەردەوامبە لە بەرەوپێشچوون

هێنـدەی ژیانـت مـاوە شـوێنی عیسـا دەکەویـت. نووسـەری نامـەی عیبرانییـەکان ئاگادارمان دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە باوەڕ ئەگەرنا «دەکەوین»:

**«خوشـكان، برایـان، ئـاگاداری خۆتـان بـن، نـەوەک یەکێکتـان دڵێکـی خـراپ و بێبـاوەڕی هەبێـت کـە لـە خـودای زینـدوو هەڵبگەڕێتـەوە. بەڵکـو هەمـوو ڕۆژێـک یەکـتری هانبـدەن، ئەوەنـدەی پێـی دەگوتـرێ ﴿ئەمڕۆ،﴾ تاکـو کەسـتان بـە فێڵـی گونـاە دڵـی ڕەق نەبێـت. بووینەتـە هاوبەشـی مەسـیح، ئەگـەر هەتـا کۆتایـی دەسـتبگرین بـەو متمانەیـەی لـە سـەرەتاوە هەمانـە».** (عیبرانیـەکان ٣: ١٢ – ١٤)

لـەم بڕگەیـەدا ڕوونـە کـەوا نابێـت تەنهـا لـە قۆناغێکـی ژیانمـان شـوێنی عیسـا بکەویـن، بەڵکـو پێویسـتە «هەتـا کۆتایـی» بـەردەوام بیـن لـە بـاوەڕ ئەگینـا «هەڵدەگەڕێینـەوە». گومـانی تێـدا نییـە کـە بەڕاسـتی زۆر بەربەسـت لـە ژیانمانـدا هەیـە (بڕوانـە لۆقـا ٨: ٥ – ١٥)، بەڵام شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی عیسا بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن لەگەڵ عیسا.

**«ئـەوان لێـمان جیـا بوونـەوە، بـەڵام بەڕاسـتی سـەر بـە ئێمـە نەبـوون، چونکـە ئەگـەر سـەر بـە ئێمـە بوونایـە، لەگەڵـمان دەمانـەوە، بـەڵام چـوون بـۆ ئـەوەی دەریبخـەن کـە کەسـیان سـەر بـە ئێمـە نیـن».** (یەکـەم یۆحەنـا ٢: ١٩)

ڕەنگـە ئەمـە ترسـناک دەربکەوێـت، وەک ئـەوەی ڕەنگـە ڕزگاریـمان لەدەسـت بدەیـن. وە ڕاسـتە کـەوا ئـەم ئاگادارییانـەی لـە کتێبـی پیـرۆزدا هاتـووە مەبەسـت لێـی ئـەوە بـووە سـەرنجمان ڕابکێشـێت بـە شـێوەیەک نەگەڕێینـەوە سـەر ژیـانی کۆنمـان پێـش مەسـیح. بـەڵام هیـچ شـوێنکەوتەیەکی ڕاسـتەقینەی عیسـا هەرگیـز ناتوانێـت بـە شـێوەیەکی تـەواو لێـی هەڵبگەڕێتـەوە. وەک گەشـەکردنمان لـە پیـرۆزی، بەردەوامیـمان لـە بـاوەڕ کاری ئێمـە و هەروەها کاری خودایە. وە خودا بەڵێن دەدات کە دڵنیا دەبێتەوە لەوەی هەتا کۆتایی ڕێگاکە ببڕین.

گوێ لە قسەکانی عیسای پەروەردگار بگرە:

**«مەڕەکانـم گـوێ لـە دەنگـم دەگـرن، منیـش دەیانناسـم و ئەوانیـش بـەدوام دەکـەون، ژیانـی هەتاهەتاییـان دەدەمـێ و هەرگیـز لەنـاو ناچـن، کەسـیش لـە دەسـتم نایانڕفێنێـت. باوکـم کـە بـە منـی داون لـە هەمـووان گەورەتـرە، کەسـیش ناتوانێـت لـە دەسـتی بـاوک بیانڕفێنێت». (یۆحەنـا ١٠: ٢٧ -٢٩)**

## ساموئێل

سـەرەڕای هەمـوو شـتێک، کاتی وا هەیـە سـاموئێل هەسـت دەکات کـە تاقیکراوەتـەوە بـۆ گەڕانـەوە بـۆ شـێوازی ژیـانی کۆنـی. ئـەو هەسـتی بـە ئاسـودەیی دەکـرد لـەو شـێوازەی کـە پێـی ئاشـنایە، وە شـوێنکەوتووانی عیسـا هەندێـک جـار وای لـێ دەکـەن هەسـت بـە تەنهایـی و گەمژەیـی بـکات. چـی پـێ دەڵێـی ئەگـەر پرسـیاری لـێ کردیـت پێویسـتە چـی بکات؟

## ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**«کەواتـە لەبـەر ئـەوەی ئێمـە بـە هەورێکـی شـایەتیدەری ئـاوا گـەورە دەورە دراویـن، بـا هەمـوو بارگرانییـەک و ئـەو گوناهانـەی کە بە ئاسـانی لێـمان دەئاڵێـت لـە خۆمانـی دوور بخەینـەوە و بـە دانبەخۆداگرتنـەوە لـەو پێشـبڕکێیە ڕابکەیـن کـە لەپێشـمان دانـراوە. بـا سـەرنجمان بخەینـە سـەر عیسـا، پێشـڕەو و تـەواوکاری باوەڕمـان، ئـەوەی لـە پێنـاوی ئـەو خۆشـییەی لەپێشـی دانرابـوو، بەرگـەی خاچـی گـرت و شـەرمەزاری بـە سـووک وەرگـرت، جـا لـە دەستەڕاسـتی تەختـی خـودا دانیشـت».**

(عیبرانیـەکان ١٢: ١ - ٢)

## پوختە

بـاوەڕدارە ڕاسـتەقینەکان گەشـە دەکـەن لـە پیـرۆزی و تێکۆشـان لـە باوەڕیان. ئەمـە پێویسـتی بـە دیسـپلین و کۆششـی ئێمـە هەیـە. بـەڵام لـە کۆتاییـدا، ئێمـە پشـت بـە خودا دەبەستین بۆ ئەوەی بەهێزمان بکات بۆ کار.



# مەبەست چییە؟

## ئەوەی لە کۆتاییدا ڕوودەدات
## ئێستا لەلامان گرنگە

# ٨- ئاسمان و دۆزەخ

## پوختەی ئەوەی فێری بووین

لە بەشی ڕابردوو گفتوگۆی پێویستی پیرۆزی و ئارامگرتنمان کرد لە گەشتەکەماندا لەگەڵ عیسا. وە هەریەک لەم دوو شتە پێویستی بە کارکردنە لێمان، تەنانەت کە پشتیش دەبەستین بە هاوکاری خودا بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات بۆ گەشەکردن و تێکۆشان. ئێستا با سەرنجمان بخەینە سەر ئەوەی هەموو مرۆڤایەتی چاوەڕێی دەکات لە کۆتایی ژیانیاندا: یان ئاسمان یانیش دۆزەخ.



## ساموئێل

لەدوای ئەوەی لە تاوان تێوەگلا، ساموئێل زۆر نیگەران بوو لە بیرۆکەی ئەوەی لە کۆتاییدا دەچێتە دۆزەخ. یەکێک لە هاوڕێ چەتەکانی ڕاهاتبوو لەوەی بڵێت: «ئێمە دەچینە دۆزەخ، بەڵام باشترین چیرۆکمان دەبێت بۆ گێڕانەوەی». هەرگیز ساموئێل بەمە پێنەدەکەنی، لەبەر ئەوەی دۆزەخ بۆ ئەو شتێکی سامناک بوو. ئێستا لەدوای ئەوەی باوەڕی بە مەسیح هێناوە، نیگەران نەماوە لەوەی حوکم دەدرێت. بەڵام لە ڕاستیدا، ئەو چاوەڕێی ئاسمانی نەدەکرد. تێنەدەگەییشت لەوەی چی وا لە ئاسمان دەکات بەم ڕادەیە مەزن بێت یان واتای چییە کە مرۆڤ لەوێ بێت.

## حوکمدان

لە بەشی یەکەم، بە کورتی باسی ئەو ڕاستییەمان کرد کە خودا دادوەری پیرۆزمانە. کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە لەدوای ئەوەی دەمرین -یان لەدوای ئەوەی عیسا دێتەوە، هەرکامیان یەکەم جار بێت- ڕووبەڕووی حوکمدانی خودا دەبینەوە. لە خوارەوە هەندێک گەواهیدەر هەیە کە ئەم فێرکردنەی تێدا دەبینین:

- پۆڵسی نێردراو قسەی بۆ خەڵکی ئەسینا کرد، پێی ڕاگەیاندن و گوتی: «**لە سەردەمانی نەزانیدا خودا چاوپۆشی کردووە، بەڵام ئێستا فەرمان دەدات بە هەموو کەسێک لە هەموو شوێنێک کە تۆبە بکەن، چونکە ڕۆژێکی**

**دیاری کردووە کە تێیدا لە ڕێگەی ئەو پیاوەی کە دەستنیشانی کردووە، بە دادپەروەری جیهان حوکم بدات. بەڵگەشی بە هەمووان داوە کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە».** (کردار ١٧: ٣٠ – ٣١).

- وە نووسەری نامەی عیبرانییەکان نووسیویەتی: «**وەک بۆ مرۆڤ دانراوە جارێک بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە،**» (عیبرانیەکان ٩: ٢٧)
- وە لە دووەم کۆرنسۆس، پۆڵس بە کڵێسا دەڵێت: «**چونکە دەبێت هەموومان لەبەردەم تەختی دادگایی مەسیح دەربکەوین، تاکو هەریەکە بۆ ئەو شتانەی بەهۆی جەستەوە کردوویەتی شایستەیی خۆی وەربگرێت، جا باش بێت یان خراپ.**» (دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٠)

حوکمدانی خودا بە تەواوی دادپەروەرانەیە لەبەرئەوەی خودا بە تەنها خۆی زانای هەموو بیرۆکە و کردار و ئاراستەکانە. بە پێچەوانەی دادوەرە مرۆڤەکانە، خودا لایەنگر نییە و هەرگیز هەڵە ناکات. وە هەموو شتێک بە تەواوی ڕوونی دەبینێت، بەم شێوەیە هەمیشە حوکمدانەکەی دادپەروەرانەیە (ئاشکراکردن ١٩: ٢).

- «**خودا حوکم بەسەر هەموو کارێکدا دەدات، بە هەموو کارێکی نهێنیشەوە، جا چاک بێت یان خراپ**». (ژیرمەندی ١٢: ١٤)
- «**بەدیهێنراو نییە لەبەرچاوی خودا شاردراوە بێت، بەڵکو هەموو شتێک ڕووت و ئاشکرایە لەبەرچاوی خودا کە هەر یەکێک لە ئێمە دەبێت حیسابی خۆی بخاتە بەردەستی**». (عیبرانیەکان ٤: ١٣)
- «**چاوەکانی لەسەر ڕێگاکانی مرۆڤە؛ ئەو هەموو هەنگاوەکانی دەبینێت**». (ئەیوب ٣٤: ٢١)
- «**تەمبێی سەخت بۆ لەڕێ لادەرە، ئەوەی ڕقی لە سەرزەنشتە دەمرێت**». (پەندەکانی سلێمان ١٥: ٣)

**«کاتێک کوڕی مرۆڤ بە شکۆمەندی خۆیەوە دێتەوە و هەموو فریشتەکانیش لەگەڵیدان، لەسەر تەختی شکۆمەندیی خۆی دادەنیشێت. هەموو نەتەوەکان لەبەردەمی کۆدەبنەوە و ئەویش لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، وەک چۆن شوان مەڕ لە بزن جیا دەکاتەوە. جا مەڕەکان لەلای ڕاستی خۆی ڕادەگرێت، بەڵام بزنەکان لەلای چەپ. ئینجا پاشا**

**بەوانـەی لای ڕاستیەوەن دەفەرمـوێ: "وەرن ئـەی ئەوانەی باوکـم بەرەکەتی پێدان، ببنـە میراتگری ئـەو شانشینە کە لـە دامەزراندنـی جیهانـەوە بۆتـان ئامـادە کـراوە، «دواتـر بەوانـەی لـەلای چەپیـەوەن دەفەرمـوێ: "ئـەی ئەوانـەی کـە نەفرەتتـان لێکـراوە! لێـم دوور بکەونـەوە و بـەرەو ئاگـری هەتاهەتایـی بـڕۆن، ئـەوەی بـۆ ئیبلیـس و فریشـتەکانی ئامـادە کـراوە،... ئەوانـە بـۆ سـزای هەتاهەتایـی دەچـن، بـەڵام ڕاستودروسـتان بـۆ ژیانـی هەتاهەتایـی.»** (مەتـا ٢٥: ٣١ – ٣٤ ، ٤١ – ٤٦)

ئاسـان نییـە ئـەو خاڵەمـان بەسـەردا تێپەڕێـت کـە عیسـا لێـرەدا مەبەسـتێتی: لـە ڕۆژی حوکمـدان، بەشـی کۆتایـی هەیـە بـۆ هەمـوو مرۆڤێـک. هەندێـک کـەس پێیـان دەگوترێـت «**پیرۆزبووانـی بـاوک**»، وە پێشـوازییان لـێ دەکرێـت بـۆ ژیـانی هەتاهەتایـی لـە ئاسـمان، لـە کاتێـکدا کەسـانێکی دیکـە «**نەفرەتلێکـراون**» دەچنـە سـزای هەتاهەتایـی لـە دۆزەخ. هیـچ بژاردەیەکـی دیکـە نییـە. بێبـاوەڕان تاوانبـار دەکرێـن لەسـەر یاخیبوونیـان لـە خـودا، لـە کاتێـکدا گـەلی خـودا خـەڵات دەکرێـن لەسـەر خزمەتکردنـە ڕاسـتگۆییەکەیان، لەبـەر ئەوەی لەسەر خاچی عیسا نرخی گوناهەکانیان دراوە.

با چەند پرسیارێک بکەین بۆ ئەوەی لەم بابەتە گرنگە تێبگەین:

## ئاسمان چییە؟

ئاسـمان ئـەو شـوێنەیە کـە بـە شـێوەیەکی تایبـەت خـودای تێدایـە بـە خۆشەویسـتی و پیرۆزییـەوە. بێگومـان خـودا لـە هەمـوو شـوێنێکدا بـوونی هەیـە، بـەڵام ئاسـمان شـوێنی نیشـتەجێبوونی تایبەتیەتـی (یەکـەم پاشـایان ٨: ٤٣ ، ئیشـایا ٦٦: ١). لەبـەر ئـەم هۆکارەیـە کـە عیسـا فێرمـان دەکات نوێـژ بکەیـن بـۆ باوکـمان «**کـە لـە ئاسـمانە**» (مەتـا ٦: ٩). عیسـا لـەدوای هەسـتانەوەی، بەرزبـۆوە بـۆ ئاسـمان (عیبرانیـەکان ٩: ٢٤) وە ئێسـتا ئـەو لەوێیـە، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی.

ئاسـمان ئـەو شـوێنەیە کـە تێیـدا خواپەرسـتی دەکرێـت و پێـی دڵخـۆش دەبیـن (ئاشـکراکردن ٤؛ عیبرانیـەکان ١٢: ٢٢ – ٢٤). کاتێـک کەسـێکی بـاوەڕدار بـە مەسـیح دەمرێـت، ڕۆحەکـەی دەچێـت بـۆ ئـەوەی لـە ئاسـمان لەگـەڵ عیسـا بێـت (فلیپـی ١: ٢١ -٢٣)، کـە خـودا شـوێنێکی بـۆ دانـاون تێیـدا لـە خۆشـی هەتاهەتاییدا بژیـن (عیبرانیـەکان

١١: ١٣ – ١٦). ئاسمان شوێنی خۆشی و بەرەکەتە، کە خودا بۆ خۆی هەموو تاقیکردنەوە و فرمێسک و ناخۆشییەک دەسڕێتەوە (ئاشکراکردن ٢١: ٤). سەییر نییە کە عیسا ناوی دەنێت بە «بەهەشت» (لۆقا ٢٣: ٤٣)! ژیان لەگەڵ خودا لە ئاسمان مەزنترین شتە کە پێویستە لێی بڕوانین.

## دۆزەخ چییە؟

دۆزەخ شوێنی سزای هەتاهەتاییە بۆ ئەوانەی ڕەتیان کردۆتەوە متمانە بە عیسا بکەن و بە گوناهیانەوە مردون (ئەفەسۆس ٥: ٣- ٦). لە سیپارەی ئاشکراکردن، یۆحەنا ئاشکراکردنێک باس دەکات لەبارەی ئەو کەسانەی بەرەنگاری خودا بوونەوە و چی ڕوویدا:

> **«ئەوە بوو تۆمارە بچووکەکەم لە دەستی فریشتەکە وەرگرت و خواردم، لە دەممدا وەک هەنگوین شیرین بوو، بەڵام کە خواردم گەدەی تاڵ کردم. پاشان پێم گوترا: «دەبێت دووبارە پێشبینی لەسەر خەڵک و نەتەوە و زمان و پاشای زۆر بکەیت»** (ئاشکراکردن ١٤: ١٠ – ١١).

به کورتی، دۆزەخ خراپترین چارەنووسە کە بتوانین بیری لێ بکەینەوە.

## دۆزەخ چیمان فێردەکات؟

دۆزەخ ڕاستییەکی سامناکە، وە لەبەر ئەم هۆکارەیە کەوا هەندێک لە باوەڕداران بە مەسیح هەوڵیان داوە لە چڕی فێرکردنی کتێبی پیرۆز سووک بکەن هەتا کەمتر ترسناک دەربکەوێت.

- هەندێک فێرکردنی ئەوە دەدەن کەوا دۆزەخ شوێنێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ئەوە نموونەیەکە باس لەو شێوازە دەکات کە بە گوناە ژیانمان تێکدەدەن.
- هەندێک فێرکردنی ئەوە دەدەن کە دۆزەخ هەتاهەتایی نییە، بەڵکو شوێنێکە کە خودا گوناهباران لە بێهیواییان دەردەهێنێت بە وێرانکردن و لەناوبردنیان.
- هەندێک نەریتی کڵێسا ئەزموونی دیکەیان داهێناوە بۆ مرۆڤ لەدوای

مردن –وەک «پاککەرەوە»، کە گوناهەکانمان پاک دەکرێتەوە و بە هێواشی بۆ ئاسمان ئامادە دەکرێین.

• وە هەندێک کەس دەڵێن دۆزەخ ئەوەیە کە خودا لەوێ نابێت و واز لە گوناهباران دەهێنێت بۆ ئەوەی بە شێوازی تایبەتی خۆیان بژین. ئەوان بە هۆی بژاردەی ئازادانەی خۆیان لە دۆزەخن.

کێشەی سەرەکی لەم بیروڕایانە ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی ئەوە نییە لە کتێبی پیرۆزەوە فێردەبین. ڕەنگە هەندێک شتی ڕاستی تێدابێت (وەکو، ئەنجامی گوناهی ئێستامان سەیرکردنێکە بۆ ئەوەی کە دۆزەخ چۆن دەبێت)، بەڵام کتێبی پیرۆز ڕوونە سەبارەت بەوانەی لە یاخیبوونی خودادا دەژین کەوا ئەزموونی ئازارێکی بێ کۆتاییان دەبێت. لە ئینجیلی مەرقۆس، عیسا دۆزەخی ناوناوە بە «**گڕێکی نەکوژاوە**» وە ئەو شوێنەی لێیەتی «**لەوێ کرمەکانیان نامرێت و ئاگرەکە ناکوژێتەوە**» (مەرقۆس ٩: ٤٤ – ٤٨). ئەگەر دۆزەخ هەتاهەتایی نەبێت بە زەحمەت لەوە تێدەگەین.

ئەمەش لۆژیکییە، لەبەرئەوەی چۆن دەکرێت گوناە لە دژی خودایەکی سەرمەدی سزایەکی هەتاهەتایی نەدرێت؟ ئەگەر گوناە بریتی بێت لە ناپاکییەک کەسانێک دەیکەن کە ڕۆحێکی هەتاهەتاییان هەیە لە دژی خودای پیرۆزی تەواو کە لە هەموو شوێنێک هەیە بۆ هەتاهەتایە، پێت وایە لە چ خاڵێکی داهاتوو تووڕەیی خودای پیرۆز لە دژی گوناە کۆتایی پێدێت؟

پێویستە وا هەڵسوکەوت نەکەین وەک ئەوەی پێویستمان بە ڕزگارکردنی ناوبانگ و کەسایەتی خودا بێت لە ڕاستی دۆزەخ. لە ڕاستیدا، ڕاستی دۆزەخ هەندێک شتی گرنگمان فێردەکات –بەڵێ، خودا زۆر پیرۆزە و گوناە لە دژی ئەو کارێکی زۆر خراپە. **ئەگەر ئەو شتانەی کتێبی پیرۆز لەبارەی دۆزەخ دەیڵێت نا دادپەروەرانە دەربکەوێت، ڕەنگە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئێمە شکۆمەندی خودا و پیرۆزییەکەی بەڕژدی وەرناگرین.** لەبەر ئەوەی ئەگەر وامان کرد، بیرناکەینەوە لەوەی تەنانەت ئەوەش بخەینە بەرچاو کە خودا بە جۆرێک دادپەروەر نییە بەو شێوازە گوناە سزا بدات. لە ڕاستیدا، سەبارەت بە خودا هەڵە دەبێت ئەگەر بەو شێوازەی بەکاریدەهێنێت گوناهباران سزا نەدات.

**ڕاوەستە**

زۆرێـک لـە خەڵکـی باوەڕیـان نییـە بـە حکومـدانی کۆتایـی یـان دۆزەخ. ئـەو هۆکارانـە چیـن کـە هانـدەرن بـۆ خەڵـک بـاوەڕ بـەم شـتانە نەکـەن؟

## بوونی ئاسمان و دۆزەخ چ جیاوازییەک لە ژیانی ئێستامدا دروست دەکات؟

عیسا زۆر لەبارەی دۆزەخـەوە قسـەی کـردووە، لەبـەر ئـەوە نـا کـە چێـژی وەرگرتـووە لـە ترسـاندنی خەڵـک، بەڵکـو لەبەرئـەوەی زانیویەتـی پێویسـتە لەژێـر ڕۆشـنایی ئەم ڕاسـتییە ترسـناکەدا بژیـن. پێویسـتە زیاتـر گرنگـی بدەیـن بـە دورکەوتنـەوە لـە دۆزەخ. لـەوەی گرنگی بە ئازاری ئێرە بدەین لەسەر زەوی.

- **«ئەگـەر چـاوی ڕاسـتت تووشـی گوناهـی کردیـت، دەریبهێنـە و فڕێیبـدە. بـۆ تـۆ باشـترە ئەندامێکـت لەدەسـت بچێـت، لـەوەی هەمـوو لەشـت فڕێبدرێتـە نـاو دۆزەخ. ئەگـەر دەسـتی ڕاسـتت تووشـی گوناهـی کردیـت، بیبـڕەوە و فڕێیبـدە. بـۆ تـۆ باشـترە ئەندامێکـت لەدەسـت بچێـت، لـەوەی هەمـوو لەشـت بچێتـە دۆزەخـەوە.»** (مەتـا ٥: ٢٩ – ٣٠)
- **«لەوانـە مەترسـن کـە جەسـتە دەکـوژن، بـەڵام ناتوانـن گیـان بکـوژن، بەڵکـو لەوە بترسـن کـە دەتوانـێ جەسـتە و گیـان بـە یەکـەوە لـە دۆزەخـدا لەناوبەرێـت.»** (مەتـا ١٠: ٢٨)

سـوپاس بـۆ خـودا هەروەهـا پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە. ئەگـەر ڕاسـتی دۆزەخ لـە گونـاە دورمان بخاتەوە، ئەوا بەڵێنی ئاسمان بەرە و ژیانی پیرۆزی و گوێرایەڵی هانمان دەدات.

- ڕەنگـە شـوێنکەوتنی پاکیـی کارێکـی قـورس و ماندوێتـی بێـت، بـەڵام لـە ئاسـمان پاداشـتێکی نایـاب چاوەڕێمانـە: **«خۆزگـە دەخوازرێـت بـە دڵپاکـەکان، چونکـە خـودا دەبینـن»** (مەتـا ٥: ٨).
- نووسـەری نامـەی عیبرانییـەکان پێـمان دەڵێـت کـە موسـا بـۆ ئـەوەی لـە ئاسـمان پاداشـت وەربگرێـت گـوتی (نەخێـر) بـۆ خۆشـییە گوناهـەکانی میـسر:
- **«بـە بـاوەڕ کاتێـک موسـا گـەورە بـوو، نەیویسـت بـە کچـەزای فیرعـەون بناسرێـت. بەلایـەوە باشـتر بـوو لەگـەڵ گەلـی خـودا سـووکایەتیی پـێ بکرێـت، لـەوەی لەزەتێکـی کاتیـی لـە گوناهـدا هەبێـت. موسـا ئـەو ڕیسـواییەی لـە پێنـاوی**

**مەسیحدا چێژتی بە سامانێکی گەورەتری دانا لە گەنجینەی میسر، چونکە چاوی لەوە بوو کە خودا پاداشتی بداتەوە».** (عیبرانیەکان ١١: ٢٤ - ٢٦)

## ڕوونکردنەوە

ئەنجامی هەڵسوکەوتی دیاریکراو یارمەتیمان دەدات لە دانی بڕیاری باش. خەڵکی ڕاهاتبوون لەسەر جگەرەکێشان بە شێتانە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا دەزانین دەبێتە هۆی شێرپەنجەی سییەکان. خەڵکی زۆر کەمتر ئامادەن بۆ کێشانی جگەرە. وە بە سادەیی تێچونەکەی زۆرە. خەڵکی ئەوە هەڵدەبژێرێت کە یاساکان پێشل نەکەن بە سادەیی لەبەر ئەوەیە کەوا نایەوێت بچنە بەندیخانە. پێویستە زانینی ئەوەی دۆزەخ چاوەڕێی ئەو کەسانەیە کە لەنێو یاخیبوون لە خودا دەژین پاڵمان پێوەبنێ بۆ ئەوەی بڵێین «نەخێر» بۆ گوناه و لە ڕێگەی باوەڕهێنان بە عیسا لەگەڵ خودا ئاشت ببینەوە.

بە هەمان شێوە، زۆربەی خەڵکی ئامادەن هەندێک جۆری زەحمەتی ماوەکورت ئەزموون بکەن تاوەکو لە داهاتوودا شێکی باشتر ببەنەوە. خەڵکی دەچن بۆ کار، قورسایی بەرزدەکەنەوە، خواردنی تەندروست دەخۆن، دەچنە قوتابخانە، وە پارە کۆدەکەنەوە لەبەرئەوە نا لەوکاتەدا ئەم هەڵسوکەوتانە زیاتر چێژیان پێ دەبەخشێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم هەڵسوکەوتانە پاداشتێکی درێژخایەن دەهێنێت. ئاسمان وەکو ئەوە وایە؛ پاداشتی درێژخایەمانە. ئێمە خۆمان بە دوور دەگرین لە ئارەزووە هەڵەکان لەبەر ئەوەی دەزانین زۆر باشترە کە ئاسمان بەدەست بهێنین لەوەی چێژ لە خۆشییە کاتییەکانی گوناه وەربگرین.

کتێبی پیرۆز زۆر واقیعییانەیە؛ هەرگیز نەیگوتوە کە گوناه هیچ خۆشییەک ناهێنێت. بەهەرحاڵ، هۆکار هەیە وا لە خەڵک دەکات شتی هەڵە بکات!

هەستکردن بە چێژ وا لە خەڵک دەکات لەو ساتەدا هەست بە بارودۆخێکی باش بکات.

دزینی پارە وات لێ دەکات توانای کڕینی ئەو شتانەت هەبێت کە چێژی لێ وەردەگریت.

گوناهی سێکسی چێژی جەستیی دەبەخشێت.

پێویستمان بەوە نییە کە نکۆڵی لەو ڕاستییە بکەین بۆ ئەوەی لە گوناه دوربکەوینەوە.

بەڵام کێشەی گوناه لێرەدایە: خۆشییەکەی زۆر بچوکە و زۆر کاتییە. ساتەکانی خۆشی هەرچییەک بێت کە بەدەستی دەهێنین ناکرێت وا بکات ببیتە شایانی دۆزەخ بە ئەنجامدانی گوناهێک بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتە؛ ئەمە هەرگیز بەراورد ناکرێت بەو خۆشییە هەتاهەتاییەی کە دروست دەبێت لەو کاتەی بۆ هەتاهەتایە لە بارەگای خودا دەبین.

## ساموئێل

لە سەرەتادا، بیرۆکەی سزای هەتاهەتایی وای لە ساموئێل کرد نارەحەت بێت. بەڵام کە بیری لێ کردەوە، بینی ئەو جیهانەی دەیبینێت پڕە لە ستەم؛ هەمیشە بەهێز لاواز دەچەوسێنێتەوە، پیاوان ئازاری ژنان دەدەن. گەورەکان منداڵان دەچەوسێننەوە، وە کەسە خراپەکان باشەکان دەچەوسێننەوە. لە ڕۆشنایی ئەمەوە، ئاسانتربوو بۆی کە چاکی ببینێت لە حکومدانی دادپەروەرانەی خودا.

## ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**«هەموو ئەوانە لە باوەڕدا مردن و بەڵێنەکانیان وەرنەگرت، بەڵکو لە دوورەوە بینییان و پێشوازییان لێکرد، دانیان پێدا نا کە ئەوان لەسەر زەویدا نامۆ و بێگانەن. ئەوانەی ئەو شتانە دەڵێن، دەریدەخەن کە داوای نیشتیمان دەکەن. ئەگەر ئەوان بیریان لەو نیشتیمانە بکردایەوە کە بەجێیان هێشتبوو، ئەوا هەلی گەڕانەوەیان بۆی دەبوو. بەڵام ئێستا ئارەزووی نیشتیمانێکی باشتر دەکەن، کە ئاسمانییەکەیە. بۆیە خودا شەرمی پێیان نییە بە خودای ئەوان ناوببردرێت، چونکە شارێکی بۆ ئامادەکردن.»**
(عیبرانییەکان ١١: ١٣ - ١٦)

## پوختە

لەبەرئەوەی لە وێنەی خودا بەدیهێنراوین، لە کۆتاییدا هەموو مرۆڤێک بەرپرسیارە لەبەردەمی. وە خودا بەڵێنی داوە کە گوناهباران بۆ هەتاهەتایی لە دۆزەخ سزا بدات، بەڵام هەروەها بەڵێنیشی داوە ژیانی هەتاهەتایی لە بەهەشت بداتە هەموو کەسێک کە بە باوەڕ بە مەسیح ئاوڕی لێ بداتەوە. پێویستە ئەم ڕاستییانە پاڵمان پێوە بنێت بۆ ئەوەی بڵێین «نەخێر» بۆ گوناە و چاوەڕێی ئەوە بین لە ئاسمان لەگەڵ خوادا بین.



# مەبەست چییە؟

- کاتێک عیسا دێتەوە،
هەموو شتێک بۆ هەتاهەتایە دەگۆڕێت

# ٩- گەڕانەوەی عیسا

## پوختەی ئەوەی فێری بووین

هەتـا ئێسـتا زۆر خاڵـمان ڕوومـاڵ کـردووە: کەسـایەتی خـودا، بەدیهێنانـی جیهـان، کەوتنـی مرۆڤایـەتی بـۆ نـاو گونـاه، قوربانیـدان بـە عیسـای مەسـیح، وە ڕاسـتی ئاسـمان و دۆزەخ. تەنها یەک بابەتمان دەمێنێت کە ڕووماڵی بکەین: هاتنەوە مەسیح.



## ساموئێل

ئەگـەر ساموئێل بـە تـەواوی ڕاسـتگۆ بێـت، دەبینێـت هەندێـک کات زەحمەتـە بـاوەڕ بـە هەمـوو ئـەوە بـکات کـەوا لـە کتێبـی پیـرۆزدا هاتـووە. بەهەرحـاڵ، ئـەو لەگـەڵ عیسـا قسـە نـاکات و لەگەڵـی ڕێ نـاکات. کارەکـە بـاوەڕی زۆری پێدەوێـت هەتـا هیـوا بخەیتـە سـەر کەسـێک کـە ناتوانیـت ببینیـت، وە بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە ٢٠٠٠ سـاڵ بـاوەڕداران بـە «باوەڕ» ژیان نەک بە «بینین».

بەڵام ڕۆژێک هەموو ئەمانە دەگۆڕێت.

## عیسا دەگەڕێتەوە

کاتێـک عیسـا لـە مـردن هەسـتایەوە، چـل ڕۆژی لەگـەڵ قوتابییـەکانی بەسـەربرد پێـش ئـەوەی بچێتـە ئاسـمان بـۆ ئـەوەی جێگـەی خـۆی بگرێـت لـە شـکۆمەندیدا. وە هەرکـە چووە ئاسمان، قوتابییەکان بەڵێنێکیان وەرگرت بەوەی ڕۆژێک دەگەڕێتەوە:

> **«کاتێـک ئـەو دەڕۆیشـت، ئـەوان سـەرنجیان لـە ئاسـماندا بـوو، ئـەوە بـوو دوو پیـاو بـە جلـی سـپییەوە لەلایانـەوە ڕاوەسـتاون. پێیـان گوتـن: «ئـەی جەلیلییـەکان، بۆچـی ڕاوەسـتاون سـەیری ئاسـمان دەکـەن؟ ئـەم عیسـایە، کـە لەنێوتانـدا بـۆ ئاسـمان بەرزکرایـەوە، چـۆن بینیتـان دەچـووە ئاسـمان، ئـاواش دێتـەوە».** (کـردار ١: ١٠ – ١١)

دیـارە بەمـە سەرسـام نەبـوون، لەبەرئـەوەی عیسـا زۆر ئەمـەی فێرکـردوون. لـە مەتـا (٢٤)

یەکێک لە بۆنەکان دەبینین، کاتێک عیسا باسی خۆی کرد وەک «کوڕی مرۆڤ» و گوتی:

**«لەو کاتە نیشانەی کوڕی مرۆڤ لە ئاسماندا دەردەکەوێت، ئەوسا هەموو نەتەوەکانی زەوی شیوەن دەگێڕن، کاتێک کوڕی مرۆڤ دەبینن بەسەر هەوری ئاسمانەوە بە هێز و شکۆیەکی مەزنەوە دێت. فریشتەکانی بە کەڕەنایەکی دەنگ بەرزەوە دەنێرێت، لە ئاراستەی هەر چوار بایەکە، لەم سەری ئاسمانەوە هەتا ئەو سەری، هەڵبژێردراوانی خودا کۆدەکەنەوە». (مەتا ٢٤: ٣٠ – ٣١).**

لەڕاستیدا، لە هەموو نامەکانی پەیمانی نوێدا، نووسەرەکانی وای دادەنێن کە گرنگە بۆ ئێمە بزانین عیسا دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە، پۆڵس بۆ خەڵکی سالۆنیکی نووسی و گوتی: **«چونکە مەسیحی خاوەن شکۆ خۆی بە دەنگی بەرز فەرمان دەدات، بە دەنگی سەرۆکی فریشتەکان و بە کەڕەنای خودا، لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە و یەکەم جار ئەو مردووانە هەڵدەستنەوە کە لەگەڵ مەسیحدا بوونەتە یەک»** (یەکەم سالۆنیکی ٤: ١٦).

با تەماشایەکی چەند خاڵێکی گرنگ بکەین کە پێویستە لەبارەی گەڕانەوەی عیسا بیزانین.

## هاتنی دووەمی عیسا جیاواز دەبێت لە هاتنی یەکەم

کاتێک یەکەم جار عیسا هاتە سەر زەوی، وێنەی سادەیی و ساکاری بوو. لە بارودۆخێکی ناخۆشدا لەدایک بوو و بە هەژاری ژیا. هیچ شتێکی نائاسایی نەبوو لە ڕوخساریدا کە وات لێ بکات هەست بکەی بە جۆرێک کەسێکی جیاوازە. لە هاتنی یەکەمی، خەڵکی هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو کە داخوا ڕوداوێکی گرنگ ڕوویداوە.

بەڵام هاتنی دووەمی هەرگیز ئاوا نابێت. هەروەک بەڕاستی بینیمان کە «بە هێز و شکۆیەکی مەزنەوە دێت» (مەتا ٢٤: ٣٠). کاتێک عیسا دەگەڕێتەوە، دیمەنێک دەبێت هەموو جیهان دەیبینێت. لە ئینجیلی مەتا، عیسا بە قوتابییەکانی ڕاگەیاند کە باوەڕ بە هیچ کەسێک نەکەن کە بڵێ گەڕانەوەی عیسای بۆ زەوی بینیوە لەبەرئەوەی بێ گومان هەمووان دەزانن کە بەڕاستی دەگەڕێتەوە. ئەمە کارێکە بەسەر هیچ کەسدا تێناپەڕێت:

**«لەبەر ئەوە ئەگەر پێیان گوتن: "ئەوەتا لە چۆڵەوانییە!" مەڕۆن، یان "ئەوەتا لە ژوورەوەیە!" باوەڕ مەکەن، چونکە وەک چۆن هەورەتریشقە دێت و ڕووناکی دەدات لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوا، هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت».** (مەتا ٢٤: ٢٦ – ٢٧)

یەکەم جار عیسا هات بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی ئازار بکێشێت و گوناهباران ڕزگاربکات، بەڵام لە هاتنی دووەم حوکم دەهێنێت بۆ جیهان. لە مەتا (١٦: ٢٧) دەخوێنینەوە نووسراوە: «کوڕی مرۆڤ بە شکۆی باوکیەوە لەگەڵ فریشتەکانی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوسا پاداشتی هەرکەسێک بەپێی کرداری دەداتەوە» (مەتا ٢٤: ٢٦ – ٢٧). وە لە ئاشکراکردن (٢٢: ١٢) عیسا دەڵێت: «ئەوەتا بە پەلە دێم! پاداشتی خۆم پێیە، تاکو پاداشتی هەرکەسێک بەگوێرەی کارەکەی بدەمەوە» (ئاشکراکردن ٢٢: ١٢).

کاتێک لە حکومدان لەبەردەم عیسا ڕادەوەستین، بەشێکی مەزنی ڕووداوەکان ڕوودەدات. هەموو خەڵکی لە مردن هەڵدەستنەوە، بەڵام لەوێ دوو چارەنووسی تەواو جیاواز چاوەڕێیان دەکات. شوێنکەوتووانی عیسا لەسەر گوناهەکانیان حوکم نادرێن (ڕۆما ٨: ١)، لەبەر ئەوەی بەڕاستی عیسا لەسەر خاچ حوکم و سزای ئەوانی وەرگرت. بەڵکو پاداشتێکی باش لە خوداوە وەردەگرن لەسەر کاری خۆشەویستی و گوێڕایەڵییان (دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٠). بەڵام بێباوەڕان بەرپرسیار دەبن لە یاخیبوونیان لە خودا و سزای دادپەروەرانە وەردەگرن لەسەر هەڵسوکەوتەکانیان (بڕوانە بەشی ڕابردوو، گفتوگۆی تایبەت بە دۆزەخ).

## نیشانە دەبێت...

ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە ئەمڕۆ خەڵک دەیکات لە کاتێکدا بیر لە گەڕانەوەی عیسا دەکەنەوە ئەوەیە «کەی ڕوودەدات»؟ وە «چۆن بتوانم بزانم کەی ڕوودەدات؟» ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کاتێک هێشتا عیسا لەسەر زەوی بوو خەڵکی هەمان پرسیاریان دەکرد. لە ڕاستیدا، عیسا هەندێک نیسانەی بە قوتابییەکانی گوت کە لە کۆتاییدا گەڕانەوەی ئەو دەبێت. هەندێک لەو نیشانانە لەو کاتەدا ڕوویدا کە هێشتا قوتابییەکان لە ژیاندا مابوون (وەکو وێرانبوونی پەرستگا و شاری ئۆرشەلیم لەسەر دەستی ڕۆمانییەکان لە ساڵی ٧٠ زاینی، بڕوانە مەرقۆس ١٣: ١ – ١٨). بەڵام نیشانەی

دیکە هەیە کە هەتا ڕاستەوخۆ پێش هاتنەوەی عیسا دەرناکەوێت (وەکو تاریکبوونی خۆر و کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەکان لە ئاسمان، بڕوانە مەرقۆس ١٣: ٢٤ – ٢٦).

## ...بەڵام نازانین کەی

وادیارە زۆرجار مامۆستایەکی شێتی کتێبی پیرۆز ڕایدەگەیەنێت کە نهێنی کتێبی پیرۆزی کردۆتەوە و دۆزیویەتەوە کەی عیسا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە. بەڵام هەمیشە دەردەکەوێت کە ئەوان هەڵەن لەبەرئەوەی عیسا خودی خۆی گوتی کە تەنها خودای باوک ڕۆژ و کاتژمێری گەڕانەوەی دەزانێت. تەنانەت عیسا خۆی دەڵێت کە نازانێت کەی دەگەڕێتەوە!

بەداخەوە کە دەبینین زۆرێک لە باوەڕداران بە مەسیح کات و وزەی زۆریان لە دەست دەدەن لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەوەی داخوا ئەو ڕووداوە دیاریکراوانەی ڕوودەدەن، جەنگ، بوومەلەرزە، دەرکەوتنی سەرکردەیەکی سیاسی کە دەبێتە مایەی هەرەشە، پێش گەڕانەوەی عیسا بکەون. پەیمانی نوێ هەرگیز هانی ئەم جۆرە مەزندانە نادات، بەڵکو ڕاستییەکی واقعانەمان پێدەڵێت سەبارەت بە داهاتوو پێویستە کاربکاتە سەر ئەو شێوازەی کە لە ئێستادا تێیدا دەژین.

لە مەرقۆس ١٣، عیسا شوێنکەوتووانی ئاگادار دەکاتەوە لەبارەی ئەو شێوازەی کە پێویستە لە ڕۆشنایی گەڕانەوەی ئەودا پێی بژین. لەبارەی قسەکردن لە کاتەوە، عیسا گوتی:

> **«سەبارەت بەو ڕۆژ و کاتە کەس نایزانێت، نە فریشتەکان کە لە ئاسمانن و نە کوڕەکە، باوک نەبێت. کەواتە ئاگاداربن و ئێشک بگرن، چونکە نازانن کەی ئەو کاتە دێت. وەک پیاوێکە گەشتی کردبێت، ماڵەکەی بەجێهێشتبێت و دەسەڵاتی دابێتە کۆیلەکانی، هەریەکە و بە ئیشی خۆی، دەرگاوانیشی ڕاسپاردبێت ئێشک بگرێت. لەبەر ئەوە ئێشک بگرن، چونکە نازانن کەی گەورەی ماڵ دەگەڕێتەوە، ئێوارە یان نیوەی شەو، یان لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێر، یان بەیانی. نەوەک لەناکاو بگەڕێتەوە و بتانبینێت خەوتوون. جا ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم، بە هەمووانی دەڵێم: ئێشک بگرن».** (مەرقۆس ١٣: ٣٢ – ٣٧)

زۆر قـورس نییـه لـەوە تێبگەیـن کـە عیسـا لێـرەدا دەیڵێـت. کـەس نازانێـت کـەی دەگەڕێتـەوە، بۆیـە، پێویسـتە هەمـوو ڕۆژێـک لـە چاوەڕوانیـدا بیـن (لەبەرئـەوەی ئێمـە دەزانین دێتەوە) وە دڵنیا نەبین (لەبەرئەوەی نازانین کەی دەگەڕێتەوە).

## ڕوونکردنەوە

بیهێنـە پێـش چـاوت هاوڕێکـەت بـۆ ماوەیـەک چـوو بـۆ شـوێنێکی دوور و ڕێگـەی پێدایـت کـە لـە ماڵەکـەی ئـەودا بمێنیتـەوە. تـۆش خـۆت حەسـاندەوە و کاتێکـی خۆشـت بەسـەربرد. بـەڵام ئێسـتا، هاوڕێکـەت دێتـەوە و ماڵەکـە ئامـادە نییـە. لـە هەمـوو شـوێنێک قوتـوی خـواردن بـڵاو بۆتـەوە، جلوبەرگـی پیـس لـە هەمـوو شـوێنێکە، وە هەمـوو ماڵەکـە بۆنێکـی وەک بۆنـی عەرەقـی لێدێـت. وەک شـێت ڕادەکەیـت و هـەوڵ دەدەیـت پاکـی بکەیتـەوە. ئەگینـا هاوڕێکـەت هەسـت بـە سـووکایەتی دەکات بەهـۆی ئـەوەی بایەخیـت بە ماڵەکەی نەداوە.

باشـە، عیسـا لەسـەر زەوی بەجێـی هێشـتین لەگـەڵ پێشـبینی سـەبارەت بـە شـێوازی ژیانمـان لـە نەبوونـی ئـەودا. وە بـەو پێیـەوەی دەکرێـت لـە هـەر سـاتێکدا بگەڕێتـەوە، کات نابێـت بـۆ خـۆ ئامادەکـردن بـۆ گەیشـتنەوەی. وە ئەمـە هۆکارێکـی گونجـاوە بـۆ دڵنیابـوون لەوەی ئێمە هەموو ڕۆژێک بە خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوەی دەژین.

### ڕاوەستە

بـە ڕای تـۆ، واتـای چییـە ئامادەبیـن بـۆ گەڕانـەوەی عیسـا؟ ئـەو شـتانە چیـن کـە پێـت وایـە دەیەوێـت ئێمـە بیکەیـن لـە کاتێکـدا ئـەو هێشـتا «دوورە»؟ ئـەو شـتانە چیـن کـە پێویسـتە نەیکەیـن.

**«چونکـە خۆتـان بـاش دەزانـن، هاتنـی ڕۆژی یـەزدان وەک هاتنـی دز وایـە لـە شـەودا. کاتێـک خەڵکـی دەڵێـن: «ئاشـتی و ئاسایشـە» دەسـتبەجێ مـردن دێتـە سـەریان، وەک ژانـی ژنـی سـکپڕ لـە ناوەختـدا دێـت و ناشـتوانن دەربازیـان بێـت. بـەڵام ئێـوە خوشـکان، برایـان، لـە تاریکیـدا نیـن تاکـو ئـەو ڕۆژە وەک دز لەنـاکاو بێتـە سـەرتان، چونکـە**

**هەمووتـان ڕۆڵـەی ڕووناکـی و ڕۆژن. ڕۆڵـەی شـەو یـان تاریکـی نیـن. کەواتـە ئێمـە وەک خەڵکـی دیکـە ناخەویـن، بەڵکـو بـا ئێشـک بگریـن و وریابیـن، چونکـە ئەوانـەی دەخـەون بـە شـەو دەخـەون و ئەوانـەی سـەرخۆش دەبـن بـە شـەو سـەرخۆش دەبـن. بـەڵام ئێمـەی ڕۆڵـەی ڕۆژ با وریـا بیـن و زرێـی بـاوەڕ و خۆشەویسـتی لەبـەر بکەیـن و هیـوای ڕزگاری وەک کڵاوی ئاسـنین لەسـەر بکەیـن،»** (یەکـەم سـالۆنیکی ٥: ٢ – ٨)

## لەدوای حوکمدان چی ڕوودەدات؟

گەڕانـەوەی عیسـا مێـژووی جیهـان دەگەیەنێتـە کۆتاییەکـی کتوپـڕ و کارەسـاتبار. هەموو کارێـک کـە مـرۆڤ کردوویـەتی لـە هـەر چەرخێکـدا دەهێنرێتـەوە بـەر ڕووناکـی و دادگایـی دەکرێت.

بـەڵام ئـەو کۆتاییـە لـە ڕاسـتیدا تەنهـا سـەرەتای جیهانێکـی نـوێ و نایابـە. لێـرەدا ئـەوە دەبینین کە کتێبی پیرۆز دەڵێت لەدوای ئەوە ڕوودەدات:

١. **جیهـانی کـۆن کۆتایـی دێـت و دەخرێتـە لاوە.** لـە دووەم پەتـرۆس ٣ دەخوێنینـەوە: «**بـەڵام هاتنـی ڕۆژی یـەزدان وەک هاتنـی دز وایـە، تێیـدا بـە دەنگێکـی بـەرز ئاسـمان نامێنێـت، بـە سـووتان توخمـەکان لەناودەچـن، زەوی و ئـەو کارانـەی تێیدایـە نامێنێـت**» (دووەم پەتـرۆس ٣: ١٠).

٢. **خـودا ئاسـمانێکی نـوێ و زەوییەکـی نـوێ دەهێنێـت.** ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ پەیـمانی کـۆن، لـە ئیشـایا ٦٥ دەبینیـن، خـودا بەڵێنـی دا کـە ئاسـمانی نـوێ و زەوی نـوێ دروسـتبکات. وە لـە کۆتایـی کتێبـی پیـرۆزدا، لـە ئاشـکراکردن ٢١، یۆحەنـای نێـردراو هاتنـەدی ئـەم بەڵێنـەی بینـی:

> **«پاشـان ئاسـمانێکی نـوێ و زەوییەکـی نوێـم بینـی، چونکـە ئاسـمانی یەکـەم و زەوی یەکـەم بەسـەرچوون، ئیـتر دەریـاش نەمـا. شـارە پیرۆزەکـەش، ئۆرشـەلیمی نوێـم بینـی لـە ئاسـمانەوە لەلایـەن خـوداوە دەهاتـە خـوارەوە، وەک بووکێکی ڕازاوە بـۆ زاواکـەی ئامـادە کرابێـت. گوێـم لـە دەنگێکـی گـەورە بـوو لـە تەختەکـەوە فەرمـووی: «ئەوەتـا نشینگـەی خـودا لەگـەڵ خەڵـک، ئەویـش لەگەڵیـان نیشـتەجێ دەبێـت.**

**ئەوانیش دەبن بە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵیاندایە و دەبێتە خودای ئەوان. ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون»».** (ئاشکراکردن ٢١: ١ – ٤)

وەک کەسانێک دەژین لە ژیانێکی شێواو بە کاری گوناە و ئازار، تەنانەت قورسە کە ئەندێشەی ئەوە بکەین ئەو شوێنە چۆن دەبێت. بەڵام هیوایەکی سەرسوڕهێنەرمان پێشکەش دەکات کە ڕۆژێک دێت چیتر ئەزموونی ئازار و پەشیمانی و گوناە ناکەین. ڕۆژێک، هەموو ئەو شتە خەمناک و هەڵانە تەنها «کارەکانی سەرەتا» دەبێت.

٣. **بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خودا دەژین.** کاتێک باوەڕداران دەمرن، ڕاستەوخۆ ڕۆحەکانیان دەچێت بۆ ئەوەی لە ئاسمان لە ئامادەگی خودا بێت (فیلیپی ١: ٢٣؛ لۆقا ٢٣: ٤٣). کاتێک عیسا دێتەوە، جەستەی شکۆمەندمان دەبێت کە نەچۆتە ژێر باری گوناە و مردن و نەخۆشییەوە. لەم جەستە نمونەییەدا کە بێگوناهە بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خودا دەژین، تەواو وەک ئەوەی کە بەدیهێنراین بۆ ئەوەی بژین. خودا لەنێوماندا نیشتەجێ دەبێت، ئێمەش لە ئامادەگی ئەودا دەبین.

## ساموئێل

ژیانی ساموئێل سیمای قورسی پێوەیە. بەڵام کاتێک سەرنج دەداتە ئەو ڕاستییەی کەوا کێشە بۆ هەتاهەتایە بەردەوام نابێت، هانی دەدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەگەڵ خودا. ڕۆژێک، هەموو کێشە و ململانێکانی کۆتایی دێت بەبێ گەڕانەوە، وە بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خوادا دەبێت. بەڵام هەتا ئەو ڕۆژە، دەتوانێت بەردەوام بێت لە ڕێکردن لەگەڵ عیسا و چاوەڕێی گەڕانەوەی بێت.

## ئایەت بۆ ئەزبەرکردن

**«شایەتی ئەمانە دەفەرموێ: «بەڵێ، بە پەلە دێم.» ئامین! وەرە، عیسای خاوەن شکۆ».** (ئاشکراکردن ٢٢: ٢٠)

## پوختە

کتێبی پیرۆز و مرۆڤایەتی لە بەهەشت لە ئامادەگی خودادا دەستی پێکرد. نە گوناه هەبوو نە مردن. کاتێک ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، ئەم تەواوییە لەدەست درا. بەڵام لە کۆتایی کتێبی پیرۆز، دەبینین خودا پلانی هەموو ڕێگەکەی کێشاوە بۆ ئەوەی بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو جۆرە ژیانە لەو جۆرە جیهانەدا. وە هەروەک ئەوەی ئەمە بەس نەبوبێت، زۆر هەواڵی باش هەیە! تەنها ژیانی هەتاهەتایی لەگەڵ خودا لە بەهەشت بەسەرنابەین، بەڵکو (بە پێچەوانەی باخچەی عەدەن) هەرگیز ناتوانین ئەم بەهەشتە لەدەست بدەین، لەبەرئەوەی نە گوناه هەیە نە تاقیکردنەوە و نە فرمێسک.

# دە هەنگاوی سەرەتا

ئـەم زنجیـرە کتێبـەی خوێنـدن بـۆ بەقوتابیکـردن و فێرکردنـی کتێبـی پیـرۆز، لـە زنجیرەی دە هەنـگاوی سـەرەتای ٩نیشـانەکە، دارێـژراوە بـۆ ئـەوەی یارمەتیـت بدات لـە بیرکردنەوەی قووڵ لە هەندێک پرسیاری گرنگ لە ژیان.

١. **خودا**: ئایا بوونی هەیە؟

٢. **جەنگ**: بۆچی ژیان قورستر بووە؟

٣. **دەنگەکان**: گوێ لە کێ بگرم؟

٤. **کتێبی پیرۆز**: ئایا دەتوانین متمانەی پێ بکەین؟

٥. **باوەڕ**: پێویستە چی بزانم؟

٦. **کەسایەتی**: چۆن بگۆڕێم؟

٧. **ڕاهێنان**: چۆن بژیم و گەشە بکەم؟

٨. **کڵێسا**: ئایا پێویستە بۆی بچم؟

٩. **پەیوەندییەکان**: چۆن شتەکان ڕاست بکەمەوە؟

١٠. **خزمەت**: چۆن ببەخشم لە بەرامبەر ئەوەی وەرمگرتووە؟

# ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە سەرچاوەی کتێبی پیرۆز و کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

١. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
٢. یەزداناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
٣. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیروز
٤. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
٥. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیروز
٦. ئەندامێتیی کڵێسا
٧. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
٨. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
٩. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٣٠ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە, تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. بڕوانە لیستی تەواوی زمانەکانی ماڵپەڕەکەمان لە:

٩marks.org/about/international-efforts/

9Marks.org

20schemes
Gospel Churches for Scotland's Poorest

خزمەتی 20schemes بۆ ئەوە هەیە هیوای ئینجیل بۆ هەژارترین کۆمەڵگاکانی سکۆتلەندا بهێنێت لە ڕێگای چالاککردن و چاندنی کڵێسای تەندروست کەوا بە ئینجیل بدوێت، وە لە کۆتاییدا بەرەو نەوەی داهاتووی ڕابەرانی کڵێسای ناوەخۆیی ڕابەرایەتی دەکات.

«ئەگەر بەڕاستی جیاوازی دەبینین لە ژیانی دانیشتووانی هەژارترین کۆمەڵگاکانمان، ئەوا پێویستە بە خۆشحاڵییەوە ستراتیژییەکی بنەڕەتی و درێژخایەن قبووڵ بکەین کە هیوای ئینجیل بهێنێت بۆ هەزاران کەس و خەڵکێکی بێشومار».

**مێز مکۆنیڵ**، بەڕێوەبەری خزمەت

باوەڕمان وایە بنیادنانی کڵێسای تەندروست لە هەژارترین کۆمەڵگاکانی سکۆتلەندا نوێبوونەوەیەکی ڕاستەقینە و بەردەوام و درێژخایەن دەهێنێت بۆ ژیانی خەڵکانێکی بێشومار.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کارەکانمان و چۆنیەتی بەشداریکردن لەگەڵمان لە:

20chemes.com
Twitter.com/20schemes
Facebook.com/20schemes
Instagram.com/20schemes

کاتێک بۆ یەکەم جار دەست دەکەیت بە چوون بۆ کڵێسا، هەندێک جار لەلات وا دەردەکەوێت کە هەمووان زۆرێک لەو چەمکانە دەزانن کەوا تۆ لێی تێناگەیت. وا دیارە ئەوان لە شتەکان پێشکەوتوون، وە تۆ زانیت چۆن ئەوانەیان زانیوە. وەڵامەکەی ئەوەیە ئەوان لە کتێبی پیرۆزەوە فێربوون.

کتێبی پیرۆز تەنها کتێبێکی گەورە نییە پڕ بێت لەو چیرۆکانەی لەمێژە ڕوویان داوە، پێمان دەڵێت کەوا پێویستە باوەڕمان بە چی هەبێت دەربارەی خودا و ژیان، وە لەدوای ئەو ژیانە چی ڕوودەدات. هەندێک جار باوەڕداران بە مەسیح زۆر وشەی ئاڵۆز بەکاردەهێنن بۆ وەسفکردنی ئەم شتانە، بەڵام ئەم دابەشکارییە کورتەیەکە لە هەریەک لەوانەی پێویستە بیزانیت دابەشکارییەکی ئاسانە بۆ تێگەیشتن لێی.

مایک ماکنیلی سەرچاوەیەکی خوێندنی ئاسان و ڕۆشنی نووسیوە بۆ خوێندنەوە و لەبەردەست دایە. سەرچاوەیەکی نموونەییە بۆ ئەو کەسەی دەستی کردووە بە ژیانی باوەڕدارانە بە مەسیح و هەوڵ دەدات یەکەمین هەنگاوەکانی بنێت لە ڕێگای بەقوتابیبوون بە دانایی و سەرڕاستی و دڵسۆزییەوە بۆ ڕاستی کتێبی پیرۆز.

جۆش مودی
شوانی سەرەکی کڵێسای کولیدج لە ویتۆن، ئەلینۆی
دامەزرێنەر و سەرۆکی خزمەتەکانی
ژیانێک لە دەوری خودا

**مایک ماکنیلی**، شوانی سەرەکی کڵێسای ستیرلنگ پارکی لەئاوهەڵکێشی لە ستیرلنگ، ڤێرجینیا، وە نووسەری ژمارەیەک کتێبە، لەوانە «**ئایا بەڕاستی من باوەڕدارم بە مەسیح؟**» و «**چاندنی کڵێسا بۆ ترسنۆکەکانە**» وە «**ئایا شەیتان وای لێکردم بیکەم؟**»، لەگەڵ کارنی هاوسەری پێنج منداڵی هەیە.

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

IX 9Marks
www.9marks.org